## د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بۆ گوڵان:


# ئەو کەسانەی بۆ پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکان دەستنیشاندەکرێن نابێت خەڵکانێک بن پێشتر تاقیکرابنەوە و دژی کورد بن

سالَی پار دوای دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی سیاسیی عێراق لە قەیرانێکی گەورە رزگار کرا و توانرا لایەنە سەرەکییەکان رێکبکەون بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق پێکبهێنن، بەڵام هەتا ئێستاش چەندین مەسەلە کە لەو رێککەوتنە ئیمزای لەسەر کراوە، بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و جێبەجێ نەکراون. بۆ قسەکردن لەسەر پرسە هەڵواسراوەکان وەك پرسی پڕکردنەوەی پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکان و دامەزراندنی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان و هەروەها پرسی مانەوە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدرالی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.



**• وەك بەرپرێتان ئاگادارن دوای دەستپێشخەرییەكەی جەنابی سەرۆك بارزانی، ساڵی پار لایەنە سەرەكییەكانی عێراق توانیان حكومەت پێكبهێنن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت، ئەو رێككەوتنەی لەئاكامی ئەو دەستپێشخەرییە هاتە ئاراوە هەمووی جێبەجێ نەكراوە، بۆیە دەكرێت بڵێین پرۆسەكە كۆتایی نەهاتووە، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەو رێككەوتنەی لەئاكامی دەستپێشخەرییەكەی بارزانی هاتە ئاراوە جێبەجێ كراوە و ئێستا پرۆسەكە بەكوێ گەیشتووە؟**

- ئەو قەیرانەی ئێستا لە ئارادایە، دوو لایەنی هەیە، دەتوانین دوو خاڵ بخەینەروو كە نیشانە و خەسڵەتی ئەو قەیرانەن كە ئێستا هەیە: یەكەمیان بریتییە لە جێبەجێنەكردنی



**هەندێ لێدوانی لیستی ئەلعێراقیەم بیستووە كە رەنگە عەللاوی بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە و سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاكان وەربگرێتەوە**

هەندێ لە خاڵەكانی ئەو رێككەوتنەی كە لەسەر ئەساسی «رێككەوتنەكە» حكومەت پێكهێنرا، واتە جێبەجێنەكردنی ئەو رێككەوتنامەیەی لە سێبەری دەستپێشخەرییەكەی بارزانیدا ئەنجامدرا، دووەمیان پرسی وەزارەتە ئەمنییەكانە. لە راستیدا جەنابی بارزانی دەستپێشخەرییەكەی دەستپێكردووە، كە لەوانەیە زۆر بە ئاشكرا نەبێت، بەڵام دەستپێشخەرییەكە ئەوەیە ئێستا ئێمە لە بەغدا پەیوەندی دەكەین بە كوتلەكانەوە و لەگەڵیان كۆدەبینەوە و لێیان نزیك دەبینەوە و «جس النبض» دەكەین بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەك ئامادەییان تێدایە بۆ جێبەجێكردنی ئەو رێككەوتنامەیەی لە دەستپێشخەرییەكەی بارزانی كەوتەوە، دووەمیان بەدواداچوونی پرسی پڕكردنەوەی پۆستە ئەمنییەكانە. لەم ماوەیەدا سەرۆكایەتی دوو كۆبوونەوەم لە بەغدا كردووە، كوتلەكان هەموو ئامادەبوون، ئەو كوتلانەی كاتی خۆی لەگەڵیاندا رێككەوتبووین، بەپێی ئەو كەشەی لە ئارادایە، بەپێی ئەو دەرئەنجامەی هەیە، پێدەچێت ئامادەكارییەكی باش هەبێت بۆ جێبەجێنەكردنی رێككەوتننامەكە. مەبەستم چییە لە جێبەجێنەكردنی رێككەوتننامەكە؟ مەبەستم جێبەجێكردنی ئەو مەسەلانەی ماونەتەوە، وەك جێبەجێكردنی ئەنجومەنی نیشتمانی سیاسەتە باڵاكانە، رێككەوتووین لەسەر ئەوەی جێبەجێی بكەین، كە یاساكەی بنێرینە پەرلەمان، هەروەها رێككەوتووین لەسەر ئەو خاڵەی جێگەی موناقەشە بوو، ئەویش بریتی بوو لەوەی چ دەزگایەك سەرۆكی ئەو ئەنجومەنە دەستنیشان دەكات، بۆ نموونە ئەلعێراقیە داوای دەكرد پەرلەمان هەڵیبژێرێت، هاوپەیمانی نیشتمانی داوای كرد ئەنجومەنەكە خۆی لە ناوخۆیدا هەڵیبژێرێت. ئێمە پێشنیاری ئەوەمان بۆكردن ئەنجومەنەكە هەڵیبژێرێت و پەرلەمان وەك هەر وەزیرێك یان بەرپرسێكی باڵا موسادەقەی لەسەربكات. پێشبینی من ئەوەیە ئەو پێشنیارە قبوڵبكرێت و هەنگاوی باش هەڵبگیرێت بە ئاراستەی دروستكردنی ئەو دەستەیە. من لە هەندێ لە لێدوانەكانی لیستی ئەلعێراقیەم بیستووە كە رەنگە عەللاوی بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە و سەرۆكایەتی ئەو دەستەیە بگرێتەئەستۆ، واتە لەم رووەوە ئەلعێراقیەش هاتوونەتە پێشەوە. ئەمە دیوێكی ئەو رێككەوتننامەیەیە، كە شتی دیكەش لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە ئەو خاڵانەی لەگەڵ كوردستان ئیتیفاقی لەسەر كراوە، كە پێویستە هەمووی جێبەجێبكرێت، ئێستا رێككەوتن كراوە لەسەر ئەوەی وردە وردە دەستبكەن بە جێبەجێكردنی. ئێستا یاساكە لە پەرلەمانە و پێویستە لەوێ گفتوگۆی لەسەر بكرێت و نوێنەرانی هەرێمیش بچنەئەوێ، ئەمە جگە لە ئەندامانی پەرلەمانی خۆمان، كە كاتێك گفتوگۆی لەسەركرا، ئەوانیش راوبۆچوونی خۆیان دەستنیشان بكەن لەسەر ئەو رەشنووسەی كاتی خۆی رێككەوتنی لەسەر كراوە. ئەوە لە هەل و مەرجێكدا ئەو رێككەوتنە كراوە، ئێستا هەل و مەرجێكی نوێ هاتووتە پێشەوە، ئەویش پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. هەروەها مەسەلەی چاكسازی دەستەی قەزا، مەسەلەی چاكسازی و ئیدارە، مەسەلەی دروستكردنی هاوسەنگی لە وەزارەتەكاندا، وەزارەت هەیە هەمووی هەر یەك لایەنە، وەزارەت هەیە دوو لایەنە، وەزارەت هەیە یان هەر سوننەیە، یان هەر شیعەیە، واتە هاوسەنگییەك دروستبكرێتەوە كە هاوسەنگی دەستووری پێ دەڵێن، بە تایبەتی لە وەزارەتەكانی حكومەتی ئیتیحادی، تۆ ناتوانیت هاوسەنگی لە كەربەلا، یان نەجەف یان بەسرە دروست بكەیت، بەڵام لە موسڵ دەكرێت لەگەڵ كورددا، بەپێی قەبارە و توانای پێكهاتەكان، ئەوە لە موسڵ، بەڵام لە زۆر شوێندا ناتوانیت ئەو هاوسەنگییە دروستكەیت، بەڵام بە تەئكید دەبێت وەزارەتە ئیتیحادییەكان هاوسەنگییەكی دەستووری تیاهەبێت، كە نوێنەرایەتی هەموو پێكهاتەكانی تیابكرێت و لەهەمان كاتیشدا نوێنەرایەتی پارێزگاكانیشی

**ئەو قەیرانەی ئێستا لە ئارادایە، دوو لایەنی هەیە، یەكەمیان بریتییە لەجێبەجێنەكردنی هەندێ لە خاڵەكانی ئەو رێككەوتنەی لە سێبەری دەستپێشخەرییەكەی بارزانیدا ئەنجامدرا، دووەمیان پرسی وەزارەتە ئەمنییەكانە**

تیابكرێت، چونكە ئەوە گلەییەكی گەورەیە. ئەمانە دەكرێت و رێككەوتنیان لەسەر كراوە، كە لە چەند رۆژی داهاتوودا، لەوانەیە لەگەڵ هەموو كوتلەكاندا ئەم رێككەوتنە بكەین و خشتەیەكی زەمەنی بۆ دادەنێین بۆ جێبەجێكردنیان. دەمێنێتەوە سەر وەزارەتە ئەمنییەكان، تا وەزارەتە ئەمنییەكان پڕنەكرێنەوە، ئەوا حكومەت كامڵ نییە، پێكنەهێنراوە بەتەواوەتی، كەموكورتییەكی تیایە، لە راستیدا وەزارەتە ئەمنییەكان مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، چونكە ئەگەر بەباشی ئەو وەزیرانە دەستنیشان نەكرێن و ئەگەر بەباشی لایەنی ئەمنی بەڕێوە نەبردرێن، ئەوا بۆی هەیە هەموو بارودۆخەكە تێكبدات، لەبەر ئەوە دەبێت

هەلوەســـتەیەکی زۆری لەســـەربکرێت، بە تایبەتی ئێمەی کوردیش بزانین چیی باشە بکرێت، بۆ نموونە مومکین نییە وەزارەتێکی وەك وەزارەتی بەرگری تەســـلیم بە کەسێك بکرێت کە تاقیکراوەتەوە کەســـێکی خراپە و دژ بە کـــوردە، تەنانەت ئەگەر هاوپەیمانی نیشـــتمانیش بیەوێت، یان وەزارەتی ناوخۆ تەسلیمی کەســـێك بکەین کە پێشتر بزانین کەســـێکی خراپە، یان بەعســـیە و شتێکی زۆر خراپ دەکات. لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوانـــەی هاوپەیمـــان و دۆســـتی ئێمەن، دەبێت زۆر بـــە وردی ڕەچاوی ئەوە بکەین ئەو کەســـایەتیانەی هەڵدەبژێردرێن حوکمی پێشوەختی لەسەر کێشەی کورد نییە، حوکمی پێشوەختی لەســـەر ئەو پرۆسە دیموکراسیە نییە کە لە عێراقدا هەیە، حوکمی پێشوەختی لەسەر دەســـتوور نییە، چونکە هەندێکیان دەڵێن ئێمە دەســـتوور دەنووسینەوە، واتە سەر لەنوێ دەینووسنەوە، هەندێ کەس ئەوانەی

**مەسەلەی مانەوە یان کشانەوەی هێزە ئەمریکیەکان، مەسەلەیەکە پێوەندی بە هەموو عێراقەوە هەیە. جەنابی سەرۆك بارزانی وای پێ باشە هەموو لایەنەکان دابنیشن و یەك هەڵوێستیان هەبێت**

ئەندامی عێراقیەشن، بەڵام لایەنی تر ئەوە ناڵێن. باسی هەندێ هەمووارکردنیش دەکرێت کە مومکینە ئینســـان بتوانێت دانوستاندنی لەســـەر بکات، بۆیە لە مەسەلە ئەمنیەکانە تا ئێستا ڕێککنەکەوتووە، چونکە ئەلعێراقیە پێداگیری دەکات لەســـەر ئـــەوەی خۆی یەکێك بـــۆ وەزارەتی بەرگـــری بپاڵێوێت، هاوپەیمانی نیشتمانی دەڵێت ڕێککەوتنەکە بەو شـــێوەیە نییە کە ئەلعێراقیە یەکێك بۆ وەزارەتی بەرگری دەستنیشان بکات، بەڵکو ڕێککەوتنەکە ئەوەیە کە کەســـێکی سوننی بۆ وەزارەتی بەرگری و کەســـێکی شیعە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەو کەسایەتیانە ناسراوبن بە نیشتمانپەروەرێتیان، بە نەزاهەتیان و هەموو لایەکیش ڕازی بێت لەسەری، نەك بە تەنیا یەك لایەن لەسەری ڕازیبێـــت، ئێســـتا مالیکی دوو کەســـی کاندیدکردووە بۆ ئەو دوو پۆستە، ئەوەندەی من بیزانم، جەنابی سەرۆك بارزانیش دەیانناسێت، بە خەڵکێکی باش دادەنرێن، ڕاستە مالیکی تەرشـــیحی کردوون، یەکێك لەوان ســـەعدون دلێمی-یە، ئەوی تریشـــیان تۆفیق یاسریە، ئەمانە لە موعارەزە لەگەڵماندابوون، ڕۆڵیان هەبووە لە پرۆســـە سیاسییەکە، هەڵوێستیان بەرامبەر کورد باشە، باوەڕیان بە دەستوورەکە هەیە، لە هەمان کاتدا نە حزبی دەعوە و نە جەماعەتی ویفاقن، نە سەر بەم حزبە یان ئەو حزبەن. واتە دەتوانین بڵێین کەسایەتیگەلێکی تا ڕاددەیـــەك بێلایەنن، لەبەر ئەوە مەقبولن لەلایەن کوردەوە و ئەمانە قبوولدەکرێن. ئێمە پێمانوایە و پێویستە ئەلعێراقیەش هەنگاوی تر بنێت، کە لە ڕاستیدا مالیکیش هەنگاوێك چۆتەپێشـــێ، کە کەســـایەتی بۆ وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ دەستنیشانکردووە کە بە کەســـایەتی خۆی ئیعتیبار ناکرێت، ئێمە لەســـەر ئەوەش ئیشدەکەین، ئەویش لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی. کەواتە وەك ئەوەی باســـم کـــرد، لە لایەك تەواوکردنـــی حکومـــەت، لایەنێکی دیکە ئەوەیـــە کێشـــەیەکی تر هەیە کـــە ئەویش کێشـــەیەکی ئەساســـیە، ئەویش مانەوە یان پاشەکشـــەی هێزەکانی ئەمریـــکا، جەنابی سەرۆك داوای کردووە ئێمە بچین، دانیشین لەگەڵیانـــدا، کۆبوونەوەیـــان لەگەڵدابکەین و «جـــس النبض» بکەیـــن، بزانین تا چ ڕاددەیەك مومکینە چارەسەرێکی مامناوەند بدۆزینەوە کە ئەو لایەنانە هەمووی لەسەری کۆکبن.

**• خوێندنەوەی جەنابتـــان چییە بۆ ئەو کۆدەنگیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیە لەســـەر ئەوەی جەنابی ســـەرۆك دەستپێشـــخەری بکات بۆ یەکلاکردنەوەی ئـــەو قەیرانانەی کە مەترسی ئەویان لێدەکرێت سەربکێشن بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی عێراق؟**

- دەستپێشخەرییەکەی بارزانی سەرکەوت بۆ پێکهێنانی حکومـــەت و بۆ هەڵبژاردنی دەزگا ئەساســـییەکان و ڕێوشـــوێنی دانا بۆ ئەوەی حکومەتێکی ڕێکوپێـــك لە عێراقدا بێتەکایـــەوە و ئیشـــی خۆی بـــکات، ئەمە هونەری ئەوەدەستپێشـــخەریە بـــوو کە کاتی خـــۆی ســـەرکەوتین تیایدا. هەروەك باســـم کرد ئێســـتا ئەم دەستپێشـــخەرییە بەردەوامە و ئیشـــارەی پێداوین کە «جس النبض»ی هێزەکان بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئامادەن بـــە ڕێك و پێکـــی هەمـــوو ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکەن و چارەســـەری ئەو پێشهاتە نوێیانەش بکەن کە هاتوونەتەپێشێ، ئەو کاتە مومکینە بە ڕەســـمی بانگهێشتیان بکەین بـــۆ هەولێر یان شـــوێنێکی دیکە بۆ ئەوەی کۆببینەوە بۆ ئەوەی لەمەساتی کۆتایی یان خاڵە کۆتاییـــەکان جێگیر بکەین، بۆ ئەوەی ســـەرلەنوێ دەست بە ئیشـــێکی ڕێکوپێك بکەینەوە و عێراق بخەینەوە ســـەر ســـکە. من پێمخۆشـــە ئاماژە بەوە بکەم بێجگە لە دەستپێشـــخەرییەکەی بارزانی و تەواوکردنی حکومەت و جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەســـەر ئەساسی دەستپێشـــخەرییەکەی بارزانـــی ئەنجامدرابـــوو، دەبێـــت دیســـان هەڵوەستەیەك بکەین لەســـەر مانەوەی هێزە ئەمریکیەکان، مەسەلەی هێزە ئەمریکیەکان



**ئەو خاڵانەی لەگەڵ کوردستان ئیتیفاقی لەسەر کراوە. پێویستە هەمووی جێبەجێبکرێت. ئێستا ڕێککەوتنکراوە لەسەر ئەوەی وردە وردە دەستبکەن بە جێبەجێکردنی**

ئەوەنییـــە لایەنێـــك بڵێت مـــن پێوەندیم بەو مەسەلەیەوە نییە و لایەنێك بڵێت من پێوەندیم بەو مەسەلەیەوە هەیە، یان خۆی دووربگرێت لێـــی یاخود خۆی بە محایـــد بزانێت، ئەمە ڕاســـت نییە، ئەمە مەسەلەیەکە پێوەندی بە هەموو عێراقەوە هەیە، لێرە ڕاو و بۆچوونی جەنابـــی ســـەرۆك وایە نابێـــت لایەنێك بە تەنیـــا بەجێبێڵێت، دەبێـــت لایەنەکان هەموو دابنیشن و یەك هەڵوێســـتیان هەبێت، بیری لێبکەنەوە، موناقەشـــەی بکەن و بگەنە یەك هەڵوێست، ئەویش بە مانەوەی هێزەکان یان بە چوونەدەرەوەی هێزەکان، ئینجا ئەگەر بمێننەوە چۆن بمێننەوە، ئەگەر بچنە دەرەوە چۆن بچنە دەرەوە. ئەگەر دەستپێشخەرییەکی نوێ کرا، ئەمەش بەشێك دەبێت لەو دەستپێشخەرییە.

# حکومەتی عێراق لەنێوان بەدواچوونەوە بەکاری وەزارەتەکان و بڕیاردان لەسەر کشانەوە و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا



حکومەتی عێراق بێجگە لەکێشەی پڕکردنەوەی پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ وتووێژکردن لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکان بۆ بڕیاردان لەسەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەئێستا بەدواوە ڕووبەڕووی ئەوەش دەبێتەوە کە هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق بکات، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق داوای کردبوو، وەزارەتەکان لەماوەی ١٠٠ ڕۆژدا بەرنامەی خۆیان ئامادە بکەن و دەستبەکار بن، ئێستا کە لەسەروبەندی کۆتایی ئەو ١٠٠ ڕۆژەداین پرسیار ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراق دوای ئەم ١٠٠ ڕۆژە چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت و چۆن کاری وەزارەتەکانی ئاراستە دەکات، هەروەها چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات، بەتایبەتی کە لایەنێکی سەرەکی لەحکومەتی مالیکی کە تەیاری سەدرە زۆر بەتوندی دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ڕاو بۆچوونی چەند کەسایەتیەکی عێراقیمان وەرگرتووە کە ئەمە بۆچوونەکانیانە:

## دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی کاری وەزارەتەکان

جەمال بەتیخ وەك یەکێك لەوەزیرەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، سەبارەت بەئیشکالیەتی تەفسیرکردنی ئەو ١٠٠ ڕۆژەی سەرۆك وەزیرانی عێراق داوای کردبوو بۆ ئەوەی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق بەرنامەی خۆیان ئامادەبکەن بۆ چاکسازی، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی ئەم پرسەی کردو وتی: (ئەگەر تۆ بتەوێت خانوویەك دروست بکەیت، ئایا لەماوەی ١٠٠ ڕۆژدا پێت تەواودەکرێت؟ هەستدەکەم لەبارەی مۆڵەتی ئەم ١٠٠ ڕۆژە مشتومڕ هەیە و هاووڵاتیان بەتەواوەتی تێنەگەن و لەهەمان کاتیشدا دەنگۆیەکی زۆری هەبوو لەمیدیاکان و پێموایە مەبەستی لەدواوە هەیە. سەبارەت بەمۆڵەتی ئەو ١٠٠ ڕۆژە، ئەوەی ڕاستی بێت سەرۆك وەزیران وەزیرەکانی ڕاسپارد و مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژی پێیان بەخشی بۆ ئەوەی سەردانی پارێزگاکان بکەن و بەدواداچوونی پرۆژەکان بکەن و هەڵسەنگاندنی پارێزگاکان بکەن و دەستنیشانکردنی ئەو پرۆژانەی کە تەواوبوونە یاخود تەواونەکراون، هەربۆیە لەو ڕۆژەوە هەفتانە ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی سازدەکات و ڕاپۆرتی ئەو وەزیرانە تاوتۆدەکرێت کە سەردانی پارێزگاکان دەکەن و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان دەکرێت، بەشێوەیەك کە هەندێك لەپرۆژەکان لەکۆمپانیاکان وەرگیرایەوە و درا بەکۆمپانیای لۆکاڵ و هەندێك لەپرۆژەکانی تر لەکۆمپانیا لۆکاڵەکان وەرگیرایەوە و بەخشرا بەکۆمپانیای بیانی، بەم شێوەیەش کارەکان بەردەوامە...و تاد. مۆڵەتی ئەم ١٠٠ ڕۆژەش بۆ مەبەستی وەگەڕخستن و چالاککردنی پرۆژە سست و وەستاوەکانە لەپارێزگاکان، لەلایەنێکی ترەوە، مۆڵەتی ئەم ١٠٠ڕۆژە بەخشرا بۆ وەزیرەکان بۆئەوەی هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی وەزارەتەکانیان بکەن لەماوەی ١٠٠ ڕۆژ هەر لەوەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان تا دەگاتە بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکانیان لەپارێزگاکان. لەڕاستیشدا، ئەم مەسەلەیە بریتی بوو لەئاکتیڤکردنی هەموو دەزگاکانی حکومەت لەماوەی ئەم ١٠٠ ڕۆژەدا و هەڵسەنگاندنەکان پاش کۆتایی ١٠٠ ڕۆژەکە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوەی کە لەمیدیاکاندا دەیبیستین، بەشێوەیەك باسدەکرێت وەکو ئەوەی کە بڵێیت «قیامەت» هەڵستێت، شتی وانییە)).

سەبارەت بەوەشی ئایا تاچەند جەمال بەتیخ وەك وەزیرێك گەشبینە بەداهاتووی کارەکانی حکومەتی عێراق، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (من وەزیری دەوڵەتم بۆ کاروباری هۆزەکان، ئەم وەزارەتەش وەزارەتێکی نوێیە و هیچی نییە نە لەڕووی «موازنە» و بریکار و بەڕێوەبەری گشتی و هەیکەلییەتی کارگێڕی-شی نییە. ئەوەی کە من ئەنجامداوە بریتییە لەسەردانێکی مەیدانی بۆ پارێزگاکان لەگەڵ چاوپێکەوتنی ڕۆژانە لەگەڵ شاند و میوانەکان لەعەشیرەتەکانی پارێزگاکان، ئەم شتانەش هەموویان تۆمارکراون لەچوارچێوەی چالاکیی مانگانەی وەزارەت و ئێمە چالاکییە مانگانەکانی وەزارەت بۆ «ئەمانەی گشتی»ی ئەنجوومەنی وەزیران دەنێرین بۆئەوەی سەرۆکی وەزیران بیانخوێنێتەوە، سەبارەت بەوەشی گەشبینم یان ڕەش بین بەباروودۆخەکە، من ڕاشکاوانە دەڵێم من زۆر گەشبینم و هیوادارم هەموو نیەتەکان ڕاستگۆ و بەرەو ئاراستەی کاری دڵسۆزانە بن. بەداخێکی زۆرەوە، هەموو هاوبەشە سیاسییەکان هاتن و بەشدارییانکرد و پۆستیان لەحکومەت داگیرکرد، بەڵام پێموایە کە نیەتیان پاك نییە لەبەرئەوەی هەر یەکێکیان بۆ کەسی بەرامبەر چاڵ دەنێتەوە، ئەمەش شتێکی ناپەسەند و نادروستە لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا ئاکامەکانی تەنیا لەسەر هاووڵاتیان و شەقامی عێراقی دەکەوێتەوە)).

بەڵام سەلاح ئەلعوبێدی وتەبێژی ڕەوتی سەدر سەبارەت بەمۆڵەتی ئەو ١٠٠ ڕۆژە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی لەئامانجی موقتەدا سەدر کرد و وتی: (لێرەدا دوو خاڵ هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە کاروبارەکانی حکومی کە بریتییە لەهەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت، دووەمیشیان پەیوەستە بە کاروبارەکانی سیاسی کە بریتییە لەجێبەجێکردنی بەند و مەرجەکانی «ڕێککەوتنی ئەمنی» و کشانەوەی هێزەکان. سەبارەت بەخاڵی یەکەم، «سەید موقتەدا سەدر» پێیوایە کە ئەمەش بۆچوونی هەموومانە، کە مۆڵەتی ئەو ١٠٠ ڕۆژە هاندەرێك بوو بۆ بەگەڕخستنی هەموو کەسایەتییە جێبەجێکارییەکان هەر لەوەزیرەکان تادەگاتە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت لەپێناو پێشکەشکردنی شتێك بۆ هاووڵاتیان لەڕێگەی پێشکەشکردنی پەیامێك کە بریتییە لەوەی: ئەو گەندەڵی و سستی و نایەکسانی و بۆشایی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت کە لەرابردوودا هەبووە، ئەمڕۆ هەموو ئەو جۆرە شتانەمان جێهێشتووە و شێوازێکی نوێ پەیڕەو دەکەین کە پەیوەستە بەژیان و بەرژەوەندی و گوزەرانیی هاووڵاتیان لەسەر هەموو ئاستەکانی. هەربۆیە، هێشتا زووە بڵێین کە حکومەت شکستی بەدەست هێناوە، یان نا)).

لەلایەکی دیکەوە زوهێر ئەعرەجی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە پێیوایە پێویستە حکومەتی عێراق دوای ئەو ١٠٠ ڕۆژە ڕاپۆرتێك پێشکەشی پەرلەمان بکات لەسەر کارەکانی حکومەت، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان ئەعرەجی وتی: (پێش هەموو شتێك، مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەکە سەنەدێکی سەرەکی نییە بۆ پشت پێبەستن لەبارەی سەرکەوتن یان شکستهێنانی وەزارەتەکان لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بەڵکو مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەکە بریتییە لەهەڵسەنگاندن بۆ قۆناغێکی دیاریکراو کە لەڕۆشناییدا حکومەت ڕاپۆرتێك پێشکەش

جەمال بەتیخ بۆ گوڵان:

# بڕیاردان لەسەر کشانەوە یان مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پەیوەستە بە»سیادە»ی وڵات و بەلای هەمووانەوە گرنگە و شتێک نییە کە کەسێک بەتەنیا بتوانێت بڕیاری لەسەر بدات



جەمال بەتیخ

دەکات لـەم بارەیـەوە. ئەنجومەنـی نوێنەرانیـش چاوەڕوانە سـەرۆك وەزیران و حکومەت و وەزارەتەکان بەجیا ڕاپۆرتەکانیان پێشکەش بکەن لەبارەی کار و چالاکییەکانیان لەم ماوەیە بۆ مەبەستی تاوتۆکردنیان، بەڵام ئەمە مانای ئـەوە ناگەیەنێت کە لەمیانی ئەم ١٠٠ ڕۆژەدا دەستەکانی پەرلەمان هیچ رایەکیان نییە یان هیچ چاودێرییەك لەبارەی کارەکانـی وەزارەتەکان، بۆیە ئەم ١٠٠ ڕۆژە بۆ هەڵسـەنگاندنی کاری وەزارەتەکانە و بۆ زانینی ئاسـتی کارەکانیانە، ئاڕاسـتەیەك هەیە لەبـارەی هەندێـك لەوەزارەتەکان کە هیچ شـتێکی تازەیان پێشـکەش نەکردووە و کارێکـی ئەوتۆیان ئەنجامنـەداوە، بۆیە پێشـبینی دەکرێت کۆدەنگییـەك ڕووبدات لەنێوان قەوارە سیاسییەکان بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لەهەندێك لەوەزیرەکان)).

سـەبارەت بەو دواکەوتنی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکانیش کە بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕیاربوو ئەیاد عەللاوی وەریبگرێت، ئەعرەجی لەدرێـژەی لێدوانەکەیدا وتـی: (ئێمە وەکو لیستی «عێراقیە» کاتێك کە بەڕێز «ئەیاد عەللاوی» ڕایگەیاند لەبارەی کشـانەوەی لەئەنجومەنـی سیاسـی، هۆکارەکەی بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کە فەرامۆشـکردن و سسـتی هەبوو لەبارەی ڕەشنووسی یاساکە و هەیکەلـی ئەنجوومەنەکە، بەڵام ئەمڕۆ و لەژێر ڕۆشـنایی تەوافوقەکانی ئێستا و لەمیانـی کۆبوونەوە چڕەکانـی هەفتەی ڕابـردوو و دوو ڕۆژی داهاتـوودا، پەنـا بەخودا ئـەم ئەنجوومەنە دووبـارە لەدایك دەبێت لەگەڵ ڕوودانی توافوقی سیاسـی لەبارەی ئـەم ئەنجوومەنـە و پەنا بەخودا دەکەوێتە بەر بەشـی لیستی «عێراقیە» و «د.ئەیاد عەللاوی» دەکرێت بەسـەرۆکی ئەنجوومەنەکە)).

بەڵام عەلی شـەلا ئەندام پەرلەمانتاری لیسـتی دەوڵەتی یاسا نووسـینی ڕاپۆرت لەلایەن د.نوری مالیکی سەرۆك وەزیران بۆ ئەنجوومەنی وەزیـران لەهەنگاوی یەکەمدا بەپێویسـت نازانێت و ئەو پێیوایە سـەرۆك وەزیـران بۆخـۆی هەڵسـەنگاندن دەکات، بەڵام ئەگەر پێویست بوو وەزیرێك متمانەی لێوەربگیرێتەوە ئەوا ڕووبەڕووی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێتـەوە و لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (سـەرۆك وەزیـران ١٠٠ ڕۆژی بـۆ حکومەتەکەی دیاریکـردووە بۆئەوەی وەزیرەکانـی هەڵبسـەنگێنێت. بەڕای من پێویسـتە ئەنجوومەنی نوێنەران چاوەڕوان بێـت بۆئەوەی بزانیـن ئەنجومەنی وەزیران چۆن هەڵسـەنگاندنی وەزیـرەکان دەکات، پاشان ئەگەر پێویسـت بوو سەرۆك وەزیران داوای کرد بۆ گۆڕینی وەزیرەکان، ئەوکات ڕۆڵـی ئەنجوومەنی نوێنەران دێت. هەندێك لەمیدیاکان و لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی بەشـێوەیەکی تر باس لەمۆڵەتی ئەم ١٠٠



ڕۆژە دەکەن، بەڵام خودی بەڕێز «مالیکی» ئەم مۆڵەتەی دیاریکردووە و ئێمە چاوەڕوانین هەڵسەنگاندنی وەزیرەکانی بکات، دواتر ئێمە لەئەنجوومەنی نوێنەران تاوتوێی وەزیرەکان دەکەین و ئەگەر هەستمانکرد لاوازن، ئەوکات متمانە لەوەزیرەکان دەکێشینەوە تەنانەت ئەگەر سەر بەهەر قەوارەیەکی سیاسیش بن)).

**مانەوە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هەڕەشەکانی ڕەوتی سەدر**

لایەنێکی سەرەکی کە بەئاشکرا هەڕەشە لەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات، ڕەوتی سەدرە. ئەم هەڵوێستەی ڕەوتی سەدریش ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی موقتەدا سەدری سەرۆکی ئەو ڕەوتەیە، سەبارەت بەهەڵوێستی تەیاری سەدر و نمایشکردنی خۆپیشاندان کە لەرۆژی پێنج شەممەی رابردووەوە دەستیان پێکردووە، سەلاح عوبەیدی وتەبێژی ڕەوتی سەدر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (بێگومان ئەم نمایشە یان ئەم کەرنەڤاڵە چەندین پەیامی لەخۆگرتووە کە سازدرا بەبۆنەی شەهیدبوونی «سەید ئەل زەهرا». پەیامی یەکەم ئاراستەکرا بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق-ە، تەنانەت گەر لایەنی سیاسی بن یان قەوارە یان عەشیرەت، پەیامەکەش بریتییە لەوەی کە «سەدرییەکان» و لایەنگرەکانیان لەسەر ئاستێکی بەرزدان لەرێکخستن و ڕێکوپێکی، هاوکات لایەنێکی لەخۆگرتووە کە مایەی گەشبینییە ئەو لایەنەیش ئەوەیە کە سووپای مەهدی دەتوانێت بەئاستێکی بەرز خۆی ڕێکبخاتەوە و ریزەکانی دروستبکاتەوە، بەڵام هەندێك لە لایەنەکان و میدیاکان بۆ مەبەستی شێواندنی بارودۆخەکە باس لەوە



سەلاح عوبێدی

دەکەن کە سەرهەڵدانی سووپای مەهدی زیانی لێ دەکەوێتەوە و زەرەر بەوڵات دەگەیەنێت، هاوکات هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ لەکەدارکردنی ڕووخساری سووپای ئیمامی «مەهدی» و شوبهاندنی بەرێکخراوی تیرۆریستی «قاعیدە»...وتاد، بەڵام ئەم جۆرە قسانە ڕاست نین و شتێکی نادروستە و مەبەستەکەیان تەنیا بۆ شێواندنی سووپای مەهدی-یە. «سەدرییەکان» لەئاستێکی بەرزدان لەڕووی ڕێکخستن و پابەندبوون و گوێڕایەڵی و پیادەکردنی فرمانی مەرکەزی، کە ئەمەش مایەی گەشبینییە، هاوکات رۆڵێکی گرنگیان دەبێت لەڕووی دۆسیەی ئەمنی-یەوە و لەوانەشە ببێت بەفاکتەرێکی یاریدەدەر و کاریگەر بۆ پاڵپشتیکردن لەهێزە ئەمنییەکان و حکومەتی عێراقی و پارتە سیاسییەکان کە بەشدارییان کردووە لەپرۆسەی سیاسیی عێراقی، پەنا بەخودا بەهاوکاریی هەموو لایەك هەموومان پێکەوە کاردەکەین بۆ سەپاندنی ئاشتی لەعێراق و بونیادنانی وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر. پەیامی دووەم ئاراستەکراوە بۆ دوژمنانی

**سەلاح عوبێدی بۆ گوڵان:**

# ئەگەر پاش ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق مایەوە، ئەوکات سەید موقتەدا سەدر مافی دەبێت هەڕەشەکانی بێنێتەدی و هەموو ڕێگەچارەکان بگرێتەبەر




زوهێر ئەعرەجی

بۆ هێزەکانی داگیرکەر-یش، لەوبارەیەی کە ئێمە ئامادەین لەڕووی «زاتی» و ناوخۆیی و ڕێکخستن، لەهەمان کاتیشدا ئەگەر هات و پاش ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی داگیرکەر لەعێراق مایەوە، ئەوکات «سەید موقتەدا سەدر» مافی دەبێت هەڕەشەکانی بێنێتەدی و هەموو ڕێگەچارەکان بگرێتەبەر، تەنانەت گەر ئاشتییانە بێت یان سەربازی، بۆ دەرکردنی هێزەکانی داگیرکەر لەعێراق، هەروەها ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە لایەنگران و دڵسۆزەکانی لەپشتی دەبن کە ژمارەکەیان زۆرە و لەئاستێکی بەرزدان لەڕووی ڕێکخستن و پابەندبوون و گوێڕایەڵی. هەربۆیە، ئەم نمایشە دوو پەیامی جیاوازی لەخۆگرتبوو و ئاراستەکراو بوو بۆ دوو لایەنی جیاواز. لێرەدا ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم نابێت بەبیانووی ئەوەی عێراق سەقامگیر نییە هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بمێننەوە، ئەگەر بێت و ئێمە چاوەڕێ بکەین تاکو عێراق سەقامگیر و بەهێزبێت بەشێوەیەکی تەواو و پاشان بیربکەینەوە بۆ کشانەوەی هێزەکانی داگیرکەر، ئەوە بەڕای من پاش ١٠٠ ساڵی تر ئەوکات دەگەینە ئەم قۆناغە. بەڕای من پێویستە هەڵوێستێکی بوێرانەمان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دەرکردنی هێزەکانی داگیرکەر لەگەڵ لەدەستگرتنی کاروبارەکان بەپشت بەستن لەسەر خۆمان، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و ئەفسەری عێراقی هەست بەوە بکات کە بڕیاردان و سەرچاوەکانی زانیاری و ئامرازەکانی هەواڵگری و کاروبارەکان لەدەستی هێزێکی ئەمریکی-یە، بێگومان ئەوکات ئەفسەرەکە هەست بەسستی و لاوازی دەکات و هاوکات داهێنانی نابێت لەئەرکەکانی، لەکاتێکدا ئەگەر هات و بینیی کە خۆی لەگۆڕەپانەکەیە و خودی خۆی بەرپرسیارە و ئەرکەکان لەئەستۆی خۆیدایە، ئەوکات پێشکەوتن و داهێنانی دەبێت لەوەدەستهێنانی زانیارییەکانی هەواڵگری و هەروەها هەموو هەوڵ و ئەرکەکانی دەخاتەگەڕ بەدڵسۆزی لەپێناو پاراستنی ئاسایش و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەر شانی بەشێوەیەکی دروست و ڕێك)).

بەڵام جەمال بەتیخ کە ئێستا وەزیرە و پێشتر ئەفسەر بووە لەسوپای عێراق پێیوایە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو ئاستەنین دۆسیێی ئەمنیان پێ بسپێردرێت، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (بەپێی باکگراوندەکەم کە ئەزموونی سەربازیم هەیە و ئەفسەر بوومە لەسوپا، وەکو ڕایەکی شەخسی من پێموایە کە هێزە ئەمنییەکان بەپێی پێویست و بەپێی خواستەکانمان نەبوو بۆ وەرگرتنی دۆسیەی ئەمنی، هۆکارەکان دیارن و بەلای هەمووشمانەوە ئاشکرایە. لەلایەکی ترەوە مەبەست و بەرژەوەندییەکانی وڵاتە هەرێمییەکان، بەشێوەیەك کە هەندێکیان هێرش دەکەنە سەر سنوورەکان و هەندێکیان دەست بەسەر بیرە نەوتییەکان دادەگرن و هەندێکی تریشیان سەرچاوەکانی ئاو لەعێراق دەبڕن، ئەویش لەڕێگەی ئیستغلالکردنی ئەو قۆناغە گواستنەوەیەی کە وڵاتمان پێی تێدەپەڕێت و سەرقاڵبوونمان بەکاروبارەکانی ناوخۆیی. بۆیە لەوانەیە ئەمانە ببنە مایەی داگیرکردنی عێراق بەچەند شێوازێك پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق. هەربۆیە بڕیاردان لەسەر کشانەوە یان مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەدەستی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان-ە، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئامادەیی هێزە چەکدارەکان. فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ قەوارە سیاسییەکان دادەنیشێت و هەڵسەنگاندنێکی کۆتایی پێشکەش دەکات لەبارەی ئاستەکانی ئامادەیی هێزەکان، ئەگەر هات و هێزەکان ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی دۆسیەی ئەمنی ئەوکات هێزەکانی ئەمریکا دەکشێنەوە، ئەگەریش کەموکورتی و پێویستی هەبوو لەڕووی مەشق و ڕاهێنان و لەڕووی چەك و پێداویستییەکان، ئەوە مەسەلەکە لەپێش قەوارە سیاسییەکان دەخاتەڕوو و دواتر هەموو لایەنێك ڕاو بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، ئەم مەسەلەیەش زۆر گرنگە لەبەرئەوەی پەیوەستە بە»سیادە«ی وڵات و بەلای هەمووانەوە گرنگە و شتێك نییە کە کەسێك

زوهێر ئەعرەجی بۆ گوڵان:

**مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەکە بریتییە لەهەڵسەنگاندن بۆ قۆناغێکی دیاریکراو. ئەنجومەنی نوێنەرانیش چاوەڕوانە حکومەت و وەزارەتەکان ڕاپۆرتی خۆیان لەبارەی کار و چالاکییەکانیان پێشکەش بکەن**



بەتەنیا بتوانێت بڕیاری لەسەر بدات)).

کەواتە لێدوانەکانی بەتیخ لەگەڵ لێدوانەکانی عوبێدی دوو ئاراستەی پێچەوانەن، بۆیە پرسیارمان لەزوهێر ئەعرەجی کرد وەك پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە کە ئەوانیش خاوەنی ٩١ کورسین لەپەرلەمانی عێراقدا لەمبارەوە ئەعرەجی بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (هیواداریین هێزەکانی ئەمریکا بوونیان نەمێنێت لەعێراق لەگەڵ کۆتایی هاتنی کاتە دیاریکراوەکە و بەپێی ڕێککەوتنە واژۆکراوەکە لەگەڵ حکومەت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئێمە چاوەڕوانین «فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان» و سەرکردە ئەمنییەکان بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕن لەگەڵ ئاستی ئامادەییان، ئێمە هیوادارین میوانداریێتیی سەرۆك وەزیران بکەین بەو ئیعتوبارەی کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، لەگەڵ سەرکردە ئەمنییەکان لەبەرئەوەی ئەوان دەزانن هێزەکانمان لەچ ئاستێکدان بۆئەوەی بێن و را و بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو لەبارەی ئاست و ئامادەیی هێزەکان، پاشان کۆدەنگی دەبێت و بڕیارێك دەردەچێت، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێت بەبێ لایەنەکانی تر و بەشێوەیەکی تاکڕەو گوزارشت لەبۆچوونەکانی خۆی لەم بارەیەوە بکات. راستە هیچ لایەنێك لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی داگیرکەر نییە لەعێراق، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ هێزەکانی ئەمریکا بەهاوبەش دەزانین لەپڕۆسەی سیاسی لەڕووی مانەوەیان بۆ مەبەستی دووبارەبونیادنانەوە و پاڵپشتیی لۆجستی بۆ هێزەکانی عێراق و وەستان لەدژی تیرۆر کە بەسەختی و بەشێوەیەکی گشتی زیانی بەعێراق گەیاندووە)).

پێکەوە گرێدانەوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەئاستی رەوشی سەقامگیری عێراق، تەیاری سەدر لەسەرنجام وەك کەمینەیەك دەهێڵێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بڕیاری مانەوەو کشانەوەی هێزەکان گەڕێنراوەتەوە بۆ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان کەئەویش نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراقە، لەمبارەوە عەلی شەلا پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (ئێمە بەواقعییەتێکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکەین، ئێمە بەشێکین لەپڕۆسەی سیاسی و بریتیین لەچەند لایەنێکی جیاواز، هەتا کۆدەنگی نەبێت لەسەر درێژەدان بەمانەوەی هێزەکان ئەوە تەحەففوزمان دەبێت لەبارەی درێژەدان بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەبەرئەوەی ئێمە پێمانوایە کە وڵاتمان کێشە و گرفتی زۆرە و پێویست ناکات دوچاری کێشەی زیاتری بکەین، بەتایبەتی کە هەر دەبێت ئەم مەسەلەیە یەکلابکرێتەوە لەبەرئەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەتاهەتا لەعێراق نامێنێتەوە و رۆژێك دێت لەعێراق بکشێتەوە، ئیتر بۆچی وادەی کشانەوەی دوابخەین؟ بەڵام ئەگەر هەندێك لایەن باس لەئامادەیی هێزە ئەمنییەکان بکەن، ئەوە مەبەستەکەیان تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانە لەهێزەکانمان، نەك بۆ مەبەستی مانەوەی هێزی بیانی، لەبەرئەوەی لەوانەیە



عەلی شەلا

مانەوەی هێزەکان ببێت بەمایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان براکانی وڵاتێکی یەکپارچە. سەبارەت بەنمایش و خۆپیشاندانەکانی تەیاری سەدریش دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم ئەگەر لەڕووی دەستووری و یاسایی-ەوە قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین، ئەوان بەشێوەیەکی فەرمی داوایان لەدەسەڵاتە پەیوەندارەکان کرد بۆمەبەستی نمایشێکی مەدەنی، هەموو رەوتە سیاسییەکانی عێراق مافیان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە نمایشانە، تاکو هەڵگرتنی چەکی تێدا نەبێت ئەوە شتێکی پەسەندە و دەکەوێتە چوارچێوەی میکانیزمەکانی دەستوور، ئێمەیش هیچ کێشەیەکمان نییە لەگەڵ هەر کەسێك کە پابەند بێت بەدەستوور، هاوکات ئێمە تێگەیشتنێکی فراوانمان هەیە لەگەڵ برایانمان لە»رەوتی سەدر» و لەوەش دڵنیاین کە ئەوان سەرپێچی لەیاسا ناکەن و کە ئەمە شێوازی تێڕوانین و گوزارشتیانە لەمەسەلەکە و تێڕوانینەکانیان جێگەی رێزە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئێمە را و بۆچوونی قەوارە سیاسییەکانی تر لەبەرچاو دەگرین)).

عەلی شەلا بۆ گوڵان:

## پێویستە ئەنجوومەنی نوێنەران چاوەڕوان بێت بۆئەوەی بزانین ئەنجومەنی وەزیران چۆن هەڵسەنگاندن بۆ وەزیرەکانی دەکات



# با کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی هەنگاوی یەکەم بێت بۆ کۆکردنەوەی خاڵە هاوبەشەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان

وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (گوڵان):

## بەرنامەی کۆبوونەوەکە لە کاتی کۆبوونەوە دادەڕێژرێت، ئەمەش واتە پێشوەخت بەرنامە دانارێژرێت



وتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ (گوڵان):

## گفتوگۆ و دانووستان و دیالۆگ هەمیشە بۆ ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکان و خوێندنەوە ناکۆکەکان وردە وردە لێک نزیک بکەینەوە



وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ (گوڵان):

## وەکو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆیە دەچینە کۆبوونەوەکان تاوەکو بگەینە بەرنامەو پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان



ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بۆ(گوڵان):

## تەنیا میکانیزمێک بتوانێ ئێمە لە یەکتر نزیک بکاتەوە دیالۆگە و دەبێ لەسەر مێزی گفتوگۆ ئەو کێشە و گرفتە ناوخۆیانە چارەسەر بکەین



وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ گوڵان:

## دوو پرۆژە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئامادەکراوە لەسەر بەرنامەیەک ڕێک دەکەوین تاوەکو حکومەتی داهاتوو ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات



دوای وەڵامدانەوەی ئیجابیانەی هەر پێنج لایەنی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو) بۆ پێشنیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وابڕیارە لە چەند ڕۆژی دادێت کۆبوونەوەکانی نێوانیان دەست پێبکات و پێنج لایەنەکە پێکەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەمڕۆی هەرێم کۆببنەوە، ئەوەی لە دەسپێکی ئەم کۆبوونەوانە دەکرێت وەك خاڵی گەشبینی بۆ گەیشتنە ئاکامێکی ئیجابی بخوێنرێتەوە ئەوەیە، هەر پێنج لایەنەکە ئامادەباشییان بۆ دیالۆگ و وتوویژ دەربڕیوە و ئامادەن بەبێ ئەوەی سەقف بۆ هیچ مەسەلەیەك یان پرسێك دابنرێت ڕاشکاوانە باس بکرێت و بەشێوەیەکی جددی تاوتوێ بکرێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، خاڵێکی دیکەش کە دەکرێت ئەویشیان هەر وەك خاڵێکی گەشبینی سەیر بکرێت ئەوەیە کەهەر پێنج لایەن لەسەر ئەوخاڵە کۆکن کە ئەنجامدانی چاکسازی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بەهەموو جۆرەکانییەوە پێویستییەکەو دەبێت هەموو لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە بۆچوونی جیاوازیش هەبێت لەسەر چۆنییەتی پیادەکردنی میکانیزم و ڕێگەچارەکان بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان، ئەوا جیاوازییەکان ڕێگری دروست ناکەن و لەبەرئەوەی هیچ لایەك مەرجی پێشوەختەی نییە، دەکرێت هەموو بۆچوونەکان بخرێنەڕوو لە ناوەندی ڕێگە بەیەك بگەن، لەمەش گرنگتر کە بەرای زۆربەی چاودێران گەیشتنی لایەنە سیاسەکان بە چارەسەرێکی گونجاو ئاسانتر دەکات ئەوەیە، پرۆژەی چاکسازی لە چوارچێوەی بەرنامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووەو هەنگاوی باشی هەڵگرتووەو ئێستا دوای لێکۆڵینەوەو دیراسەتی باردۆخەکەو وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانە گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی لە ڕۆژانی داهاتوو ئاکامەکانی دەربکەوێت و خەڵکی کوردستان هەست بکەن، کە چاکسازییەکان بەشێوەیەکی کردەیی هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە، کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە لەکاتێکدا هەموو لایەنە سیاسییەکان بە (ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە) ئامادەن لەسەر پێشنیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێکەوە بۆ چارەسەری کێشەکان وتووێژو دانیشتن بکەن، ئایا تا ئێستا گەیشتونە کوێ و تاچەند گرێدانی ئەم کۆبوونەوانە ئیجابی دەبێت؟ ئەولەویەتی ئەم کۆبوونەوانە چین و ئایا لەهەر لایەك بەرنامەی خۆی هەیە، یان بەرنامەیەکی هاوبەش هەردوولا کۆدەکاتەوە؟ خاڵی هاوبەشی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ئەوەیە لای هەردوولاو هەروەها سەرۆکایەتی هەرێم ئامادەباشی چاکسازی هەیە، ئایا تاچەند ئەم ئامادەباشییە، دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکان و زیاتر لێك نزیکبوونەوەی نێوان هەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات؟ ئەمەو چەند پرسیارێکی ترمان ئاڕاستەی هەر ٥ لایەنە سیاسییەکەی ناو(ئۆپۆزسیۆن و هاوپەیمانی حکومی) کرد لێرەدا دەقی وەڵامەکانیان بڵاودەکەینەوە.

**جەعفەر ئیمینکی:**

**ئێمە وەکو پارتی و یەکێتی خۆمان ئامادە کردووە بۆ چاکسازی و ئیلتیزامێکی سیاسی و ئەخلاقیمان بەرامبەر ئەم پاکێجە هەیە، پاکێجی چاکسازی هەموو بوارەکان دەگرێتەوە**

**محەمەد تۆفیق رەحیم:**

**وەکو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەو پێشنیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەزامەند بووین و ئامادەین بێینە کۆبوونەوەکانەوە**

## تەنیا بەکۆبوونەوە لەسەر مێزی دیالۆگ چارەسەر بۆ کێشەکان دیاری دەکرێت

سەرەتا جەعفەر ئیمنکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بەدوا گۆڕانکارییەکان و پێشهاتەکان و گرنگی ئەم کۆبوونەوانە کە لەدوای دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هەنگاوی جددی بۆ هەڵگیراوەو وتی: (دیارە هەموو لایەکمان لە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بەردەوامین لە خۆئامادەکردن، هەموو لایەکیشمان پابەندبوونی خۆمان بە پەیامی دووەمی سەرۆك بارزانییەوە ڕاگەیاندووە، هەر بۆیە مەسەلەی ئەوەی کەی و چۆن کۆبوونەوەکان دەست پێدەکەن، ئەوانە مەسەلەی تەکنیکیە، چاوەڕێ دەکەین لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەکە بکرێت، ئێستاش لەنێوان ئێمە و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن پێوەندی و بیروڕا دەگۆڕینەوە سەبارەت بەوەی کەی کۆبوونەوەکە دەست پێ بکات و لەکوێ کۆبوونەوەکە ساز دەکرێت، بۆ بەشداربوون لەم کۆبوونەوەیەش لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، شاندێك دەستنیشانکراوە بۆ ئەوەی بەکاری پێوەندیی و بیروڕا گۆڕینەوە هەڵبستن. بێگومان هەر لایەك دیدی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش شتێکی سروشتی و تەندروستە، بۆ ئەم کۆبوونەوانەش دیارە هەر لایەك ئازادە چۆن ئامادەکاریی دەکات یان چ پرۆژەیەکی دەبێت، بەڵام بەرنامەی کۆبوونەوەکە لە کاتی کۆبوونەوەی لایەنەکان بۆ وتوویژ دادەڕێژرێت، ئەمەش واتە پێشتر بەرنامە داناڕێژرێت، هەر بۆیە لە دانیشتنی یەکەم ئەو مەسەلانە باس دەکرێت و بەرنامە دادەڕێژرێت)).

سەبارەت بەخاڵە ناکۆکەکان و هاوبەشەکان لەچۆنییەتی جێبەجێکردنی چاکسازی لەنێوان هەردوولادا ئیمنکی ئاماژەی بەوەکرد: (ئەمە گرنگترین بابەتە لە دانوستاندنەکان، تەسەور دەکەم هەموو لایەك پێشتر لایەنی بەرامبەری خوێندۆتەوەو لەوە خۆی دەبینێتەوە کە چۆن ئێمە خاڵە هاوبەشەکان زیاتر یەك لابکەینەوەو خاڵە ناکۆکەکانیش دیراسە بکەین تا وەکو لەیەکتر بگەین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. دیارە لێرەدا چاکسازی لەسیستەمی سیاسی یەکێکە لەو خاڵانەی کە ئۆپۆزسیۆن مەبەستێتی و دەسەڵاتیش مەبەستێتی و هاووڵاتیانیش ڕەنگە چاوەڕوانی گۆڕانکاری بکەن و

حکومـــەت و پەرلەمان کاراتر بێت. هەروەها مەسەلەی چاکســـازی لە گشت بوارەکانی خزمەتگوزاری و کارگێڕی و شـــارەوانی و دژایەتیکردنی گەندەڵـــی و کەمکردنەوەی بێکاری ئەم پاکێجەش بێگومان بەرفراوانە، ئێمە وەکو پارتـــی و یەکێتی خۆمان ئامادە کردووە بۆ چاکسازی و پێشتریش بایەخمان بەم بوارە داوەو ئیلتیزامێکی سیاسی و ئەخلاقیمان بەرامبـــەر ئـــەم پاکێجە هەیـــە، پاکێجی چاکسازی هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، هەر لەشەڕی دژە گەندەڵی تا چاککردنی باری ژیانی خەڵك و کەمکردنەوەی نرخی بازاڕ، بەڵام هەردوولامان بۆی هەیە پێویســـتیمان بەوە هەبێت پاکێجی چاکسازی لە ئەجێندای ئیرادەی چاکسازی و بەمەبەستی گەیشتن بەرێکەوتـــن وتووێـــژ بکەین، هـــەردوولا دەمانەوێت بەرێکەوتن بگەین و لەو قەیرانە هەرێمی کوردســـتان رزگاری ببێت و مێزی گفتوگۆ و دیالۆگ باشترین رێگا چارەیە بۆ گەیشتن بەچارەسەرو وەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان.

### وا رێك کەوتووین کۆبوونەوەکان کراوە بێت

محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان سەبارەت بە دانیشتن و وتووێژەکانی نێوان لایەنە سیاســـیەکان (ئۆپۆزســـیۆن و دەســـەڵات) بۆ چارەســـەری کێشـــەکان و ئەو ئامادەکارییانەی بۆ ســـەرکەوتنی ئەو کۆبوونەوانە دانراوە وتی:((وەکو لایەنەکانی لایەکیـــش لەســـەر ئەم مەســـەلەیە رێك و هاودەنگـــن، کە دەبێت چاکســـازی بکرێت، بەڵام تا ئێســـتا بەرنامەیەکی کۆنکرێتی بۆ چاکسازی نەخراوەتە ڕوو، ئێمە هەوڵ دەدەین لە کۆبوونەوەکاندا بەرنامەیەکی تێروتەســـەل و خاڵ بەخاڵ لەســـەر ئـــەو بابەتانەی کە پێویســـتی بەوەهەیە چاکسازی تێدا بکرێت داببڕێژرێـــت و بەرنامـــەی تایبەتیشـــی بۆ دادەنێین و دەشـــیکەین و هیوادارین لایەنی دەسەڵاتیش بە عەقڵێکی کراوەوە سەیری ئەو پێشنیارانە بکات)).

وتەبێـــژی گـــۆڕان ســـەبارەت بـــەوەی هەندێك لـــە چاودێران پێیـــان وایە ئەگەر لایەنەکانـــی ئۆپۆزســـیۆن و دەســـەڵات،

**ئازاد جوندیانی:**

## ئەمجارە کە دەچینە سەر مێزی گفتوگۆ کەلێنەکە کەم بۆتەوەو سەهۆڵ بەندانی نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانی حکومی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن تا رادەیەکی باش تواوەتەوە

سیاســـی دووربکەینـــەوە، لەبـــەر ئەوەی چاکسازی پاکێجێکی نیشتمانییە، لەبارەی چاکســـازی ئێمە دەســـتمان پێـــی کردووەو بەردەوامیـــش دەبیـــن، ئەگـــەر ڕێکەوتنی سیاســـیمان لەگەڵ ئۆپۆزســـیۆن هەبێت یا نەبێت لەسەر چاکسازی هەر بەردەوام دەبین، ئەو پرۆسەیە نەك تەنیا سست ناکەین بەڵکو بەپێچەوانەوە کاراتـــرو چالاکتری دەکەین و کاری جددی لەســـەر دەکەین، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئۆپۆزســـیۆن رێك بکەوین و ڕەنگە بتوانین ئەنجامی باشـــتر بۆ میللەتەکەمان بەدەست بێنین.

سەبارەت بەزمانی سیاسیی نێوان هەردوولا کە بۆ لێك تێگەیشتن زۆر پێویستە، جەعفەر ئیمنکی پێی وابـــوو: بەڕاوبۆچوونی خۆم دەڵێم هەموو لایەنە سیاسییەکان (دەسەڵات و ئۆپۆزســـیۆن)خۆیان ئامادەکـــردووە بـــە

**عەبدولستار مەجید:**

## ئامادەین لەم هەفتەیەدا لەسلێمانی دابنیشین و کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت. پێش ئەو کۆبوونەوەیەش پێویستە جەنابی سەرۆکی هەرێم یان حکومەت، دەستپێشخەری بۆ بکەن بەتایبەتی بودجەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن

ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەو پێشنیارەی سەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان ڕەزامەندبوویـــن و ئامادەین بێینە کۆبوونەوەکان، بەڵام تا ئێستا کاتەکە دیاری نەکـــراوە کە لەچەند ڕۆژی داهاتـــوودا ئەنجام دەدرێت، پێـــم وایە ئەو کۆبوونەوانە لەهەفتـــەی یەکەمی مانگی ٦ تێپەڕ نابێت. لـــەو کۆبوونەوەیەدا هەردوو لایەنی (ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات) بەرنامەی خۆیان هەیەو رێکەوتون لەســـەر ئەوەی کە کۆبوونەوەکە کراوە بێت بۆ باســـکردنی ئەو بەرنامەو پرۆژانەی کە لەئارادایە.

محەمـــەد تۆفیـــق رەحیـــم وتەبێـــژی بزووتنەوەی گۆڕان ســـەبارەت بەبەرنامەی چاکسازی و خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەن وتی: (هەمـــوو لایەنەکان دادان بەوەدا دەنێین کە هەرێم پێویســـتی بەچاکســـازی سیاسی و ئابووری و ئیداری هەیە، هەموو

**محەمەد فەرەج:**

## تەنیا پاراستنی ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان بەس نییە، بەڵکو پێویستە بیر لەوە بکەینەوە ئەو ئەزموونە گەشەشی پێ بدەین و چاکترو بەهێزتری بکەین

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بچنە ســـەر مێزی وتووێژ ئەوا زمانی سیاســـی هەردوولا هۆکارێك دەبێت بۆ لێکتێگەیشتن لەمبارەیـــەوە وتـــی: (ئێمە وەکـــو لایەنی ئۆپۆزســـیۆن بەنیەتێکی باشـــەوە دەچینە کۆبوونەوەکان، نیەتمان ئەوەیە کە چارەســـەر بدۆزینـــەوە بۆ کێشـــەکان، وەکو لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن بۆیە دەچینـــە کۆبوونەوەکان تاوەکو بگەینە بەرنامەو پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ چاکســـازی لە هەرێمی کوردستان. واتا ئێمە بۆ مناوەرەو قۆستنەوەی کات ناچین، بەڵکـــو بەعەقڵێکی کـــراوەو نیەتێکی باش بەشـــداری لەو کۆبوونەوانە دەکەین، تاوەکو ئەنجامەکەی ئیجابی بێت. کۆبوونەوەکانی نێوان ئۆپۆزســـیۆن و دەسەڵات دەبێت درێژە نەکێشـــێت و بەچەند کۆبوونەوەیەك کۆتایی پێ بێت)).

ئازاد جوندیانی:

# بیروبۆچوون و تێگەیشتن و خوێندنەوەمان لەیەکتر جیاوازە، بەڵام گفتوگۆ و دانووستان و دیالۆگ هەمیشە بۆ ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکان و خوێندنەوە ناکۆکەکان وردە وردە لێک نزیک بکەیتەوە



## لەوانەیە لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەکە دەست پێبکات

ئازاد جوندیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەبارەت بەگرێدانی کۆبوونەوەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان (ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات) و بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: (بە بۆچوونی من لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا بۆی هەیە کۆبوونەوەکە سازبێت، ئەنجام بدرێت ئێستا کە لە ڕووی سیاسییەوە زەمینەکە سازبووە، بەڵام ماوەتەوە لەسەر دیاریکردنی شوێن و کاتی کۆبوونەوەکەو هەندێك ئالیەتیش کە پێویستە بەوەی لە چ ئاستێك بەشداری لەکۆبوونەوە کە بکرێت و کێ بێت و کێ نەبێت و لە بەلاغی کۆتایی رۆژی پێنج شەممەی ڕابردووش کە هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە ئەوە ڕاگەیاندنراوە، هەروەها لە هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی نوێنەرانمان تەکلیف کراون کە پێوەندی بەلایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەن و ئەو مەسەلانەیان لەگەڵ باس بکەن؛ بەتایبەتی بۆ دیاریکردنی کات و شوێن.

سەبارەت بە ئەولەویەتی ئەم کۆبوونەوانەو بەرنامەی لایەنەکان بۆ وتووێژکردن لەسەری ئازاد جوندیان وتی لە ڕاستیدا و چەند جارێکی تریش وتوومە، هەموو لایەنێك لە دنیادا واباوە کە بۆ گفتوگۆکردن بۆ هەر مەسەلەیەك کەدەچنە سەرمێزی گفتوگۆ و دادەنیشن لەناو جانتاکانی خۆیان ئەفکار و پرۆژەی خۆیان پێیە، کەکلیل و کێشەیی سەرەکی لەنێوان هەردوو حزبەکەی هاوپەیمانی حکومڕانی کوردستان و سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن بریتیی بوو لەوەی پێشتر بە یەکەوە کۆنەدەبوونەوە، جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش چەندینجار پیش ئێستا داوای لە هەردوولامان کردبوو بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە کۆبوونەوە بکەین، ئەوەبوو کە یەکێتی و پارتی زۆر بە ڕوونی وەڵامی خۆمان بە ئیجابی دایەوە کەئێمە ئامادەین بۆ کۆبوونەوەو نەمەرجمان بۆ کەس هەیە و نەمەرجیش لەکەس وەردەگرین، لە دوا پەیامی سەرۆکی هەرێمیشدا کە ڕووبەڕووی هەردوولای کردەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر کۆببینەوە، هەموو لایەك بەئیجابی پەیامەکەمان وەرگرت، بۆیە من پێموایە ئەمجارە کە دەچینە سەر مێزی گفتوگۆ کەلێنەکە کەم بۆتەوەو سەهۆڵ بەندانی نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانی حکومی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن تا ڕادەیەکی باش تواوەتەوە، واتە بەشی ئەوە سەهۆڵەکە تواوەتەوە کە بتوانین لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشین و دیالۆگ بکەین، بەڵام ئێمە چیمان پێیە و ئەوان چییان پێیە ئەوە بابەتێکی ترە، بێگومان ئێمە جیاوازیمان هەیە و بیروبۆچوونمان لە یەکتر جیاوازە، سەبارەت بە هەموو ئەوانەی کە چاوەڕوان دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت، بیروبۆچوون و تێگەیشتن و خوێندنەوەمان لەیەکتر جیاوازە، بۆیە من پێموایە هەر کەسێك کە بیروبۆچوونی خۆی هەیە، بەڵام گفتوگۆ و دانووستان و دیالۆگ هەمیشە بۆ ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکان و خوێندنەوە ناکۆکەکان و وردەوردە لێك نزیك بکەیتەوە، ئەمەش دەبێ بیڵێتەوە بۆ کاتی کۆبوونەوەکان.))

سەبارەت بە خاڵی هاوبەشی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیش، ئازاد جوندیانی پێی وابوو لە ڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکی دووردرێژەو پێویستی بە باسکردنی وردو زۆر هەیە، ئێمە و لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە پێناسەکردنی قەیرانی کوردستان و ئەو بارودۆخەی لەئارادا هەیە، لەگەڵ



**جەعفەر ئیمینکی:**

## هەموو خۆمان ئامادەکردووە بەمەبەستی گەیشتن بەرێکەوتن، مێزی گفتوگۆ و دیالۆگیش باشترین رێگا چارەیە بۆ گەیشتن بەچارەسەرو ئامانجە نیشتمانییەکان

یەکتر ناکـــۆك و راوبۆچوونمـــان جیاوازە؛ تـــا دەگاتـــە وردەکارییەکان و تێگەیشـــتن لەمانـــای چاکســـازی و ژیانێکـــی باش و تەندروســـت. لەبـــەر ئەوە مـــن پێموایە ئێســـتاکە خاڵی هاوبەشی هەرە گرنگ لە نێوانماندا کە هەردوولا بڕیارمانداوە لەگەڵ یەکترکۆببینـــەوە، گفتوگۆ بکەین، لەکاتی دیالـــۆگ و کۆبوونەوەکانـــدا دەتوانین ئەو خاڵانە بدۆزینەوە کەهاوبەشـــە لەنێوانمانداو ئەو خاڵانەشـــی دیاری بکەین کە جیاوازەو ئـــەو کاتە کاردەکەین لەســـەر نەهێشـــتن و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و ئەو خاڵانەی کە ناکۆکن لە نێوانماندا))..

### وەکو نیازپاکییەك، پێویستە دەستپێشخەری بۆ هەندێك شت بکرێت بەتایبەتی بودجەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن

ســـەبارەت بەکۆبوونەوەی نێـــوان لایەنە سیاســـییەکان بە (ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات) وئەولەویەتـــی بەرنامـــەی کۆبوونـــەوەکان عەبدولســـتارمەجید وتەبێـــژی کۆمەڵـــی ئیسلامی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: ئۆپۆزسیۆن و پارتەکانی دەسەڵاتیش یەك دەنگن بەوەی کە پێویســـتە کۆببینەوە، دوا بانگێشـــتی سەرۆکی هەرێمیش کە داوا دەکات ئۆپۆزســـیۆن و دەســـەڵات بەیەکەوە کۆببێتەوە، ئێمـــەش وەڵاممان دایەوە کە بە پرۆژەی خۆمانەوە ئامادەین لەو کۆبوونەوانە بەشدار بین ؛ بەتەئکید لەم روانگەیەوە رێگا خۆشکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوانەو ئامادەین لەم هەفتەیە لەسلێمانی دابنیشین و کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت. پێم وایە پێش ئەو کۆبوونەوەیە پێویستە جەنابی سەرۆکی هەرێم یـــان حکومەت،هەندێك شـــت هەیە دەستپێشخەری بۆ بکەن بەتایبەتی بودجەی حزبەکانی ئۆپۆزســـیۆن کـــە ڕاگیراوەو ئەم مانگەش مووچەی خانەنشینەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و کەمئەندامانی کۆمەڵ کە بەپێی یاسای پەرلەمان خانەنشین کراون و هەروەها کۆمەڵێك پێشـــمەرگەمان کە پێشمەرگەی پێـــش راپەڕینـــن و ڕۆڵیـــان لـــە خەباتی رزگاریخوازی کـــوردو راپەڕیـــن هەبووەو مووچەی ئەمانـــە هەمـــووی ڕاگیراون، تەنانەت کەسانی تریش ئەگەر نانبڕاو کراون لەسەر ئەم بارودۆخە، ئەوا پێویستە مووچەو مافەکانیان بگەڕێنرێتەوە.))

ســـەبارەت بەوەشـــی ئایـــا وەك لایەنی ئۆپۆزســـیۆن چـــۆن ئامادەباشـــیان بـــۆ ئەوکۆبوونەوەیە کـــردووە، وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی وتی:(ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە پرۆژەی خۆمان هەیە و لەلایەن خۆیانیشـــەوە برادەرانی پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان باس لەوە دەکەن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە پرۆژەی خۆیان هەیـــە، کەواتە دوو پـــڕۆژە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئامادەکراوەو لەسەر بەرنامەیەك رێك دەکەوین تاوەکو حکومەتی داهاتوو ئەو بەرنامەیە جێبەجـــێ بکات.هەروەها خاڵی هاوبەشـــی نێوان هەردوولامان ئەوەیە، لای هەردوولاو هەروەها ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتانیش ئامادەباشـــی بۆ چاکسازی هەیە، بۆیە من وای دەبینم لە سێ لایەنەوە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات هاوبەشن:

١- هەموو لایەك لەســـەر ئـــەوە کۆکین کـــە لەهەرێمـــی کوردســـتان کەموکوڕی و کێشـــە هەیـــەو لەبوارەکانـــی ئیداری و دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی گەندەڵی زۆرە، هەر بۆیە هەموو ئەمانە پێویســـتیان بەچارەسەرکردن هەیە .

٢- لەسەرئەوە کۆکین هەموو ئەو کێشەو گرفتانە لەڕێگای دانیشـــتن و گفتوگۆوە چارەسەر دەبێت، ئەمەش تەنیا بەگوێگرتن و یەکتر قبوڵکردن و دانیشتن لەسەر مێزی



گفتوگۆ ئەنجام دەدرێت .

٣- لەسەر چاکسازی یەك دەنگین، بەڵام یەك هەڵوێســت نین، کە دەبێــت بەکردەوە چاکســازی ئەنجام بدرێــت، کاتێك دێینە ســەر کردەوە لەماوەی ڕابردوودا کردەوەمان کەم بینیوە، گەرچــی ئەمجارە بەئومێدین لەم کۆبوونەوەیەدا بەکردەوە کارەکان جێبەجێ بکرێن، لەســەرەتادا ئێمە گەشــبینین کە بەهەنــگاوی وا دەســت پێ بــکات و ئەم گەشــبینییە بڵاو ببێتەوە بەنــاو خەڵك و جەماوەری هەرێمی کوردســتان و وابکەین کــە خەڵــك و جەماوەرەکەمــان ئومێدی بەحکومەت و دەســەڵات بۆ پەیدا بێت، کە بەراســتی حکومەت دەیەوێت گۆڕانکاری و چاکســازی لەهەرێمی کوردستان بکات. لەبەر ئەوەی تاکە ڕێگایــەك بۆ دەرچوون لەو قەیرانەو چارەسەری کێشە تەنیا ئەوەیە باوەڕ بەیەك بکەیــن و نیازپاك بین لەگەڵ یەکتر، پاشان ویستی چارەسەری کێشەمان هەبێت. بۆ هەستکردن بەم ویستەش پێموایە لەناو هەمــوو پێکهاتەکانەوە، ڕۆشــنبیرو سیاســەتمەدارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چاودێرانی دەرەوەو ناوەوە تەماشا دەکەن کە داخۆ هەنگاوەکانی چاکســازی و گۆڕانکاری لەهەرێمی کوردســتان بەرەو کوێیە؟ بۆیە بەراســتی دەبێــت هەموومان ئەگەر دەمانەوێت هەرێمی کوردستان لەڕووی سیاسی ســەقامگیر بێت، چونکە هەرێمی کوردســتان لە ڕووی هێمنی و ئاسایشەوە زۆر باشەو ئەگەر بمانەوێت خەڵك و جەماوەر دڵیان بــەو حکومەت و کیــان و قەوارەیە خۆش بێــت، ئەوە دەبێــت کۆبوونەوەکانمان تەنیا بــۆ کۆبوونەوەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەبێت، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گۆڕانکاری و چاکسازی بێت.))

سەبارەت بەوەی ئایا چاوەڕوانی چی لەو کۆبوونەوەیــە دەکرێــت؟ وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی بەگوڵانی ڕاگەیاند: (بەئومێدین کۆبونەوەکــە لەم هەفتەیــە ئەنجام بدرێت؛ پێویســتە هەنگاوی یەکەمی کۆبوونەوەکە بریتی بێت لە دیراسەکردن و ڕێکەوتن لەسەر ئــەو خاڵانەی کە ئێمە دەتوانین لەســەری ڕێك بکەوین، لەم کۆبوونەوەیە لەســەر ئەو لایەن و خاڵانە قسە نەکرێت کە ڕاوبۆچوونی جیاواز لە نێوان ئۆپۆزســیۆن و دەســەڵات لەسەریان هەیە، چونکە ئەوە نامانگەیەنێتە دەرئەنجامێکــی باش، بۆیە باشــترە ئێمە لەســەر خاڵە هاوبەشــەکان کە هەموومان لەســەری کۆك و یەك دەنگ دەبین ئەوانە دیراســە بکەین و بکرێتە بەرنامەی کارمان لەپاشاندا هەنگاو بە هەنگاو لەسەر خاڵەکان بڕۆین و گفتوگۆ بکەین، مەرج نییە بەیەك یا دوو کۆبوونــەوە هەموو خاڵ و پرۆژەکان دیراســە بکرێت و بگەینــە بەرنامەیەکی ڕێکوپێك، بەڵام ئەمــە مانای ئەوەش نییە چەندین مانــگ بخایەنێت، لەمبارەوە ئێمە گەشبینین و ئومێدیشمان وایە مادام هەموو لایەك ئیرادەی چاکسازی و گۆڕانکارییان هەیــە و هەســت بەکەموکوڕی و کێشــە دەکەین بە ئاکام و دەرئەنجامی باش بگەین و بەپەســەندکردنی بەرنامەیەکــی باش و ڕێکوپێــك و بیکەین بەبەرنامەی داهاتووی هەرێمی کوردستان.

### ئەگەر بەرژەوەندی باڵای ئەم گەل و نیشتمانە نەخەینە سەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆمان کێشەکانمان بۆ چارەسەر ناکرێت

محەمەد فەرەج ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیســلامی کوردستان سەبارەت بەکۆبوونــەوەی نێــوان لایەنە سیاسیــەکان (ئۆپۆزســۆن و دەسەڵات) باسی لە گرنگی ئەو زەمان و لێکتێگەیشــتنە کرد کە ئەمڕۆ لەدوا پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە زەمینەی بۆ ڕەخساوە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە تەنیا میکانیزمێکیش کە بتوانێ لایەنەکان لە یەکتــر نزیك بکاتەوە دیالۆگەو دەبێ ئەوە ئەســاس بێــت لەمبارەیەوە وتی: (زمانی توندوتیــژ و زبر کە بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنرێــت نەك خزمــەت ناکات،بەڵکو بارودۆخەکــە ئاڵۆزتر دەکات لە ســەرەتایی مانگی(٣) ی ٢٠١١ گفتوگۆیەکان لەنێوان ئۆپۆزســیۆن و دەسەڵات وەســتا، ئەوکات گفتوگۆی ســێ قۆڵیمان هەبوو، هەر یەك لەحزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ هاوپەیمانی حکومی، لەم دانیشــتنانە قۆناخی باشمان بــڕی، بــەڵام بەداخــەوە لــە ٢٠١١/٣/٣ گفتوگۆیەکان وەســتا، لە پاشان ئێمە بیرمان کردەوە تەنیا پاراستنی ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان بەس نییە، بەڵکو پێویستە بیر لەوە بکەینەوە ئەو ئەزموونە گەشەشی پێ بدەین و چاکتر و بەهێزتری بکەین، چونکە تا ئێستا ئێمە کۆمەڵێ کێشــەمان هەیــە لە دەرەوەی توانای ئێمەیە و چارەسەر نەبووە، کێشەکانیش دەتوانیــن بکەینــە دوو بەش بەشــێکیان لە ناوینیشانێکن کە عێراقە و ئەوانەی لە عێراق بەرامبەر ئێمەن هێشــتا دانیان بەمافەکانمان نەناوە کە مافی هاووڵاتــی بوونمانە لە ناو

محەمەد تۆفیق رەحیم:

**هەموو لایەنەکان ددان بەوەدا دەنێن کە هەرێم پێویستی بەچاکسازی سیاسی و ئابووری و ئیداری هەیە، هەموو لایەکیش لەسەر ئەم مەسەلەیە رێک و هاودەنگن، کە دەبێت چاکسازی بکرێت**

عەبدولستار مەجید:

**بە ئومێدین کۆبوونەوەکە لەم هەفتەیە ئەنجام بدرێت و پێویستە هەنگاوی یەکەمی کۆبوونەوەکە بریتی بێت لەدیراسەکردن و رێکەوتن لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئێمە دەتوانین لەسەری رێک بکەوین**

محەمەد فەرەج:

**ئەگەر ئیرادەی خێری سیاسی جدیمان هەبێت دەتوانین کارێکی وا بکەین خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەڕێنینەوە..**

ئەو نیشـــتمانە، مافێکی ئەساسی ترمان کە وەکو نەتەوەیەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ئێســـتا تەنیا نەتەوەین خاوەن سەروەری نین لە ڕووی ژمـــارەی دانیشـــتووانەوەو دووەم نەتەوەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، ئەمانە کێشەی گەورەی ئێمەن و ئەو کێشانە ئەمڕۆ ڕوو لەهەرێمی کوردســـتان دەکات، چونکە دەســـەڵاتێکی تێدایەو ئەزموونێکی هەیە و ئیمکاناتێکـــی هەیە و دەبێ ئێمە کار بۆ ئەو مەسەلە گرنگانە بکەین، هەر ئەمە وایکردووە کەدەبێ لەهەرشوێنێك کێشەو گرفتمان لەنێوان هەبوو و ئاڵۆز بوو دەبێ خێرا بەخۆداچوونەوە بکەین و لەســـەر مێزی گفتوگۆ ئەو کێشەو گرفتە ناوخۆیانە چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانیـــن ڕووبەڕووی ئەو کێشـــەو گرفتانە ببینەوە کە لە دەرەوەی خۆمانە وەکو ئاماژەم پێدا لەسەر ئاســـتی عێراق ئێمە بەشێکین و کۆمەڵێ کێشـــەو گرفتمـــان هەیە کە(١٩) خاڵە تا ئێستا هیچیان جێبەجێ نەبووە، ئەمە جێگای تێڕامانە.

ئەمە پێویســـتی بەوە هەیە هێزو توانا و ئیمکانیاتەکانمـــان بەشـــێوەیەکی تەوافوقی و برایانـــە بکەین بەیەك بۆ ئـــەوەی بتوانین ڕووبـــەڕووی دەرەوەی خۆمـــان ببینـــەوە، ئەمەبەهێزێـــك و دووان ناکرێـــت و ئەمـــە دەرکەوتـــووە، بەهەمـــوو هێزەکانیش ناکرێت ئەگـــەر بەرژەوەنـــدی باڵای ئـــەم گەل و نیشتمانە نەخەینە سەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆمانەوە .

ئەندامی مەکتەبی سیاســـی یەکگرتووی ئیســـلامی کوردستان ســـەبارەت بەپرۆژەی حزبەکەیـــان و بوونـــی پرۆژەی هاوبەشـــی نێـــوان ئۆپۆزســـیۆن و هاوپەیمانی حکومی وتی:(خاڵـــی گرنگ و ئەساســـی ئێمە لەم پرۆژە و کۆبوونەوەیەدا بریتییە لە چاکسازی بنەڕەتی لەم جومگە ئەساسیانەی دەسەڵاتەوە لە ڕووی سیاســـی و ئابووری و ئیدارییەوە کە بە ڕێکەوتنی هەموومان (ئۆپۆزســـیۆن و دەســـەڵات) کە گەندەڵی و نادادپەروەری و مەحسوبیەت هەیە، ئایا ئەمە چارەسەری ناوێت؟ هەربۆیە خاڵی ئەساســـی جەوهەری لای ئێمـــە لە کۆبوونـــەوەکان ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکاری و چاکســـازیانە ئەنجام بدرێت. ئایا ئێمە خاڵی هاوبەشـــمان لە نێوان هەیە؟ بەڵـــێ خاڵـــی هاوبەشـــی زۆر لەنێوانماندا هەیە، هەروەها ئێمـــە کۆمەڵێ خاڵمان هەیە و دەسەڵاتیش کۆمەڵێ خاڵی هەیە، دەکرێت ئەگەر ئیرادەیەکی خێری سیاســـی جدیمان هەبێـــت ئەو خاڵـــە هاوبەشـــانەی نێوانمان کۆبکەینـــەوەو بیکەینە نەخشـــە ڕێگایەك بۆ دەربازبـــوون لەم قەیرانەی کە ئێســـتاکە تێیداین. بۆ ئەوەی بتوانین کارێکی وا بکەین خۆشـــگوزەرانی بـــۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەڕێنینەوە.

لـــە دوماهیـــی لێدوانەکەیـــدا بۆ گوڵان و ســـەبارەت بە گرنگی چارەســـەر کردنی کێشەکان بەزمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، محەمەد فەرەج ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیســـلامی ووتی: (پێویســـتە ســـەرەتا بیر لەوە بکرێتەوە بە هیچ جۆرێك بەکارهێنانـــی هێـــزو توندوتیـــژی ئێمـــە ناگەیەنێتە هیچ ئامانج، تەنیا میکانیزمێك بتوانێ ئێمە لە یەکتر نزیك بکاتەوە دیالۆگە و دەبێ ئەوە ئەســـاس بێـــت لەلامان، لەبەر ئەوەی دیالۆگ بۆ ئەوەیە ئەو بیرو بۆچوونە جیاوازەی کە لە نێوانمان هەیە لەسەر مێزی گفتوگـــۆ بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە یەکتر نزیك بکەینـــەوە ئامانجێکـــی بنەڕەتی لێ پێك بهێنین و بیکەینە نەخشـــە ڕێگایەك بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی لێ پێك بهێنین، کە هەر هەمـــووی لە بەرژەوەندی ئەو ئەزموونەو ئەو هەرێمە و هەموخەڵکی کوردستانە.

# ئەخلاقی پێوەندی و بەیەکگەیشتن و دیموکراتیەت لای یۆرگن هابرماس



دکتۆر شێرزاد نەجار
تایبەت به گوڵان نووسیویەتی

١-٣

یورگن هابرماس (لەدایکبووی ١٩٢٩)ە، تا ئێستاش بە بەناوبانگترین دەنگی فیکریی ڕەسەن و فەلسەفی لە دنیادا دادەنرێت و لەجیهانی نوێشدا گەورەترین فەیلەسوفی هاوچەرخە و میراتگری ڕاستەقینەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی فکرییە کەدەزگایەکی فکری ئەڵمانیاییەو لەساڵی ١٩٢٣ وە دامەزراوە، بەبۆچوونی ئەو، پێویستە بەرگری لە عەقڵ بکرێت کە ئەوەش (بەرگریکردنە لە دیموکراتییەت بە تایبەتیش دیموکراتییەتی ڕاوێژکاری)، هابرماس دژ بەهەر دیاردەیەکی نائەقڵانییە لە ژیانی فکری و سیاسیدا (چ تۆتالیتاری و یان نازی و فاشییەت ) لەم بارەیەوە بناغەی تیۆرێکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەخنەی نوێ دامەزراندووە، ئەوساو ئێستاش هابرماس بەرگریکارێکی توندی تێزی بەهاووڵاتیبوون و مافەکانێتی، بە شێوازێك کە هاووڵاتی هاوبەشی پێبکرێت لە ژیانی سیاسی و بەشدار بێت لە دارشتنەوەی بڕیارە گرنگەکانی دنیای سیاسەتدا، ئەم؛ واتە هابرماس زیاتر ناوبانگی بەو تێزانەوە دەرکردووە کە لەسەر( پانتایی گشتی / فەزای گشتی ) بۆ بزواندن و چالاك کردن و ئەکتیڤ بوونی هاووڵاتیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا نووسراونەتەوە تا ڕۆڵی ئەکتیڤانەو پۆزەتیڤانەتر بگێڕن ..

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٨١ هابرماس بیرۆکەی (پێوەندی و بەیەکگەیشتنی ) لە کتێبێکی بەناوبانگیدا لەژێرناوی (تیۆری کۆمەنیکەیشن ـ Theorie des kommunikativin Handelns) ڕاگەیاند کە بەهۆیەوە جەخت لەسەر تێگەیشتن و پێوەندی بەردەوام و بەیەکگەیشتن و سەنگی ڕای گشتی وکۆبۆچوون دەکاتەوە، بە تایبەتی لەسەر بابەتەکانی (کۆمەڵگە و دەوڵەت)کە بۆ جیهان پێویستییان بە ئەخلاقێك هەیە بەردەوامی هەبێت، ئەوەش لە پێناوی خوڵقاندنی چەند هەلومەرجێکی پێوەر بۆ ڕێکەوتن لەسەرچەمکی حەقیقەت، چونکە ئەم چەمکە لە حاڵەتی خۆگۆڕینی بەردەوامدایە، ئەمەش بناغەیەکی مەتین دادەنێت بۆ دیالۆگ سازاندن، دیالۆگ بۆ خۆی کردارێکە بۆ پێوەندی و بەیەکگەیشتن، ئەم کردارەش پێویستیەکە تا لە پێناوی پێوەندی ئەکتیڤ و زیندووی نێوان کرداریی ئەقڵانی و پراکتیکی ئەقڵانیدا بێتە ئاراوە..

لەم پرۆسە ئەقڵانییەدا (زمان) بریتییە لە ئامرازێك بۆ تێگەیشتن و دیالۆگ و بناغەیەکی پتەویشە بۆ کرداری بەیەکگەیشتن لە نێوان هاووڵاتیاندا..

کەواتە لەلایەن هابرماسەوە جەخت کردنەوەیەکی مکوم و مەحکەم هەیە بۆ ئەنجامدانی کرداری بەیەکگەیشتن کە دواجار گرێدەدرێتەوە بە ئەخلاقەوە و کۆمەڵێك پرسیاریشی لێوە دەوروژێت:

- کایەکانی ئەخلاقی بەیەکگەیشتن چین؟ ڕەهان یان دیاریکراون؟
- چۆنیەتی وەدیهاتنی ئەو ئەخلاقە لە کۆمەڵگەدا؟
- ڕۆڵی زمانی وتووێژو گفتوگۆ لە نێوان هاووڵاتیاندا چییە؟
- سیماکانی کرداری بەیەکگەیشتن چین؟ غائیی و مەبەستدا یان ئەقڵانیی؟

ئامانجی سەرەکی لە مەسەلەی ئەخلاقی پێوەندی و بەیەکگەیشتن لای هابرماس ڕزگارکردنی فیکرە لەو خیتاباتانەی بە دەوری فەلسەفەی خودگەراییەوە جەمسەر دەگرن و دواتر بەستنەوەی ئەم کردارەش بە ئەخلاقەوە، بۆیە ئەخلاقی پێوەندی و بەیەکگەیشتن بووە بە تەوەری سەرەکی لە فەلسەفەکەی هابرماسدا، لەم هەوڵەیدا هابرماس مەبەستێتی چوارچێوەیەکی تیۆریی ڕەخنەیی بۆ بونیادنانی ئیرادەیەکی ئازادانەی عاقڵ بونیادبنێت..

لەمەشدا ڕۆڵێکی گرنگ بە زمان دەدات چونکە بەیەکگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێی زمانەوە دروست دەبێت، بەم شێوەیە هابرماس پەیکەربەندی بیردۆزەی پێوەندی و بەیەکگەیشتنی لەڕێگەی زمانەوە سەرلەنوێ بونیاددەنێتەوە، زمان ئەو پانتاییە گرنگەیە کە بە هۆیەوە ئەو کەسانەی حەزو ویستیان لە پێگەیشتنی یەکترییە، پێوەندی بەیەکەوە دەکەن تا لە یەکترتێبگەن..

کەواتە کرداری پێوەندی و بەیەکترگەیشتن لە ڕێی زمانەوە جۆری هەماهەنگی هاوبارگەیی و بەیەکگەیشتن دیاری دەکات، ئەم هاوبارگەبوونەش بە بەردەوامی پێوەندی نێوان هاووڵاتیان ڕادەگرێت و یاساکانی پێوەندییەکەش دەپارێزێت، دواتر پێویستە پێوەندییەکە ڕەنگبداتەوە لەسەر پێوەندیی ئازادانەی هاوسەنگ و هاوتا لە نێوان هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەدا بە ئامانجی پێکهێنانی هۆشیاری و ئاگایی ئازادانەوە کە دەبێتە هۆی توندو تۆڵبوونی پێوەندی نێوان تاکی هاووڵاتی و کۆمەڵگە بە شێوازێك ئایدیۆلۆژیا سەپێنراوەکانی ڕژێمە سیاسییەکان ئەم پێوەندییە فەرز نەکەن لەسەر هاووڵاتی و هەروەها بەو مەرجەی هەموو بەیەکترگەیشتنێکی دامەزراوەیی لەسەر بناغەی فڕوفێڵ و ساختەکردن کەشف بکات، ئەم هاومیلۆدی و هاوبارگەبوونەی نێوان مرۆڤ و ئاگایی لە لایەك و هەروەها لە نێوان کۆمەڵگەو ئاگایی لەلایەکی ترەوە دەروازەی پێکهاتنی کۆمەڵگەی نوێیە لەسەر بناغەکانی کردارییی پێوەندیکردن و عەقڵگەرایی، واتە ئەم پێوەندییە لەسەر ئاستی دامودەزگایەکان بونیادنانرێت، لەم بارەیەوە هابرماس دەنووسێت(( ئەم حاڵەتی بەیەکترگەیشتنە خۆی لەخۆیدا لەناوەندێکی زمانسازی دەخوولێتەوە، واتە بەهۆی لابردنی بەربەستەکانی بەردەمی پێوەندی و بەیەکترگەیشتنەوە ئەنجام دەدرێت، تاقانە ناوەندێك بۆ ئەو مەبەستە بریتییە لە ناوەندێك کە دیالۆگی گشتی و کراوەو شەفافانەی بە عاقڵانەوە تێدا سازبکرێت..

دیالۆگێك کە ڕێبازو پێوەرەکانی ئاڕاستەکراوبن بۆ پڕۆژە ئامانجدارەکان و عەقڵی تێدا لەبەرچاو گیرابێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و لەسەر هەموو ئاستەکانی دروست کردنی پرۆسەی ئیرادەی سیاسی بونیاد دەنرێت...))(هابرماس، تەکنیك و زانست وەك ئایدیۆلۆژیا،لاپەڕە ١١٧)

کۆمەڵگەی نوێ واتە جیهانی هاوچەرخ و ئەو جیهانەی تێیدا ژیان دەگوزەرێنین کە بە پێی ڕوانینی هابرماس سێ بنەمای هەیە، بنەماکان کرۆك و ناوەڕۆکی ئەخلاقی پێوەندی و


ژمارە (٨٣٢) ■ ٢٠١١/٥/٣٠

بەیەکگەیشتنن ئەوانەیش بریتییە لە:
*دیموکراتی
*دادپەروەری
*یاسا

ئـــەم بنەمایانەش گرێدراون بە یەکترەوە و بە شـــێوازێك بەناو یەکتـــردا رۆچوون کە ناکرێت قـــسە لەســـەر یەکێکیان بکرێت بـــێ ئەوەی دووانەکەی تریان پشـــتگوێ بخرێـــن، بەڵام لێرەدا جەخت دەکەینەوە لەســـەر روونکردنـــەوەی روانینی هابرماس بۆ دیموکراتییـــەت و ئاســـتی پێوەندی ئەم چەمکـــە بە ئەخلاقی پێوەندی و بەیەکترگەیشتنەوە..

پێشترفەیلەسوفانی وەك ئەرستۆ و ئەفلاتون روانینیان سەبارەت بە دیموکراتییەت هەبووە، بەڵام ئەوان لە بنەڕەتدا گرێیان دەدایەوە بە فەلسەفەی زاتییەوە، کەچی هابرماس رەخنەی ئاراستەی ئەم تێروانینەی ئەوان بۆ دیموکراتی کردو لە گۆشـــەیەکی دیکەوە تەماشای کردنەوە ئەویش گۆشـــەی دیالۆگ و گفتوگۆ بوو، هابرمـــاس دەڵێت دیموکراتییەت پابەنـــد و گرێدراوە بە کرداری پێوەندیکردن و بەیەکگەیشـــتنی ئەوانەی دیالۆگەکە دەسازێنن، پێویستە لەسەریان لە رێگەی هەماهەنگی کردن و تێکەڵاوبوونەوە بەرنامەکانـــی گفتوگۆکەیان رێکبخەنـــەوە، لەم بارەیەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی مۆدێلی گونجاوو شیاو بۆ دیموکراتییەت ئـــەو مۆدێلەیە کە بوارو دەرفەت بە هەمـــوو هاووڵاتیان دەدات توانـــای خۆیان بەگەڕبخەن بۆ گوزارشـــت کـــردن لە بیرو راو بۆچوونـــە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانیان و ئەوپەڕی تواناش بخەنەکار تا دەرفەت دروســـت بکەن بۆ تێگەیشـــتن لە یەکتری، ئەمەش بەبێ گفتوگۆی گشتی وکراوەو شەفاف نایەتە دی ..

لێرەوە ئەو پرســـیارە زیت دەبێتەوە: ئایا ئەم دیالۆگانە (کە بێ کۆت و بەندکردن ئەنجام دەکرێن)بەپێی چ هەلومەرجی دیاریکراو بەرێوەدەچن ؟

لەم بارەیەوە هابرماس دەڵێت(( دیالۆگ ئازادە و نابەسترێتەوە بـــە هیچ شـــتێکی تـــرەوە، دیالۆگەکـــە خـــۆی هەلومەرج و پێداویســـتییەکانی جێبەجێکردنی پێوەندی و بەیەکترگەیشـــتن مسۆگەردەکات تا بیگەیەنێتە دروستکردنی راو ئیرادەی سیاسی، کەواتە ناوەندو پانتاییەك بۆ پێکگەیشـــتنی دەسەڵات و مەیدانی گشتی هاووڵاتیان دروست دەکات.

بەم شـــێوەیە بیردۆزی هابرماس بۆ دیموکراتییەت لە ســـێ چەمکی بنەڕەتی پێکدێت:
*عەقڵانییەت
*دەسەڵات
*مەیدانی گشتی

لـــەم روەوە بیردۆزی هابرماس لە دیموکراتییەتدا راوێژکردنە، لەمەوە زانستی سیاســـەت و فەلسەفەوە سۆسیۆلۆژیا چەمکی تازەی هاتە ســـەر بە ناوی (دیموکراتییەتـــی راوێژکاری)و ئەم چەمکەش بە فکری هابرماسی دەناسرێتەوە .

لە کتێبەکەیدا بەناوی (حەقیقەت و جێبەجێکردن)کە لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکرایەوە، هابرماس تێگەیشتنی خۆی بۆ دیموکراتییەت خستەڕوو، تێیدا بە درێژیی باسی لە سۆسیۆلۆژیای پەرەسەندنی تیۆری دیموکراتی لە دێرزەمانەوە تا بە ئەمڕۆدەگات کردووە، لەم هەوڵەشـــیدا تیۆری فرەیی دامەزراند کە پردێکە بۆ لێکگرێدانی شێوازەکانی پێوەری دیموکراتی و تیۆری سیستمی ئابووری.

ئەم بیردۆزە بۆ فرەیی لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدات وەك ئامرازێك لە سیاســـەت بگات، چونکە دەســـەڵاتی سیاسی و کارگێری شـــێوازێکیترە بۆ دەســـەڵاتی کۆمەڵایەتی کـــە بەمەش پردێك پێکدێت بۆ بەستنەوەی شێوازی لیبرالی دیموکراتیی و ئەزموونی زانســـتیی، بەپێی بۆچوونی هابرماس دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی پێوەرێکە بـــۆ وەدیهاتنـــی بەرژەوەندییـــە رێکخراوەکانی کە لە کێبەرکێی نێوان حزبەکان و هەڵبژاردنەکانی نێوان ئۆپۆزســـیۆن و حکومەت بەرجەستەدەبێتەوە..

هابرماس قسە لەسەر سێ شێوازی دیموکراتی دەکات:

١ـشێوازی لیبرالی:

لەم شێوازەدا بەرمەجەکردنی دەوڵەت بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت، دەوڵەت دەزگایەکی کارگێڕی گشتییە و کۆمەڵگەش سیســـتمێکە بـــۆ هەماهەنگـــی و پێوەندی لە چوارچێوەی ئابووری بازاردا نەخشەی بۆ دادەڕێژرێتەوە.

٢ـ شێوازی کۆماری:

بە پێچەوانەی شێوازی یەکەمەوە، تەرکیز ناکاتە سەر وەزیفەی میانگیری و ناوبژیوانی لە نێوان کۆمەڵگەو دەســـەڵات، بەڵکو تەرکیزی لەسەر هەموو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکەیەو لێرەوە لە پێناوی دروســـت بوونی ئیرادەو هۆشیاریدا سیاسەت بە پەرچەکردارێکی رۆحییانەی ژیانـــی ئەخلاقییانەی هاوبەش دادەنێت، ئەوەش بۆ لێکگرێدانـــی چەمکەکانی یەکســـانکردنی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا بە شـــێوەیەك هەموان وەك یەك تەماشـــا بکرێن، لێرەوە مەســـەلەی هاریکاری و تەزامون وەك پرۆسەیەکی دروستبوونی ئیرادەی سیاســـی بۆ دیاریکردنی مافـــی چارەنووس لە لایەن هاووڵاتیانەوە دێتە ئاراوە..

٣ـ شێوازی راوێژکاری :

راوێژکـــردن لـــە ناوەرۆکی واتاکانیدا واتە پێوەندی گشـــتی لەســـەر بابەتی سیاســـی و لە رێگەی کۆبوونەوەو دروستبوونی رای گشـــتی لە دامودەزگاکاندا دێتـــەدی، هابرماس ئاواتی مەزنی لەســـەر ئەم شـــێوازە دادەنێت بۆ ســـەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتـــی، چونکە پرۆســـەی دیموکراتی راوێـــژکاری تەنیا ئامرازێك نییە بۆ کەڵەکەکردنـــی زانیاری بابەتیانە یان ئامراز نییە بۆ بڕیاردانی سیاســـی بەڵکو رۆڵێکی گرنگی هەیە وەك دەزگایەکـــی (( پاکژکردنەوەی ئەخلاقی ))یە بۆیە ئەم شـــێوازە توانایەکی ئەزموونکارانەی هەیەو بە هۆیەوە ئیرادەیەکی گشتی دروســـت دەبێت بۆ هەڵبژاردنی عەقڵانییانـــەی بەرژەوەندییەکان لەسەر بناغەی ئەوەی کە کۆمەڵگە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان تەنیـــا لە کۆمەڵێك بەرهەم پێکنایـــەت بەڵکو کۆمەڵگەی نوێ لە پێناوی پارێزگاری کردنە لـــە بەها ئەخلاقی و کەلتووری و رۆشـــنگەرییەکان، کەواتە کۆمەڵگەی نوێ بە تەنیا بە کارکردن بەیەکتری ناگەن بەڵکو بە هاوبەشیکردن و هەماهەنگی کردنەوە بەیەکتری دەگەن، بەم شێوەیە تێزی راوێژکاری دیموکراتی بەرەو تێـــزی تازەی کۆمەڵگەیی دەمانبات، وا دەردەکەوێت کە دەوڵەت ناکەوێتە پێشەوەی هەموو شتەکانەوە بەڵکو دیالۆگ و گفتوگۆو پێوەندی پێشـــەنگی هەموو شـــتەکانە لە ژیانی سیاسی و بەو شێوەیە دەتوانرێت ئیرادەی گشتی و رای گشتی لای هاووڵاتیان دروست بکرێت.

لەمەوە هابرماس رای خۆی لەسەر دیموکراتییەتی راوێژکاری پەرەپێدەدات و دیموکراتییەتی رادیکالی وەك مەرجێکی پێشوەختە بۆ دەوڵەتی یاســـا داوادەکات، ئەم دیموکراتییەتەش لە پرۆسەی سیاسیدا بەرهەم و هاوبەشیکردنی هاووڵاتیانی پێویستە، ئەوەش بە خۆرێکخستنەوەی زاتیی دیموکراتیی دەکرێت لە ناو کۆمەڵگەدا . ئەمەشـــی بە ئەلتەرناتیڤی تیۆری دیموکراتی دەســـتەبژێرەوە داناوە، لەمەوە دیموکراتییەتی راوێژکاری بەستراوەتەوە بە ژیانی گشـــتی هاووڵاتیانەوەو ئامرازێکی سیاسیانەی کاریگەریشە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی...

**ماوییەتی**

**(زمان) بریتییە لە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن و دیالۆگ و بناغەیەکی پتەویشە بۆ کرداری بەیەکگەیشتن لە نێوان هاووڵاتیاندا..**

# هەستکردن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی



# بەردەوامی چالاکی کۆمەڵگە دەپارێزێت



((بەو جۆرە رەفتاربکە کە مرۆڤایەتی لەناو کەسێتی خۆت و کەسی بەرامبەردا بەردەوام ئامانجە نەک بەتەنیا هۆکار... بەوجۆرە رەفتاربکە کە ئیرادەت دروستکەری یاسای گشتییە لەمیانەی یاسای تایبەتی خۆتەوە.. بەوجۆرە رەفتار بکە کە هەمیشە پەرلەمانتاری مەملەکەتی بەرژەوەندییە گشتییەکانی لەمیانەی یاسا تایبەتیەکانی خۆتەوە)).

**کانت**

پرۆژەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەهەمـــوو بوارەکانی حکومڕانی لەهەرێمی کوردســـتاندا، هەســـتکردنێکە بە نەبوونی دادپەروەریی لەکۆمەڵگە، هەستکردنیش بەم پرســـە خۆی لەخۆیدا ڕەنگدانەوەی لۆژێك و پرۆگرامەکانی ســـەرۆکی کوردســـتانە کە هەمـــوو کات ئەو میتـــۆدە بەرنامەی ئیشـــکردنی بووە کە پێویســـتە کوردستان وڵاتـــی دامەزراوەی دەوڵەتی یاســـا بێت و لەژێر سێبەری سەروەریی یاسادا هاووڵاتیان هەست بە دادپەروەری بکەن و هەست بکەن هەموو لەبەردەم یاســـادا یەکسانن، پرۆژەی ســـەرۆك بارزانی بۆ بونیادی دادپەروەریی ئەگەر هەتـــا هەڵبژاردنەکانـــی تەمموزی ٢٠٠٩ بانگێشەیەك بووبێت بۆ ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هانبدات، دامـــەزراوەی دەوڵەتـــی یاســـا و بونیادی دادپەروەری بکەن بە ئەولەویەتی بەرنامەی سیاسەت لە حکومڕانی، ئەوا لەساڵی ٢٠٠٩ کە بڕیاریدا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بکرێتە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردســـتانەوە، ئەوا لەدوای ئـــەم بـــەروارەوە بونیـــادی دامەزراوەکانی دەوڵەتـــی یاســـا و بونیـــادی دادپەروەریی لەکۆمەڵگە بریتی بووە لەو بەرنامەیەی کە سەرۆك لەپرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا خســـتوویەتیە بەردەمی گەلی کوردســـتان و هەوڵیـــداوە ئەم بەرنامەیە بەشـــێوەیەکی پراکتیکـــی جێبەجێ بـــکات، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەســـتە کردن و پرسیارە ئەوەیە ئایا ئەم بەرنامەیەی سەرۆك بارزانی بۆچی زووتر دەستی پێنەکرد و زووتر نەکەوتە واری جێبەجێکردنـــەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەمەش پەیوەستە بەچەند هۆکارێکەوە کە هەندێکیان پێوەندی بە ناوخۆی هەرێمی کوردســـتان و عێراقەوە هەیە و هەندێکیشـــیان پێوەندی بە پێوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە، کە پێویست بوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك ســـەرۆکی هەڵبژێـــردراوی گەلـــی کوردســـتان نوێنەرایەتی ئەو بەرپرسیاریەتیە مێژووییە بکات کە لەسەر شانییەتی، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان و بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنـــە لەهەرێمـــی کوردســـتاندا، لەرۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٧ لەگەڵ ڕاگەیاندنی کابینـــەی شەشـــەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، ئەو بەرنامەیەی پێشکەشکرد کە لەماوەی خولی یەکەمی ســـەرۆکایەتی یەکەمیدا جێبەجێی بکات.

٢- خاڵـــی هەرە گرنگ لـــەم بەرنامەیە ئەوەبوو کە ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان هەموو ناوچەکانی کوردستان بەسەر بکاتەوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵك دابنیشێت و گوێ لەداواکارییەکانیان بگرێت و لەبەر ڕۆشنایی داواکارییەکانی خەڵك بەرنامەکەی جێبەجێ بکات، لەم بوارەشـــدا بەڕێزیان ســـەردانی ناوچەکانی ســـۆران و حەوزی بتوێنی کرد و ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە دانیشـــتنی کردو داواکارییەکانی جێبەجێ کردن.

٣- ســـەرۆك بارزانـــی لەگـــەڵ هەموو



مارجۆری زاتس بۆ گوڵان:

## دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێویستی بە بوونی دەرفەتگەلێکی تا ڕاددەیەک یەکسان هەیە بۆ بەهرەمەندبوون لە مافە، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتوری، سیاسی و مەدەنیەکان

■ ■ ■

سەرۆك شارەوانییەکانی کوردستان کۆبووەوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لەکێشە و کەموکورتی و خزمەتگوزارییەکانـــی خەڵـــك تێبگات و دەســـەڵاتی سەرۆك شـــارەوانییەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی لەئاســـتی جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییـــە ســـەرەکییەکانی خەڵکی کوردستاندا بن.

٤- ئامانجی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم بەرنامەیە ئەوەبوو خەڵکی کوردســـتان هەســـت بکەن هەنگاوەکان بۆ نەهێشـــتنی کەموکورتییەکان و بونیـــادی دادپەروەرییە لەهەرێمی کوردستاندا.

ئەو خاڵانەی ئاماژەمـــان پێکرد هەموو پێکەوە دەبنە دوو خاڵـــی دیکە کە دەکرێت لەکەسێتی ســـەرۆك بارزانیدا بیخوێنینەوە، ئەو دووخاڵەش بریتین لە:

* بەڕێز مسعود بارزانی ئەو سەرۆکەیە توانای ئەوەی هەیە مەزندەی خێر دروســـت بکات و ئەو نیەتەشـــی هەیە هەوڵبدات ئەو مەزنـــدە خێرانەی بـــۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات.

* بەڕێز مسعود بارزانی ئەو سەرۆکەیە هەســـت بە بایەخ و گرنگـــی دادپەروەریی دەکات و دەشزانێت پرانسیپەکانی دادپەروەریی چین و دەشـــزانێت چۆن ئەو پرانســـیپانەش جێبەجـــێ دەکرێن. لەمـــەش گرنگتر بەڕێز بارزانـــی لەچۆنییەتی بڕیاردان و دەرکردنی بڕیارەکانـــدا، ئامانجـــی ئەوەیـــە بڕیار و ڕاسپاردەکانی بۆ بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردســـتان بێـــت و لای هەمـــوو خەڵکی کوردستان پەسەند بێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بەرنامەکـــەی بەڕێزیان بەوجـــۆرە بوو، کە جێبەجێکردنـــی بەرنامەکـــەی پێویســـتی بەهاریـــکاری هەموو خەڵکی کوردســـتان و تێکڕای لایەنەکانی کوردســـتان هەیە(بە لایەنەکانی دەســـەڵات و ئۆپۆزســـیۆنەوە)، هەروەهـــا بەرنامەکەی ئەوەی پیشـــاندایین کە ئەو بەرنامەیە پێویســـتی بە وەرگرتنی بڕیاری قورس هەیـــە و ئاکامی ئەو بڕیارە قورســـانەش هەر لایەك بگرێتەوە، پێویستە شانی بداتە بەر و تەحەمولی بکات.

**دواکەوتنی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە**

هـــاوکات لەگەڵ دەســـتپێکردنی خولی یەکەمـــی ســـەرۆکایەتی بەڕێز مســـعود بارزانی وەك یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراو ڕاســـتەوخۆ لەلایەن گەلی کوردســـتانەوە، عێراق کەوتە قۆناغی خـــۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنێکـــی تـــازە، ئـــەم هەڵبژاردنەی عێراقیش نەك هـــەر ناوخۆی عێراق، بەڵکو وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی و یەکێتی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشـــی بە خۆیەوە ســـەرقاڵ کردبـــوو، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە بەڕێز مسعود بارزانی ســـەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات و لەگەڵ ســـەرۆك ئۆباما و بەرپرســـانی دیکەی کۆشـــکی ســـپی کۆببێتەوە، دوای گەڕانەوەشـــی لەئەمریکا ئیدی بەتەواوەتی عێـــراق هەمووی کەوتە ناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و لەبەر ئەوەشی کـــە لەهەڵبژاردنەکانـــی مانگـــی مارتی ٢٠١٠ حزبەکانی کوردســـتان بە یەك لیست

بەشداری هەڵبژاردنەکانیان نەکرد، بۆیە بەڕێز سەرۆك بارزانی وەك لەدیمانەکەی لەمانگی تەمموزی ٢٠١٠ بە گوڵانی ڕاگەیاند، لەبەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و بۆ ئەوەی سەردانەکانی بەڕێزی نەبنە بەشێك لەهەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، ئەو بەرنامەیەی ڕاگرتووە، دوای هەڵبژاردنەکانیش بارودۆخی عێراق کەوتە قەیرانێکی حکومڕانی ئەوتۆوە کە هەتا ئێستا لەجیهانی دیموکراتیدا وێنەی نەبووە و هەتا ئێستاش کە نزیکەی ١٥ مانگ بەسەر ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە تێپەڕیووە هێشتا حکومەتی عێراقی بەتەواوەتی پێکنەهاتووە و هێشتا کۆمەڵێك کێشە لەپێکهێنانی ئەو حکومەتە بوونی ماوە، کە دیارترینیان کێشەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکانە، بۆیە ئەگەر ئەم قەیرانەی عێراق ڕاستەوخۆش کاریگەری لەسەر بەرنامەکانی سەرۆك نەبووبێت ئەوا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە، سەرەنجامیش کێشەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق هەر لەڕێگەی ئەو دەستپێشخەرییەوە چارەسەر کرا، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا پێشکەشی کرد و دەروازەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کردەوە لەهەمووی گرنگتر لەم دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەبوو کە توانرا پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کورد وەربگیرێتەوە، دوای پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش، کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە پێشەوە، کە بێجگە لەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی خۆی گۆڕی بۆ (دادپەروەریی و نوێبوونەوە و پێکەوەژیان) لەهەمانکاتدا بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشنیاری بۆ کۆنگرە کرد کە مافی چارەی خۆنووسین ببێتە یەکێك لەبەرنامەکانی پارتی بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی بێجگە لەوەی خۆی وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان کە بەرنامەکەی لەسەر بنەمای دادپەروەرییە، بە هەمان شێوە دادپەروەریی بووە یەکێك لەدروشمەکانی پارتی بۆ قۆناغی داهاتوو، هەربۆیە پێش ئەوەی سەردانی ئیتاڵیا بکات، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبووەوە و داوای لێکردن بەرنامەیەك گەڵاڵەبکەن بۆ ئەوەی پاش گەڕانەوەی لەسەردانەکەی پێکەوە هەوڵبدەن پرۆسەی چاکسازی لەکوردستان دەست پێبکەن.

**دادپەروەریی**

**وەك پرۆسەیەك بۆ سەروەریی یاسا**

ئەگەر لەو ڕاستیەوە دەست پێبکەین کە هەموو تاکێك هەوڵ بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی دەدات، ئەوا نابێت ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو نەگرین پێویستە ئەو تاکەی ئەم هەستەی خۆی وەك یاسایەکی تایبەت بەخۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بە ڕەوای دەزانێت، ئەوا دەبێت هەمان ئەو هەستە بۆ بەرامبەرەکەشی بە ڕەوا بزانێت، دەبێت ڕەفتارەکانی بەو جۆرە بێت کە ئەوەی بۆخۆی بەڕاستی دەزانێت ببێتە یاسای



نیل ڤیدمار بۆ گوڵان:

## دەبێت یاساکان ئەو ڕێسایانە لە خۆبگرن تا خەڵکی سوودیان لێوەربگرن و دەرفەتێکی دادپەروەرانەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بە پێی ئەو ڕێسایانە یەکلابکرێنەوە

گشتی، ئەمەش واتە پێویستە تاك مەزندەی خێری بۆ کۆمەڵگە هەبێت و هەوڵیش بدات هاوکار بێت بۆ پیادەکردنی ئەو مەزندەیە بۆ خێری کۆمەڵگە، هەر بۆیە لێرەوە کاتێك باسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکەین، یان باسی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەین کە پێویستە دادپەروەریی تێیدا بەرقەرار بێت، دەبێت ئەوە ئاشکرا بکەین مەبەستمان چاودێری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا مەبەستیشمان ئەوە نییە کە چەمکی چاودێری کۆمەڵایەتی هیچ پێوەندییەکی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین دەشێت لەوڵاتێکدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (تارادەیەك) دابینکرابێت، لەهەمانکاتیشدا چاودێری کۆمەڵایەتیش بوونی هەبێت، لێرەدا کە بوونی دادپەروەریی بە (تارادەیەك) پێناسە دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە جیاوازییە سروشتییەکانی تاك پارێزگاری پێوە بکەین، ئەم جیاوازییە سروشتیانە هاندەرێك بن بۆ بەردەوامی چالاکی کۆمەڵگە و هاندانی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان و سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان بە خێراتر، هەربۆیە لێرەدا بەمەبەست هەردوو چەمکی (دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چاودێری کۆمەڵایەتی) یمان لەیەکتری جیاکردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناتوانین بڵێین لەوڵاتێکدا چاودێری کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت مانای وایە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، لێرەوە چوونە ناو ئەم دووچەمکە گرنگە و بەرەو ئاراستەیەکی جیاوازمان دەبات، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەگەر چەمکی چاودێری کۆمەڵایەتی وەك یەکێك لەبەرهەمەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بخوێنرێتەوە، ئەوا بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەك ڕەخنەیەك لەکەموکورتیەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و شێوازێك لەپیادەکردنی سیستمی لیبرال دیموکراتی دەخوێنرێتەوە، ئەم ڕەخنانە کە زۆر جار لەچوارچێوەی چەمکە فەلسەفیەکاندا بە شێواز و زاراوەی دیکە دەردەبڕێن، وەك یەکێك لەکەموکورتیەکانی سیستمی لیبرالی و دامەزراوەکانی دەخوێنرێتەوە کە سەرەنجام دەبێتە هۆکاری ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی خاوبنەوە و لەگەڵیشدا چالاکیەکانی کۆمەڵگە سڕبن، سەبارەت بەم لایەنەی تێگەیشتن لەچەمکی دادپەروەریی و چۆنییەتی پێناسەکردنی کۆمەڵگەی دادپەروەر، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر بریج مۆهان ئوستادی سۆسیۆلۆژی لەزانکۆی لویسیان کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (ئەمە پرسیارێکی باش و لەهەمان کاتدا پرسیارێکی قورسیشە، مەسەلەی دادپەروەریی کێشەی هەموو جیهانە. کاتێك باس لەکۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دەکەین دەبێت سێ ئیعتیبار لەبەرچاوبگرین: یەکەمیان بریتییە لەسەروەریی یاسا، ڕەنگە بوونی سەروەریی یاسا لەکۆمەڵگەیەکدا ببێتەهۆی ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر

دابنرێت و مومکینە بەم شێوەیەش لێی نەڕوانرێت. ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا کۆمەڵگەکە چ یاسایەك یان چ دەزگا و دامەزراوەیەکی بنیادناوە بۆ سەپاندن و هێنانەدی یاسا و نیزامەکانی، چونکە ستالین یاسا و نیزامی هەبوو، ماوتسی تۆنگ یاسا و نیزامی هەبوو، بەڵام ئایا هەموو ئەو یاسا و نیزامانە بەو شێوەیە داڕێژراون کە لەکۆتاییدا عەدالەت و یەکسانی بۆ هەمووان بهێننەدی دی؟ من پێموانییە. بگرە هەندێ جار لەوانەیە یاسا خۆی ببێتە هۆکاری بێنیزامی، لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگەیەك لەقۆناغی گەشەکردندایە. ئەویش لەکۆمەڵگەیەکی تازەگەشەکردووەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی گەشەکردو، لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەکان بە گۆڕانکاریەکی زۆردا تێدەپەڕن کە مەرج نییە هەموو ئەو گۆڕانکاریانە لەبەرژەوەندی خەڵکدا بن. لەڕاستیدا دەبێت دامەزراوە یاساییەکان لەگەڵ ئامانج و ئومێد و بەهاکانی کۆمەڵگەکەدا گونجابن. ئیعتیباری دووەم ئەوەیە دەبێت کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەبێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە سەرەڕای جیاوازیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانمان دەبێت ڕێز لەیەکتری بگرین. کێشەی کۆمەڵگەکان لەئێستادا ئەوەیە بە شێوەیەك ڕوو لەزیاد نالێبوردەبوون دەبن و پەنا بۆ توندوتیژی و تیرۆر دەبەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان، ئەویش لەسەر حسابی کۆمەڵگەکە. واتە داهاتێکی زیاتر بۆ شەڕ و کاری وێرانکاری تەرخان دەکرێت، لەبری ئەوەی بۆ دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و یارمەتیدانی هەژاران خەرج بکرێت. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئەگەر لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ڕێزگرتنی دوولایەنە هەبوو، ئەوا ئەو داهات و داراییەی بۆ کوشتنی یەکتری تەرخانی دەکەین، دەیخەینە وەبەرهێنانەوە بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی ژیان و گوزەران و تەندروستی منداڵەکانمان، ئینسانەکانمان)).

هەر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا و سەبارەت بە وەرچەرخانی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر، پرۆفیسۆر مۆهان بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئێوە دەستەواژەیەکی باش بەکاردەهێنن، کە دەڵێن وەرچەرخانی کۆمەڵگە، من لەنووسینەکانمدا باسی «ئاڵوگۆڕی» کۆمەڵایەتیم کردووە، مەبەستی من ئەوە نەبووە ئەمە بە مانای گۆڕینی بۆیاخی باڵەخانەکان یان ڕواڵەتی شتەکان بێت، بەڵکو مەبەستم لەدووبارە خولْقاندنەوەی کەلتورە بە شێوەیەکی بنیادنەرانە، بە شێوەیەکی بەرهەمدارتر کە کاریگەری باشی لەسەر ژیانی خەڵك لێبکەوێتەوە. ئەوەی پێی دەوترێت کۆمەڵگەی چالاك، لەڕاستیدا چالاك نییە، لەبەر ئەوەی پاڵنەر و هۆکارەکانی کارکردنیان بەرژەوەندیە بەرتەسکەکان و شەڕکردنە لەگەڵ یەکتردا، ئەمە کۆمەڵگەیەکی چالاك نییە، ئەمە کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو نییە. کەواتە ئەمە کۆمەڵگەیەکە ئەرکەکان تیایدا نابنە کردار، ئەو کردارانەی دەبنەهۆی گۆڕینی کۆمەڵگەکە، گۆڕینی بۆ کۆمەڵگەیەك کە ئەو کۆمەڵگەیە مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی بکات. تێڕوانینی من بۆ ئازادی ئەوەیە کە دوو ستوونی سەرەکی هەیە، کە ئەو دوو ستوونە سەرەکیە بریتین لەعەدالەت و یەکسانی، لەڕاستیدا ئەگەر عەدالەت و یەکسانی بوونیان نەبوو، ئەوا ئازادی مانایەکی نابێت. من پشتگیری ئەو ئازادییە ناکەم کە ڕێگە بە کوشتنی ڕکابەرەکان بدات، ڕێگە بدات مامەڵەیەکی نائینسانی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە جیاوازن. واتە دەتوانین لەسەر ئاستی جیهانی مانایەکی هاوبەش بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابڕێژین. هەروەها دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە ئازادی هاوشانە بە بەرپرسیارێتی، واتە تۆ بەرپرسیارێتی ئەوەت لەئەستۆیە کە ئازادبیت و ڕێگە بە ئازادی ئەوانی دیکەش بدەیت. بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم ئەو کۆمەڵگەیەی نرخ بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی دادەنێت، کۆمەڵگەیەکە کار بۆ شێوەیەك لەشێوەیەکان لە فەلسەفەی یەکسانی دەکات. لەو کۆمەڵگەیانەی بایەخ بە ئاشتی کۆمەڵایەتی نادەن، بۆ نموونە پاکستان، یان



هەندێ وڵاتی دیکە کە دەبینین تیرۆر و توندوتیژی و تاوان بەربڵاوە، بەها و مافە مرۆییەکان گرنگیان نییە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئاشتی کۆمەڵایەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دوو ڕووی یەك دراون)).

ئەوەی پرۆفیسۆر مۆهان وەك کێشەیەکی جیهانی ئاماژەی پێکرد، هەوێنی هەمان بیرکردنەوەیە کە پرۆفیسۆر ئەمیتای ئیتزایۆنی لە کتێبی (کۆمەڵگەی چالاك – Active society) وەك تیۆریك بۆ ڕێگرتن لەسست بوونی کۆمەڵگەی پێ داڕشتووە، ئیتزایۆنی لەم کتێبەدا هەموو

هەوڵــی داوە بۆ ئەوەی دیالۆگ لەســەر بنەمای مۆراڵی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بــەردەوام بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتــی ئەمریــکا هــەر بەچالاکی بمێنێتەوە، بەڵام پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بــەم تیۆرەی ئیتزایۆنی توانرا کێشــەکانی لیبرالیزمی سیاســیی ئەمریکا چارەســەر بکرێن، بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی دوای ئیتزایۆنی، پرۆ فیســۆر جۆن راولز کتێبی (تیــۆری دادپەروەریــی: دادپەروەریی وەك ویژدان - A Theory of Justice: Justice as Fairness)، وەك رەخنەیەك لەلیبرالیزمی سیاســیی ئەمریکا پــەروەردە بکرێن کەلەگەڵ ئــەم چەمکە بگونجێت، ئەمەش بــەو مانایەی تاك یان کەســەکان دەتوانن بەشــداریەکی چالاکیان لەناو کۆمەڵگە هەبێت و دەشتوانن رۆڵێکی کاریگەر لەناوکۆمەڵگە بگێڕن، خەســڵەتی ئەوەشــی تێدابێت کە رێز لەهەموو ئەرك و مافەکانی لەناو کۆمەڵگە بگرێت، ئەرك و مافەکانیشــی وەك هاریکاریەکی ویژدانی نێوان خودی تاك و تاکەکانی بەرامبەر سەیر دەکرێت، سەبارەت بەچۆنییەتی هێنانەکایەی ئەم بارودۆخــە کە تاکــەکان دەباتەوە بارە ئەسڵیەکە، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر مارجۆری زاتس بەڕێوبەری ســەنتەری دادپەروەری




بووە یەکەمین هەوڵی ســەدەی بیستەم بۆ ســەرلەنوێ پێناســەکردنەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی گرێبەســتەکە بــۆ (بــارە ئەســڵیەکەی - Original position)، واتە پێش گرێدانی گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکە و پێش ئــەوەی بەپێی ئەو گرێبەستە هاووڵاتیان ملکەچی فەرمانی نێو گرێبەستەکە بن. کەواتە تیۆری دادپەروەریی وەك ویژدان ئەوەمان فێردەکات کە پێویستە، یەکەم: سیستمی کۆمەڵگە وەك سیستمێکی هاریکاری لەسەر بنەمای ویژدانی تاکەکان سەیر بکرێت، بۆچوونی تاکەکانیش بەوجۆرە و وەرچەرخانــی کۆمەڵایەتــی لەزانکۆی ئەریزۆناکرد و سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە بۆ گــوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (چەندین پێناســە هەیە بۆ عەدالەت، بــە تایبەتی بۆ عەدالەتــی کۆمەڵایەتی. بە تێڕوانینی مــن، عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێویســتی بە بوونــی دەرفەتگەلێکی تــا رادەیەك یەکســان هەیە بۆ بەهرەمەندبوون لە مافە، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتوری، سیاسی و مەدەنییەکان، نەك تەنیــا بەهرەمەندبوون لەیاسا و رێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسایەی سەروەریی یاسادا، ئەگەرچی ئەوانە خاڵی دەستپێکن، لەمبارەوە ئیریس ماریۆن یۆنگ لەکتێبەکەیدا (لەســاڵی ١٩٩٠، لا ٤٨-٦٥) خاڵێکی گرنگ دەوروژێنێت کە سەرکوتکردن لەپێنج «ڕواڵەت»دا دیاریدەکات، ئەوانیش بریتین لەئیســتیغلالکردن، پەراوێزخســتن، بێدەســەڵاتی، توندوتیژی سیســتماتیك و ئیمپریالیزمی کەلتــوری. ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەگەلێکــی دادپــەروەر بخوڵقێنین، ئەوا پێویستە ئێمە هەر یەکە لەم فۆرمانەی ســەرکوتکاری نەهێڵین. پرسیارەکەی ئێوە تەواو لەگەڵ چەمکەکانی بێدەسەڵاتبوون، پەراوێزخستندا دەگونجێت- دەبێت ئەندامانی کۆمەڵگە بتوانن بەشداری لەدەرکردنی ئەو بڕیارانەدا بکەن کە پەیوەستن بە هەلومەرجی کارکــردن و هەلومەرجــی ژیانیانــەوە، هەروەهــا نابێت دوورەپەرێــز بکرێن، ئەگەر بیانەوێت بەشــداری لەکۆمەڵگەکەدا بکەن. دروســتکردنی ئەم جۆرە هاووڵاتیبوونە کە دەرفەتی بەشداری کردنی لەدەسەڵاتدا هەبێت، دەبێتەهۆی دروســتکردنی کۆمەڵگەیەکی چالاك، هەروەك ئێوە گوزارشــتی لێدەکەن. هەربۆیە ئەگەر بتوانین کۆمەڵگەیەك دروست بکەین کە توانــای ئەوەی هەبێت خۆی بە دووربگرێت لەئیستیغلالکردن، پەراوێزخستن، بێدەســەڵاتی، توندوتیژی سیســتماتیك و ئیمپریالیزمی کەلتوری، ئەوا تۆ هەنگاوی گەورەت هەڵگرتووە بە ئاراستەی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکــی دادپەروەر و ئاشــتییەکی درێژخایەن)).

### دادپەروەری سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی و کێشەی سەرەکی ئەو کۆمەڵگەیە

ئەگەر دادپەروەریی بەشێوەیەکی گشتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەشــێوەیەکی تایبەتی ئەو ئامانجــە بێت لەکۆمەڵگەی دیموکراتــی بێنــە دی، ئــەوا بێگومــان ئەم ئامانجە دەبێتە کێشــە ســەرەکیەکەی کۆمەڵگــەی دیموکراتــی و دەبێت هەموو هەوڵەکان بەو ئاراســتەیە چڕبکرێنەوە ئەم ئامانجە بێتە دی، بەڵام دیســان پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو میکانیزمانە چین بەو شــێوە بوار دەدەن کە شێوازی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕێت و وا لەتاکەکان دەکات هەموو هەوڵ بۆ ئەم ئامانجە بدەن؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە فەرزی دەکات کە دەبێت ئەو تاکانە لەکۆمەڵگەیەکــی دیموکراتیدا بــن و هاووڵاتی ئازادبن، ئەو کەسانەشــی نوێنەرایەتــی هاووڵاتیە ئــازادەکان دەکەن، دەبێت بەو ئاستە لێهاتوو

بن لەدەرکردنی یاسا و بڕیارەکاندا ڕەچاوی ئەقڵانییەت و ئەخلاقیەت بکەن و بڕیار و یاساکانیان بەرهەمی ئەقڵ و ئەخلاق بێت، بۆ ئەوەی بڕیارەکان لەبری ئەوەی بڕیار و یاسای پەسەند بن بۆ گروپێك و ناپەسەند بۆ گروپێکی دیکە، ئەوا بڕیار و یاساکان ببنە ئەو بڕیار و یاسایانەی کە تا ئەو ئاستە ماقووڵ بن کە لای هەمووان پەسەند بێت. ئەمەش وەك ئەمانوئێل کانت ئاماژەی پێدەکات بەوەی پێویستە ڕەفتاری تاکی ئاقڵمەند لەکۆمەڵگە بەوجۆرە بێت هەموو کات بەو شێوەیە سەیری خۆی بکات کە یەکێکە لەیاسادانەران لەمەملەکەتی بەرژەوەندییە گشتیەکان، کە جۆن راولز خاوەنی تیۆری دادپەروەری بەوجۆرە دایڕشتۆتەوە کە چەمکی بوون بەئەندام لەمەملەکەتی بەرژەوەندی گشتیدا، دەبێت بەو جۆرە وێنابکرێتەوە، کە لایەنە یاسادانەرەکانن کە لەسەر بنەمای بارە ئەسڵیەکە(Original position) و لەودیوی پەردەی نەزانییەوە بڕیار و یاساکان دەردەکەن بێ ئاگابن لەبەرژەوەندییەکان، (بێگومان مەبەستی راوڵز، لەپشتی پەردەی نەزانینەوە- -behind a veil of ignorance، ئەوەیە یاسادانەران نەزانن ئەو یاسایانەی دەریدەکەن لەبەرژەوەندی (نەتەوە، ئایین، چینێکی دیاریکراو..تاد) دایە، ئەمەش واتە لەیاساکاندا ڕەچاوی بنەما ئەخلاقی و ئەقڵانییەکانی کردووە و توانا و لێهاتوویيە جیاوازەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەی لەبەردەم هەل و دەرفەتە گونجاوەکاندا یەکسان کردووە، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەل و دەرفەتەکان بەیەکسانی بۆ هەموو تاکەکان واڵان، بۆیە سوودی وەرگرتنی توانا جیاوازەکان لەهەل و دەرفەتە جیاوازەکان، جیاوازییەك لەکۆمەڵگە دروست دەکات، کە ئەو جیاوازییە لای هەمووان ماقووڵ دەبێت و لەمەش زیاتر ئەم جیاوازییە دەبێتە جۆرە هاندانێك کە چالاکی کۆمەڵگە بەردەوام بێت و شێوەی ئاسۆیی ڕێزگرتنی ئەرك و مافی نێوان تاکەکان ببێتە هاریکارییەکی ویژدانی ئەم ڕێز لەئەوی دیکە بگرێت. دەربارەی چۆنییەتی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی یان ڕەچاوکردنی ماقووڵیەتی یاسا و بڕیارەکان، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جیفری ئان رۆس ئوستادی عەدالەی جینائی لەزانکۆی بەلتیمۆر کرد و بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە گرنگە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (لەڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی قورسە. مشتومڕێکی فەلسەفی هەیە لەبارەی ئەوەی چی دادپەروەرە و چی دادپەروەر نییە. کەواتە ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە، کە هەم دەبێت لەڕەهەندی فەلسەفیەوە لێکبدرێتەوە و هەم لەڕووی واقیعی و عەمەلیەوە تاوتوێ بکرێت. من بە شتێکی ڕەوای نازانم پێناسە و تێگەیشتنی خۆم بۆ عەدالەت بەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بسەپێنم. پێموایە دەبێت هەر کۆمەڵگەیەك لەڕێی پرۆسەی گفتوگۆکردن و مشتومڕکردن و هەروەها شیکردنەوەوە بگەنە ئەو دەرئەنجامەی چی بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەری دادەنێن، لەهەمان کاتدا دەبێت پێوەر و ستانداردی عەدالەت دابنێن و ئەو ڕاستیەش لەبەرچاوبگرن، کە



بریج مۆهان بۆ گوڵان:

## وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بە مانای گۆڕینی ڕواڵەتی شتەکان نییە، بەڵکو بریتییە لە دووبارە بونیادنانەوەی کەلتور بەشێوەیەکی بنیادنەرانە، بۆ ئەوەی کاریگەری باشی لەسەر ژیانی خەڵک لێبکەوێتەوە

ئەم ستانداردانە نەگۆڕنین، بە دەربڕینێکی دیکە ئەو ستانداردانە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن، ئەویش لەسەر ئەساسی ئەزموون، یان مەعریفە، یان بەهۆی فێربوون و دەرس وەرگرتنەوە لە هەلومەرج و دۆخەکانی دیکە، لەوڵات و گرووپەکانی دیکە. واتە ڕەنگە ئەوەی لەکۆمەڵگەیەکدا بە دادپەروەر دادەنرێت، لەکۆمەڵگەیەکی دیکەدا بە هەمان شێوە لێی نەڕوانن. من لەیەکێك لەکتێبەکانمدا باسم لەوە کردووە ئەو کۆمەڵگەیانەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دووچاری داپڵۆسین بوونە، خەمساردن لەبەشداری کردن لەپرۆسە سیاسییەکە، لەبەر چەند هۆکارێك، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە لەڕابردوودا کاتێك بەشداریان کردووە لەپرۆسە سیاسییەکەدا دووچاری سزادان بوونەتەوە، ئەو سزایانەش زۆر زیانبەخش بوونە بە ژیان و بە گوزەرانیان. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کاتێك خەڵك تەواو سەرقاڵ دەبن بە پەیداکردنی بژێویانەوە، ئەوا ناتوانن بەشداری لەپرۆسە سیاسییەکەدا بکەن. ئەمە لەکاتێکدا ئەرکی هەموو کەسێکە بەشداری لەپرۆسە سیاسییەکەدا بکات، لەبەر ئەوەی لەکۆتاییدا تۆ ئەو کۆمەڵگە و ئەو حکومەتە پێکدەهێنێت کە خۆت خوازیاریت، چونکە نابێت لەئاستی نارێکیدا بێدەنگ بیت، لەبەر ئەوەی بێدەنگبوونت دەتکاتە شەریك، یان دەتکاتە پشتیوان بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، بە کورتی کاتێك هەست بە نارازیبوون دەکەیت، دەبێت گوزارشت لەم نارازیبوونەی خۆت بکەیت. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت زەمینە بڕەخسێنین بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن گوزارشت لەخۆیان بکەن، ئەویش یان لەڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە، یاخود بونیادی حکومەت بە چەشنێك بێت کە دەرفەتی بەشداریکردن بۆ زۆرترین خەڵك دروست بکات)).

### پەسەند کردنی جیاوازییەکان وەك بەرهەمی یەکسانی

لەپرۆسەی پیادەکردنی دادپەروەریی لەکۆمەڵگەدا جیاوازییە سروشتییەکان، وەك توانای جەستەی و زیرەکی و ڕەنگی پێست و ئایین و نەتەوە و مەزهەب، بێلایەن دەکرێت و نابێت کاریگەری بەسەر ئەو بڕیار و یاسایانەوە هەبێت کە دادپەروەریی لەکۆمەڵگە پێی جێبەجێ دەکرێت، بەڵکو دەبێت جیاوازییە سروشتیەکان بەرێگەی گرێبەست لەسەر بنەمای بارە ئەسڵیەکە سەیر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێت جیاوازییە سروشتیەکان کارێکی دادپەروەرانەیە یان نادادپەروەرانەیە، هەر بۆنموونە کەسێك لەکەسێکی دیکە زیرەکترە، یان کەسێك لەکەسێکی دیکە توانای جەستەیی بەهێزترە، ناکرێت و ناتوانین بڵێین ئەم جیاوازیانە دادپەروەرانەن یان نادادپەروەرانەن، بەڵام بڕیاردان لەسەر دادپەروەریی و نادادپەروەریی پەیوەستە بەو دامەزراوانەی کۆمەڵگە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە دەکەن، ئەمەش دەبێت بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە هیچ کەسێك لەو لایەنانەی کە دەبنە یاسادانەر،

خۆیان بە نوێنەری هیچ لایەنێکی جیاواز دانەنێن، بۆیە لەبەر چاوی یاسادانەران هەتا ئەو کاتەی یاساکە دەردەکەن، هیچ کام لەو کەسانەی مامەڵە لەگەڵ ئەو یاسایانە دەکەن، بەرژەوەندی خۆیان نازانن، ئەم حاڵەتی نەزانینی بەرژەوەندیانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی یاسایەك دەربکرێت، پێی بگوترێت یاسایەکی بەویژدان یان یاسایەك لەلایەن هەموانەوە وەك یاسایەکی ماقوڵ سەیر دەکرێت، لێرەوە ئەگەر وردتر سەنج بدەین، لەبەر ئەوەی جیاوازییە سروشتیەکان بێلایەن کراوە یان لەدەرکردنی یاساکەدا ڕەچاو نەکراوە، دەبینین تاکەکان لەدیدی لایەنەکانی یاسادانەرەکانەوە هەموویان یەکسانن، بەڵام مامەڵەی تاکەکان بە جیاوازییە سروشتیەکانیانەوە، بەرهەمی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، سەبارەت بەو جیاوازیانەی لەئاکامی یاساکانەوە دروست دەبن پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر نیل ڤیدمار ئوستادی یاسا لەزانکۆی (DUKE) کرد و سەبارەت بەم جیاوازیانە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (لەراستیدا ئەوە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە، بەڵام لەبنەڕەتدا دوو شت هەیە دەتوانین بیریان لێبکەینەوە، یەکێکیان پەیوەستە بەوەی ئایا تۆ ئەو شتانەت بەدەست هێناوە کە پێتوایە شایستەی ئەوەیت بەدەستیان بهێنێت یان مافی بەدەستهێنانیانت هەیە، ئەوی دیکەیان پەیوەندی بەوەوە هەیە کاتێك تۆ ناکۆکی و کێشەیەکت هەیە لەگەڵ کەسێکدا و پەنا بۆ دادگا یان هەر دامەزراوە و دەزگایەکی دیکە دەبەیت، هەست بکەیت دەرفەتێکی دادپەروەرانەت پێدراوە بۆ ئەوەی بۆچوون و بەڵگەکانی خۆت بخەیتەڕوو، ئەو توێژینەوانەی من و هاوالەکانم ئەنجامان داون، ئەوە دەردەخەن کە تەنانەت لەحاڵەتی دۆڕانیشدا ئەو کەسانە ئەنجامەکە قبوڵ دەکەن ئەگەر هەست بکەن دادگایەکی دادپەروەرانە کێشەکەی یەکلاکردۆتەوە و ئەوان دەرفەتێکی دادپەروەرانەیان هەبووە بۆ خستنەڕووی بەڵگەکانی خۆیان. کەواتە ئەمانە دوو پێکهاتەی عەدالەتی کۆمەڵایەتین. لەلایەکی دیکەوە خەڵکانێکی زۆر هەیە لە وڵاتەکەی ئێمەدا کە هەست دەکەن مامەڵەیەکی دادپەروەرانەیان لەگەڵدا نەکراوە لەچوارچێوەی سیستەمەکەدا، بە تایبەتی کۆچکردووەکان، خەڵکانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین کە بە ئیسپانی قسەدەکەن، ئەو ئەمریکیانەی بە ئەسڵ ئەفریقین، واتە ئێمە سیستەمێکی کامڵمان نییە، بەڵام ئەو دامەزراوانەمان هەیە کە بەلای کەمەوە هەوڵی ئەوە دەدەن ژیانی ئەو کەسانە باشتر بکەن و فۆرمێك لەعەدالەتی کۆمەڵایەتی بهێننەدی، کەواتە سیستەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دادپەروەریی کامڵ نییە، بەڵام ئایدیا و بیرۆکەیەکی هەیە لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەوە. کێشەکە ئەوەیە لە وڵاتانی دیکەدا ئەو دامەزراوە دەستووریانە بوونیان نییە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو دامەزراوانە بنیاد بنرێن و دەبێت بە ڕەوتێکی لەسەرەخۆش بنیاد بنرێن، چونکە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی خەڵك فێربن و بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ئەو کۆمەڵگەیانەدا



جیفری ئان ڕۆس بۆ گوڵان:

## دەبێت پێوەری دادپەروەری لەبەرچاوبگرین و بشزانین ئەم پێوەرانە نەگۆڕنین، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزموون، یان مەعریفە، یاخود بەهۆی فێربوون و دەرس وەرگرتنەوە لە هەلومەرج و دۆخەکانی دیکە دەگۆڕێن

■ ■ ■

بگونجێنن. هەربۆیە دەبێت یاساکان یاسای گشتی و موجەرەد بن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە موجەرەدی یاساکان وایکردووە نەتوانن تەغتیەی هەموو مەسەلەو ڕووداوێك بکەن، لەبەر ئەوە دەزگاگەلێکی دیاریکراو هەن، بۆ نموونە حاکمەکان، یان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «هیئة المحلفین» هەیە کە ئەوە یەکلادەکەنەوە ئایا ڕووداوێکی یان کارێکی دیاریکراو ڕەوایە یان ڕەوانییە، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم سیستەمی ئەمریکا لەوڵاتانی دیکە سەرکەوتوو نەبێت. هەرچۆنێك بێت دەبێت ئەو دەزگا و دادوەرانە هەبن کە ناوەڕۆکی یاساکان جێبەجێ بکەن. کەواتە دەبێت دەستوور و یاساکان ئەو ڕێسایانە لەخۆبگرن کە خەڵکی بتوانن سوودیان لێوەربگرن، یاخود بتوانن سکاڵاکانی خۆیان بە چەشنێك بەرز بکەنەوە کە دەرفەتێکی دادپەروەرانەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ڕێسایانە یەکلابکرێنەوە)).

سەبارەت بەوەشی تاچەند دادپەروەری هێمایە بۆ حکومڕانی باش، پرۆفیسۆر ڤیدمار پێی وتین: (فەلسەفەی حکومڕانی باش ئەوەیە کە حکومڕانییەکی ڕەوایە، ئەوەندەی مومکینە دوورە لەگەندەڵی، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت ئەو خەڵکانەش هەبن کە ئامادەی کارکردنیان تێدابێت، ئەو خەڵکانەی بەشێکن لەدەزگای حکومڕانی، کە بەرپرسیارێتی ئەوەیان لەئەستۆیە ئەو دامەزراوانە بە ڕێکوپێکی کار دەکەن و پێداویستی و بەرژەوەندی و خواستی خەڵك لەبەرچاوەگیرێن. کەواتە حکومڕانی باش بریتییە لەو حکومڕانێتییەی ئەوەندەی مومکینە خۆی لەگەندەڵی و بەرتیلدان ڕزگارکردووە، سیستەمێك نییە لەسەر ئەساسی لایەنداری دروستکرابێت، یان لەسەر ئەساسی ئەوەی کێ داهات و دەسەڵاتی زیاترە. بەلای کەمەوە دەبێت ئازادی ئەوەت هەبێت گوزارشت لەبیروبۆچوونەکانی خۆت بکەیت، دەرفەتی بەدەستهێنانی ئەوەت هەبێت کە پێتوایە ڕاست و ڕەوا و دادپەروەرانەیە، چونکە کاتێك ئەم دەرفەتانە نەڕەخسێنران، ئەوا خەڵکی هەست بە توڕەیی دەکەن، بۆ نموونە لەزۆرێك لەوڵاتانی ناوچەکەی ئێوەدا خەڵك هەست بە بێتوانایی و بێدەسەڵاتی دەکەن، ئەویش یان لەبەر ئەوەی ئەو دامەزراوانە بونیان نییە، یاخود کارکردنی ئەو دامەزراوانە بە چەشنێکە کە تەفزیلی گروپێکی دیاریکراو دەکەن بەسەر گروپەکانی دیکەدا، هەربۆیە دووبارەی دەکەمەوە کێشەکە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا تا چ ڕادەیەك خەڵکی ئازادی ئەوەیان هەیە گوزارشت لەبۆچوونەکانیان بکەن، ئەمەش لەگۆشەنیگا تایبەتیەکەی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی و ئەمریکیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خەڵکی دەرفەتی گوزارشتکردن و دەنگدانیان هەبێت و هەست بکەن بۆچوون و بەرژەوەندیەکانیان بایەخی پێدراوە، زۆرجار ئەمە کێشەیەکی قورسە، بەڵام دەبێت هەوڵبدرێت ڕێگەچارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی هەست نەکەن گۆشەگیرکراون و بێدەسەڵاتن)).

# ئاییندەی کاری ئیسلامیی و پرسیاری نوێ لەوەڵامە کۆنەکان



عەبدولڕەحمان سدیق

زۆرجار ئاماژەم بەو بەڵگە نەویستە کردووە کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤ لەکاتی هەستکردن بە بەهێزیی ناخدا گۆڕان ئەنجام دەدات و لە گۆڕانکاریی ناترسێت و دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەی بەڕووی دەرەوەدا دەکاتەوە، ئەوەش ترسنۆکی و لاواز بوونی مرۆڤە کە تیایدا دەرگاو پەنجەرەکانی دادەخات و نایەوێت گۆڕانکاریی ئەنجام بدات.

لەلای ئەو ئیسلامیيانەی کە هەست بە هێزی خودی ئیسلام دەکەن و لایان وایە ئیسلام هێزی خۆی وا لە هێزی دەقەکانیدا، نوێکردنەوە ئاسانترە هەتا لای ئەوانەی هەمیشە وا ئەزانن ئیسلام لە لاوازیدایە و لەبەردەم هەڕەشەدایە.

لێرەوە ئەزموونەکانی جیهان و ڕووداوەکانی ڕابردوو، داوای بەخۆداچوونەوەیەکی وردو ڕەخنەگرانەی بوێر لەئیسلامییەکانی جیهان دەکەن، بەخۆداچوونەوەیەك کەدووربێت لەحساباتی حزبیی و قازانجی ماددی و بەرژەوەندیی تەسکی تایبەتی.

بەخۆداچوونەوەیەکی لەم جۆرە بە ئاشکرا پێمان دەڵێت کە (بانگەوازی ئایینیی و پەروەردەی ئیمانیی) بەتاکی قازانج نەویست و مرۆڤی ناخ پاك و ڕەفتار چاك و کۆمەڵەی پەروەردەیی ناحزبی دەکرێت، دوور لەحساباتی بەرژەوەندیی و قازانج وزیان.

(حزبایەتی)یش بەکەسە سیاسییەکان و بەحزبێکی سیاسیی خاوەن بەرنامە دەکرێت، کە دەزگاو ئەندامی قازانج ویست و قسەزان و تاکتیك ناس و بەرژەوەندخوازی خۆی دەوێت، بۆیە تێکەڵکردنی هەردوو بوارەکە هەمیشە بۆتە مایەی تێکدانی هەردوو کارەکەو لەناخەوە مرۆڤی تووشی ڕاڕایی و دوودڵییەکی توند کردووە، بەجۆرێك لەناخیدا دەزانێت ئەم تێکەڵکردنە هەڵەیە، بەڵام لەبەر بێ ئیرادەیی یان بەرژەوەندیی یان نەوێران، بێدەنگیی هەڵبژاردووە.

بەڵام لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی گشتیی لەپێش بەرژەوەندیی تایبەتە، بۆیە هەردەبێت، ئەو ڕۆژە دابێت کە (کاری ئاینیی قازانج نەویست) لە(کاری حزبیی بەرژەوەندخواز) جودابکرێتەوە بەدەزگاو دەرگاوە، چونکە ئیسلام ئایینێکی کۆکەرەوەو گشتگیرە لە تیۆر و لەبنەڕەتدا، بەڵام لەپیادەکردندا دابەش دەبێت بەپێی بوارو پسپۆڕێتی کەس و کۆمەڵەکان.

بۆیە جێگەی خۆیەتی بەکورتی چەند ئاماژەیەکی ئەزموونیی بەهەریەك لەبوارەکان بدەین:

یەك: بانگەوازی ئایینیی و پەروەردەی ئیمانیی، کە سەربەخۆیانە کار دەکات بۆ:

یەکەم: هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مەقامی حەکەم بوون لەنێوخەڵکیدا، نەك حاکم بوون بەسەرخەڵکەوە.

دووەم: گواستنەوە لە ئیسلامیی حزبییەوە بۆ ئیسلامی کۆمەڵایەتی و بایەخدان بەکێشە کۆمەڵایەتییەکان و کەرامەتی ئینسان و گوێگرتن لەگرفتەکانی.

سێیەم: گەڕانەوە بۆ بانگەواز و باسکردنی خێری ئایەتول کورسیی، نەك مەشغوڵ کردنی ئینسان و کاسکردنی بە شەڕی کورسی.

چوارەم: گواستنەوە لە خۆخەریك کردن بە ڕابوونەوە — کەقۆناغەکەی بەسەرچوو- بۆخۆخەریك کردن بە نوێکردنەوەوە، چونکە قۆناغی ڕابوون بەرگریی کردن بوو لە شوراو دیوی دەرەوەی ماڵی ئیسلام، بەڵام نوێکردنەوە قۆناغی بایەخدانە بە چاککردنی ناوەوەی ماڵی ئیسلام.

پێنجەم: باوەڕ بەخۆبوون و خۆماڵییکردنی تێگەیشتن لەئیسلام و هەوڵدان بۆ داهێنانی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی کوردانە لەئیسلام و گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ زانایانی مزگەوت و شێخانی تەریقەت و شاعیرانی مەحەببەتی ئیلاهیی و گوتاری تەسەووف و ئەهلی دڵ.

شەشەم: گەڕانەوە بۆ ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردیی و خوێندنەوەی کۆمەڵگەو زانینی پێداویستییە ڕۆحییە ڕاستەقینەکانی و گەڕانەوە لە بایەخدان بە نیشتمانی ئیسلامیی بۆ بایەخدان بەئیسلامی نیشتمانیی.

دوو: هەر حزبێکیش کە لەباکگراوندێکی ئیسلامییەوە دەڕوانێتە جیهان و ڕووداو و دیاردەکان، واچاکە کاربکات بۆ:

یەکەم: گواستنەوە لەخۆ خەریك کردن بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە — کەهەیەو پێویستی بەچاکسازیی هەیە نەك دامەزراندن - بۆ خۆخەریك کردن بە ئیسلامی دەوڵەتەوە، کەئەمە ناوەڕۆکی کاری ئیسلامییە.

دووەم: بەرچاوڕوونیی و زانینی ئەوەی چیت دەوێت، نەك زانینی ئەوەی چیت ناوێت.

سێیەم: خۆ دوورگرتن لە پەیڕەوکردنی ستراتیژییەتی دوودڵیی و ڕاڕایی و سیاسەتی ڕۆژ بەڕێکردن.

چوارەم: وازهێنان لەبەهەدەردانی ڕەنج و ماندووبوونی ئەندامان و گرفت بۆدروستکردن بۆیان بەناوی ئەدەبیاتی میحنەت و ئیبتیلاوە.

پێنجەم: بایەخدان بەئازادیی ڕادەربڕینی نێوخۆیی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات لەنێوخۆدا و گەیشتن بەو یەقینەی کە ئازادیی ئایینیی بەرهەمیی ئایینی ئازادییە.

شەشەم: بەردەوام پرسیارکردن لەویژدان و ناخ :

+ ئایا کاری حزب بۆ بە (ئیسلام)کردنی حوکمە با حاکم هەر کەسێك بێت، یان بۆ (ئیستیلام)کردنی حوکمە بەو مەرجەی حزبەکەی خۆی حاکم بێت؟

+ وێنەی ئەو دەوڵەتەی کاری بۆدەکەی کامەیە؟ دەوڵەت بە چی؟ چۆن؟ کەی؟ بەکێ؟ دەبێتە ئیسلامیی؟

حەوتەم: وازهێنان لە بەکارهێنانی پاشگری (ئیسلامیی) لەناوی حزبی سیاسییدا، بۆئەوەی کەموکورتییەکانی حزب و مرۆڤەکان نەدرێنە پاڵ ئیسلام و ئیسلام بخرێتە سەرووی حزبەوە نەك ژێر حزبەوەو، ئیسلام بکرێتە پێشەنگ، نەك پاشکۆی حزب.

هەشتەم: ئاییندەی کاری ئیسلامیی بە بەردەوامیی پێویستیی بە پرسیاری نوێیە لەوەڵامە کۆنەکانی، نەك سووربوون لەسەر وەڵامی کۆنەکانی بۆ پرسیارە نوێیەکانی سەردەم.

# قەیرانی سوریاو کاریگەریی لەسەر عێراق و ناوچەکە

بەپێچەوانەی ئەوەی کەبیری لێ دەکرایەوە، پێدەچێ شـیعەکانی عێراق زۆر کەیفیان بەهەرەسهێنانی رژێمی حزبی بەعسـی سـوریا نەیەت. ئەوەی ئەمە دەردەخا ریپۆرتاژێکی ئاژانسی فرانس پرێسە کە لە ٢٥ی نیسانی رابـردوودا بلاوکرایەوەو چاوپێکەوتـن و لێدوانی چەند کەسێکی شـیعەی لەخۆ گرتبوو لەوانە سەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و پەرلەمانتارانی لیستی دەوڵەتی یاساو خوێندکارانی نەجەف.

سـەرەڕای ئەوەی کەشـیعەکان پاش هەرەسهێنانی رژێمی پێشوو زۆر لەسیاسەتی سوریا بەرامبەر بەعێراق نیگەران بوون تا ئەو رادەیەی کەسەرەك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی لەهەندێ قۆناغدا بەئاشـکرا رایگەیاند کەسوریا دەسـتی لەتەقینەوەکانی بەغدادا هەیەو بۆتە دەروازەیـەك بۆ دزەکردنی تیرۆریسـتان بۆ ناو عێراق، بـەڵام پێدەچـێ شـیعەکان مانـەوەی رژێمی حزبی بەعسـیان لەهاتنە سـەر کاری رژێمێکی سونی پێ باشتر بێ. ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانی دەدا کەشیعەکان دیدێکی وردیان بۆ ئایندە هەیەو تێڕوانینەکانیان لەژێر کاریگەریی هەستێکی تایفەگەریی فرە هەستیار دایە.

لەسـوریا کەمینـەی عەلەوییـەکان کەگروپێکـە لەستراکتۆری بیروباوەڕدا زۆر لەشیعەوە نزیکە، جومگە سەرەکییەکانی حزبی دەسـەڵاتدار و ئابووری و سوپاو دەوڵەتی بەدەسـتەوەیە. بەپێی ئامـارە نافەرمییەکان عەلەوییەکان ١١،٥٪و سـوننەکان ٦٨،٧٪ی دانیشتوان پێکدێنن. لەساڵی ١٩٦٣وە، واتە لەوەتەی حزبی بەعس بەکودەتا هاتۆتە سـەرکار، لەسـوریا هەست بەبوونی گیروگرفتـی تایفەگەری دەکرێ. ئەمـە بەو واتایە دێ کەهەر گۆڕانێك لەسـوریا رووبدا، لەسـەرەنجامدا بەو ئاکامـە دەگات کە عەلەوییەکان وەك کەمینەیەکی دەسەڵاتدار لەکار بخرێن و سوننەکان کەزۆرینەن دەسەڵات بگرنە دەست.

دەسەڵاتی عەلەوییەکان پێشـینەی مێژوویی خۆی هەیە کەزۆرتر بۆ سـەردەمی سـاڵانی ١٩٢٠-١٩٤٦ دەگەڕێتەوە کەسـوریا تێیدا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بوو. کاتێك فەرەنسـییەکان سوپایان لەسوریا دامەزراند، زۆرتر کەمینەکانیان بۆ سـەربازی هـان دەداو کەمتر سـوننەکانیان هان دەدا. کەمینەکان، لەوانە بەشێوەیەکی سـەرەکی عەلەوییـەکان زۆرتر ئامادەییـان بۆ ژیانی سەربازی تێیدا بوو.


دیارە بەشـێکی گرنگی هۆکانـی پێوەندی کردنی عەلەوییـەکان بەسـوپاوە، بـۆ فاکتـەری ئابووری دەگەڕێتـەوە، چونکە بـاری خراپی گـوزەران زۆرتر کەمینە هەژارەکانی هان دەدا پێوەندی بەسوپاوە بکەن و سوننەکان کە ژیانی ئابووریيان باشتر بوو، زۆرتر خەریکی بازرگانی بوون. بۆیە کاتێك سوریا سەربەخۆیی بەدەست هێنا، ئەو سـوپایەی کەفەرەنسـییەکان لەپاش خۆیان بۆ سـورییەکانیان بەجێ هێشـت، زۆربەی لەسەربازی کەمینەکان پێکهاتبوو.

بەڵام خاڵی وەرچەرخانی پەرەسەندنی رۆڵی سیاسیی عەلەوییـەکان، بۆ سـاڵی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە، کاتێك حزبی بەعس بەکودەتا دەسەڵاتی گرتە دەست. کودەتاکە بووە هۆی لەکارخستنی ٧٠٠ ئەفسەر. نزیکەی نیوەی ئەوانەی لەجێی ئەو ٧٠٠ ئەفسەرە لەکارخراوانە دانران، عەلەوی بوون و نزیکەی ٣٥٪ی ئەندامانی کۆمیسیۆنە سوپاییە بەعسـییەکەی کودەتاش لەعەلەوییەکان پێك هاتبوو. بەپێـی ئەوەی کە دکتۆر نیکـۆلاس ڤان دام لەکتێبەکەیدا دەربارەی ململانێی دەسـەڵات لەسـوریا باسی کردووە، دواتر سەرکردایەتیی باڵای کۆمیسیۆنە سـوپاییەکە کەوتە دەست سێ کەسـەوە کەهەرسێکیان عەلەوی بوون، لەوانە حافز ئەسـەد. ئەوانەش پۆسـتە گرنگەکانی سوپا سالار و فەرماندەیی هێزی ئاسمانی و فەرماندەیی لیوای زرەیی باشووری دیمەشقیان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد.

ناوەرۆکی گۆڕانی سیاسی لەسوریا تەنیا پێوەندیی بەکەوتنی عەلەوییەکان و هاتنە سـەر کاری سـوننەوە نییە، بەڵکو زۆرتر پێوەندیی بەوەوە هەیە کەئەم گۆڕانە نەخشـەیەکی سیاسیی تازە لەناوچەکەدا لەگەڵ خۆیدا دێنێتە دی کەبراوە سەرەکیەکەی عەرەبستانی سعودییە. سـوننەکان جیهانی سـوننی بەقووڵایی سـتراتیجیی خۆیـان دەزانن و ئەگەر لەسـوریا دەسـەڵات بگرنە دەسـت، ئەگەری ئەوە هەیە کەتەوەرێکی بەهێز لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و کەنداودا دروست بکەن. بەم پێیە، کەوتنی عەلەوییەکان رووخساری گەڕانەوەی سوریا بۆ جیهانی سـوننی لەخۆوە دەپێچێ و لەم سـۆنگەیەوە مەسـەلەکە تێکەڵ بەململانێی شیعە-سـوننە دەبێ.

کەوتنی عەلەوییـەکان لاوازبوونی رۆڵی شـیعەکانی لوبنان و پاشەکشەی رۆڵی حیزبوڵلای لێ دەکەوێتەوەو لەبەرامبەریشـدا دەبێتـە مایـەی بەهێزکردنی رۆڵی سوننەکانی لوبنان، جگە لەوەی کە وڵاتێکی وەکو ئێران هاوپەیمانیەتیەکی بەهێزی وەك سوریای لەکیس دەچێ.

بەرامبەر بەعێراقیش، چاوەڕوان دەکرێ سوننەکان هەمان سیاسـەتی رژێمی ئەسەدیان هەبێ، بەڵام دەشێ زۆرتر پشتیوانی لەگروپە سـوننیەکانی عێراق بکەن. ئەگەر فاکتەری تایفەگەری بکەین بەپێوانە، دەشێ چاوەڕوانی ململانێیەکی سـەخت بیـن لەنێوان عێراق و سـوریا، ئەمەش بەم واتایە دێ کەشـیعەکانی عێراق بەخۆڕایی لەگۆڕانی سیاسیی داهاتووی سوریا نیگەران نین و لەم روەوە پاساوی خۆیان هەیە.



فەرید ئەسەسەرد




# هەڵمەتی گەرمی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و

هەموو ڕاپرسییەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن پارتی داد و گەشەپێدان، ئەمجارەش لەپێشەوەی هەموو حزبە سیاسییەکانی تورکیا دەبێت و زۆرینەی دەنگەکان مسۆگەر دەکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە بەو شێوەیە دەبێت کە پارتی داد و گەشەپێدان ئومێدی بۆ دەخوازێت، سەبارەت بەم لایەنە د.محەمەد نورەدین پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر تورکیا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە خوێندنەوەی بۆ هەڵبژاردنەکانی تورکیا کردو وتی: (ڕاپرسییەکان ئاماژە بە ئەگەری گەیشتنی سێ حزب دەکەن بۆ پەرلەمان، پارتی داد و گەشەپێدان AKP، پارتی گەلی کۆماری CHP و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی MHP. ڕاپرسییەکان تەئکید لەوە دەکەن کە هەردوو حزبی یەکەم ڕێژەی لە سەدا ١٠ تەجاوز دەکەن، ئەگەری زۆر ئەوەیە پارتی داد و گەشەپێدان ڕێژەی لە سەدا ٤٠ بۆ ٥٠ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و پارتی گەلی کۆماریش لە نێوان لە سەدا ٢٥ بۆ ٣٠ دەنگەکان مسۆگەر بکات، بەڵام نیشانەی پرسیاری گەورە بریتییە لە پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی MHP، کە ڕێژەی دەنگەکانی ئەم حزبە نزیکەی لە سەدا ١٥یە، ئەم ڕێژەیەش کەم و زیاد دەکات. پێدەچێت هەڵمەتێکی چڕ هەبێت لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە بۆ لاوازکردنی حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شێواندنی وێنەی ئەم حزبە، ئەویش بە ئامانجی دوورخستنەوەی دەنگدەرەکانی کە عادەتەن لە خەڵکانی موحافیزکارن و مەیلی ئیسلامیان هەیە و دەکرێت بە ئاسانی حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی جێبهێڵن و بچنەپاڵ پارتی داد و گەشەپێدان. لەبەر ئەوە حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی، پارتی داد و گەشەپێدان بەوە تۆمەتبار دەکات لە پشتی دزەپێکردنی ئەو وێنە ڤیدیۆیانەوە کە تێیدا هەندێ لە سەرکردەکانی حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی تیا دەردەکەون و لە پێوەندی جەستەییدان لەگەڵ ئافرەتدا. ئێستا پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا ئەم ئابڕوچوونانە کاریگەری لەسەر حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەبێت و ئەم حزبە شکست دەهێنێت لە بەدەستهێنانی ڕێژەی لەسەدا ١٠، یاخود ڕێژەی دەنگەکانی ئەم پارتە زیاد دەکات، ئەویش لە ئەنجامی کاردانەوەی لایەنگرانی لەدژی ئەو هەڵمەتەی حزبەکەیانی کردۆتە ئامانج، بە تەقدیری من ئەگەر ئەم حزبە شکستبهێنێت لە بەدەستهێنانی لەسەدا ١٠ی دەنگەکان، ئەوا پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت دوو لەسەر سێی کورسییەکان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەگەر حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی سەرکەوتوو بێت لە گەیشتن بە پەرلەمان، ئەوا مەحاڵە پارتی داد و گەشەپێدان بتوانێت ئەو کورسیانە زامن بکات. بێگومان سیستمی هەڵبژاردنی تورکیا هەروەك لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٧ دەرکەوت بەشێکی بەرچاوی خەڵکی وڵاتەکە بێبەش دەکات لەوەی بتوانن لەڕێێ ئەو حزبانەی پشتگیریان دەکەن نوێنەریان هەبێت لە پەرلەماندا، لەبەر ئەوە ژمارەیەك لەو حزبانە پاڵێوراوەکانیان وەك پاڵێوراوی سەربەخۆ پێشکەش دەکەن، لەوانە پارتی ئاشتی و دیموکراسی کوردی، دواتر لە پەرلەماندا حزبێك پێکدەهێنن، یاخود بەو شێوەیە لە پەرلەماندا قسە و موناقەشە دەکەن وەك ئەوەی سەر بەو حزبەبن کە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کاریان تێدا دەکرد. بە دڵنیاییەوە پارتی داد و گەشەپێدان پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت و بەلای کەمەوە نیوە کۆ یەکی (٥١٪)ی دەنگەکان مسۆگەر دەکات، واتە ٢٦٧ کورسی، لە کۆی ٥٥٥ کورسی کە کۆی گشتی کورسییەکانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە. بە تەقدیری من پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر دوو بەرە ئیشدەکات، یەکەمیان شکستپێهێنانی حزبی بزووتنەوەی


ژمارە (٨٣٢) ■ ٢٠١١/٥/٣٠



# مەزندەی جیاواز بۆ ئاکامەکانی AKP

نەتەوەییە لە گەیشتن بە پەرلەمان بۆ ئەوەی ببێتە میراتگری دەنگەکانی یاخود بەشێکی زۆری دەنگەکانی بۆ ئەوەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان بباتەوە، ئەوکاتە دەتوانێت زۆر بە ئاسانی هەموارکردنە دەستوورییەکان ئەنجامبدات و ئیسلاحاتە دەستوورییەکان تێپەڕێنێت. بەرەی دووەم بریتییە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی ڕێژەی کورسییەکانی پارتی داد و گەشەپێدان لە ٣٣٠ کورسی کەمتر نەبێت، کە ئەوەش دەنگی پێویستە بۆ ڕوودانی هەر هەموارکردنێکی دەستووری لە پەرلەمان، خۆی هەر هەموارکردنێکی دەستووری دەبێت ٣٦٧ دەنگ بەدەست بهێنێت، واتە دو لەسەر سێی دەنگەکان، بەڵام هەر هەموارکردنێکی دەستووری ئەگەر ئەم ڕێژەیەی بەدەستنەهێنا، ئەوا بۆ ڕەوانەکردنی ئەم هەموارکردنە دەستوورییە بۆ ڕاپرسی شەعبی دەبێت ڕێژەی ٣٣٠ بۆ ٣٧٥ دەنگ بەدەست بهێنێت. لەبەر ئەوە بەڕای من شەڕی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ ئەوەیە زامنی ڕێژەی دوو لەسەر سێی کورسییەکان بکات، کە ئەمەش زەحمەتە، ئەگەر نەشکرا ئەوا دەستەبەرکردنی ٣٣٠ کورسی کە ئەمەش بەو ئاسانیە نییە، کەواتە لە حاڵەتی شکستهێنانی پارتی داد و گەشەپێدان لە بردنەوەی هەر یەك لەم دوو ڕێژەیە، ئەوا لە پەرلەمانی داهاتوودا پێگەی لاواز دەبێت و دووچاری زەحمەتی دەبێتەوە ئەگەرچی ٪٥٠+١ی دەنگەکانیش بباتەوە. ئەمەش بە نیشانەی لاوازی و پاشەکشە دادەنرێت لە دوارۆژی سیاسی ئەم حزبەدا)).

ئەوەی د.محەمەد نورەدین ئاماژەی پێکرد ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پارتی داد و گەشەپێدان لەوانەیە بتوانێت ڕێژەی ٪٥٠+١ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم ڕێژەیە ناتوانێت ئەو ژمارە کورسییەی بۆ مسۆگەر بکات کە لە پەرلەمان بۆ تێپەڕاندنی هەموارکردنی دەستوور پێویستی پێیەتی، بەڵام لەبەرامبەر ئەم بۆچوونە پرۆفیسۆر مازهەر باتلی ئوستادی سیسۆلۆژیا لە زانکۆی گازی ئۆسمانپاشا بۆچوونێکی دیکەی هەیە و پێیوایە پارتی داد و گەشەپێدان دەنگی پێویست دەهێنێت بۆ هەموارکردنی دەستوور و دارشتنی دەستوورێکی نوێ، لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو وتی: (پێموایە پارتی داد و گەشەپێدان ڕێژەی پێویست بۆ گۆڕین و دامەزراندنی دەستوورێکی نوێ بەدەست دێنێ، ڕاپرسییەکانیش ئەمەیان دەرخستووە کە نزمترین ڕێژەی دەسکەوتوو تاوەکو ئێستا بریتییە لە ٪٤٥ زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێ و بەم شێوەیە دەتوانێ بەتەنیا زۆرینە دروست بکات بۆ ریفراندۆم و گۆڕینی دەستوور، پێشموایە AKP کەمتر لە ٪٤٨-٤٧ بەدەست ناهێنێ لە هەڵبژاردنەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئاك پارتی لەگشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە دەنگ بەدەست دێنێ، هەر ئەمەشە کە وایکردووە AKP حکومەت و دەسەڵاتێکی بەهێز دروست بکات. هەربۆیە من پێموایە تورکەکان و کوردەکانیش بەو شێوەیەو لیبرالیەکان هەر بە هەمان شێوە هەروەها نەتەوەپەرست و کۆنسێرڤەتیڤەکانیش دەنگ بە AKP دەدەن، بەڵام شتێکی ئاساییە کە لەهەندێ ناوچە زۆر دەنگ بەدەست دێنێ و لەهەندێ ناوچە کەم دەنگ بەدەست دێنێ. بۆ ئەوەی لە تورکیا بتوانی هەر کێشەیەك چارەسەر بکەی، ئەوا پێویستە سیاسەت و ڕوانگەیەکی وات هەبێ کە بتوانیت دەنگ لە گشت چین و توێژەکان بەدەست بێنی و ئاك پارتیش لەم ڕووەوە تەنیا پارتە کە دەتوانێ ئەمە ئەنجام بدات، بۆیە AKP پارتی گشت تورکیایە و دەتوانێ کێشە و مەسەلەکانی تورکیا چارەسەر بکات و خاوەنی هێزی سیاسی و شارەزایی پێویستە)).

بەڵام هاکان تاهماز سەرۆکی ئەنجومەنی ئاشتی تورکیا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس



مازهەر باتلی بۆ گوڵان:

## مەزندە دەکەم پارتی داد و گەشەپێدان ڕێژەی پێویست بۆ گۆڕین وهەمواركردنی دەستورێکی نوێ بەدەست بێنێت، ڕاپرسیەکانیش ئەمەیان دەرخستووە

لە ڕۆژنامەی (ییَنی شەفەك).لە لێدوانێکی بۆ ئەم ڕاپۆرتە بەجۆرێکی دیکە ڕەوشەکە دەخوێنێتەوە و پێیوایە پارتی داد و گەشەپێدان ئەو دەنگەی لە هەڵبژاردنی پێشوو هێناویەتی ئەمجارە هەمان دەنگ ناهێتەوە، لەمبارەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بێگومان زۆر ئاستەمە کە بتوانم بە وردی سەبارەت بە داهاتوو و هەڵبژاردنەکان بدوێم، بەڵام بەگشتی سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان دەتوانم ئەوە بڵێم کەوا ئاك پارتی دەنگێکی زۆری لەدەست داوە لەم هەڵبژاردنەو ناتوانم بە تەواوەتی بیخەملێنم کە بەڕێژەی چەند دەنگی لەدەست داوە، بەڵام ئەوەی لەتابلۆی هەڵبژاردنەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئاك پارتی چ لە ڕووی دامەزراندنی دەستوورێکی نوێ و چ لەڕووی بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی ئەوتۆی وەك هەڵبژاردنی ڕابردوو لەخۆی دڵنیا نییە، یەکێك لەو شوێنانەی کە ئەم دیاردەیەی زۆر بە زەقی پێوە دیارە بریتییە لە لەدەستدانی پاڵپشتی کورد و لیبراڵەکانی تورکیا بەڕێژەیەکی زۆر، چونکە لە هەڵبژاردنی پێشوودا کوردەکان و لیبراڵەکان پاڵپشتییەکی زۆر گەورەی ئاك پارتییان کردبوو کەچی لەم هەڵبژاردنەدا ئەمە نابینین، بەتایبەتیش لەناوچە کوردییەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار کە هەندێکیان پەیوەستن بە ئاك پارتی و هەندێکی تریشیان پەیوەستن بەو بارودۆخەی ئێستای کوردەکان کە پێیدا تێپەڕدەبن. ئاك پارتی هەڵوێستێکی تایبەتی بەرامبەر بە کوردەکان هەیەو کوردەکانیش هەوڵی دروستکردنی کوتلەیەکی کوردی یەکپارچە دەدەن لەگەڵ دەوروبەرە دیموکراتەکانیان و من پێموایە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، بەڵام بەگشتی ئاك پارتی دەنگێکی زۆری لەدەست داوە و ئامانجەکانی هەڵبژاردنیش وەك ئەوەی کە ئاك پارتی پلانی بۆ داڕێژاوە نابێت بەتایبەتیش بۆ دامەزراندنی دەستورێکی نوێ کە پێویستی بەڕێژەیەکی دیاریکراو هەیە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە، ئەگەر هاتوو ئاك پارتی زۆرینەی کورسییەکانی بەدەست هێنا و ویستی دەستورێکی نوێ بە تەنیا دروست بکات، ئەمە نابێتە دەستورێکی دیموکراتی، بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە ئەوەیان لا پەسەندە کە دەبێ ئاك پارتی تاوتوێی بکات لەگەڵ لایەنەکانی تر و هەموو لایەك بەشداربێ لە دروستکردنی دەستورێکی نوێ، چونکە ئەو دەستوورە هی گشت تورکیایە نەك تەنیا بۆ چین و توێژێکی تایبەت، لەلایەکی دیکە هەروەها لە مەسەلەی حیسابکردنی دەنگەکانیش کێشەیەکی زۆرمان هەیە، چونکە پارتێك بۆ نموونە ٪٣٠ یان ٪٤٠ی دەنگەکان لە سندوقی دەنگدان بەدەست دێنێ کەچی لەناو پەرلەماندا ٪٦٠ کورسیەکان کۆنترۆڵ دەکات هەروەك نموونەی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو. هەر خۆی لە خۆیدا گشت لایەنەکانی تر جگە لە ئاك پارتی ئەوانەی کە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی سڤیل تاد. ئەوە دوپات دەکەنەوە کە ئەم ڕێژەی ٪١٠ شتێکی بێمانایە و چارەسەری کێشەی کوردی زەحمەتتر کردووە. لە کۆتاییشدا حەز دەکەم ئەم نموونەیەتان بۆ بێنمەوە بەم دواییانە کتێبێکی نوێی سەرۆکی گشتی سەربازی بەڕێز ئولکەر باشبوو تەنانەت ئەمیش لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە دادپەروەری دابمەزرێ و ئەم ڕێژەیە هەڵبگیرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. لێرەوەش دەبینین کەوا ئاك پارتی هەوڵی بڵاوکردنەوەی حەق و دادپەروەری دەدات بە ڕێگەیەکی ناحەق و نادادپەروەرانە. بێگومان بەم شێوەیەش لەبەر زەقی نادادپەروەرێتی دیموکراسیەتێك دروست دەبێت، بەڵام نەك ئەو دیموکراسیەتە ڕاستەقینەیەی کە دەمانەوێت ئەمەش کار دەکاتە سەر کێشەکانی ناوەوەی تورکیا و مەسەلەی بە دیموکراسی بوونی تورکیا)).

### بۆ بەدەنگهێنانی دەنگی کورد ئەردۆگان پێش ٦/١٢ پرۆژەکانی رادەگەیەنێت

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەردۆگان ڕوودەکاتە شارە کوردییەکانی تورکیا، ئەمەش بەو نیازەیە کە بتوانێت دەنگی شارە کوردییەکان کۆبکاتەوە، کە پێشتر بەهۆی هەندێك لێدوانیەوە جۆرە پاشگەزبوونەوەیەکی پێوە دیاربوو، تەنانەت ئەمەش وای لەهەندێك ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیا وەك محەمەد عەلی بیراند کردبوو کە سەرسامی دەرببڕن بەرامبەر ئەو لێدوانانەی کە لەمیانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن وتبووی لە تورکیا کێشەی کورد نییە، بەڵکو کێشەی هاووڵاتیانی



محەمەد نورەدین بۆ گوڵان:

## پێموایە تەنها سێ پارت (AKP,MHP, CHP) دەتوانن بچنە ناو پەرلەمانی تورکیاو زۆرینەی دەنگەکانیش بۆ AKP دەبێت

کوردمان هەیە، هەربۆیە گۆڕینی ئاراستەی هەڵمەتەکانی بۆ دیاربەکر و ڕاگەیاندنی بەوەی پێش ١٢ی حوزەیران واتە پیش ڕۆژی دەنگدەدان پرۆژەکانی بۆ دیاربەکر و ناوچە کوردنشینەکانی دیکە ڕادەگەیەنێت، سەبارەت بەم ڕاگەیاندنە زۆر لەچاودێران وای دەخوێننەوە ئەردۆگان مەبەستێتی دەنگی کورد جارێکی دیکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێتەوە، سەبارەت بە گرنگی دەنگی کورد لەم هەڵبژاردنەدا بۆ پارتی داد و گەشەپێدان هاکان تەهماز سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشتی تورکیا لە درێژەی

ئاخاوتنەکەی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی ئەم لایەنەی کرد و وتی: (بەڕێز ئەردۆغان چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ڕایگەیاند کەوا لە تورکیا کێشەیەك نییە بەناوی کێشەی کورد، بەڵکو مەسەلەی برا کوردەکانمان لە ئارادایە، هەروەها وتی ئێمە هەنگاوی پێویستمان لەم بارەیەوە هەڵگرتووە ئەوەی تریش بریتییە لەهەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر هەنگاو و گەشەسەندنەکان لەم بارەیەوە. لێرەشدا لە مەسەلەی نوێنەر دەستنیشانکردنی کوردەکان کێشەمان بۆ دروست بوو و نزیکەی ١٥ ڕۆژە لە ڕۆژنامەکانی تورکیا ڕێکلامەکانی ئاك پارتی بەشێوەی لاپەڕەیەکی تەواو دەردەچن، بەڵام لەم ڕێکلامانەدا هیچ شتێك دەربارەی کێشەی کورد و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەئارادا نییە. تاکە شت کە ئاك پارتی لەم ماوەیەدا دەریخستووە وەك پروپاگەندەی هەڵبژاردن بریتییە لە گەشەسەندن و گەورەبوونی ئابووری تورکیا و گەشەسەندنی بواری بازرگانی هەروەها دروستکردنی ڕێگاوبان و شوێنەکانی نیشتەجێبوون لە ئەنکەراو ئیستانبول تەنیا باس لەم شتانە دەکەن و هیچ شتێك دەربارەی بە دیموکراتبوونی تورکیا یان کێشەی کورد باس ناکرێ. هەروەها لە مەسەلەی دروستکردنی دستوورێکی نوێ باسی ئەوە دەکەن کەوا دەستوورێکی نوێ دادەمەزرێنین ئەمەش لەلایەن خەڵکەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، بۆ لادانی سیستەمی سەرۆکایەتی پێویستیان بەگۆڕانکاری نوێ هەیە لەدەستوور، بۆیە هەوڵی دامەزراندنی دەستوورێکی نوێ دەدەن. بۆیە سەبارەت بە ویست و ئارەزووی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، من هیچ شتێك نابینم)).

هەندێك لە چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئەم لێدوانانەی ئەردۆگان لێدوانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بێت، ئەوا دوای ١٢ی حوزەیران گرنگترین کێشە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، مەسەلەی دیموکراتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەبێت، لەمبارەوە پرۆفیسۆر مازهەر باتلی لە درێژەی لێدوانەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: (پارتی داد و گەشەپێدان ناتوانێت دەستبەرداری چارەسەرکردنی ئەم کێشە بێتەوە، ئەم کێشەیە کێشەیەکی دێرینە و پێوەندی بەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە هەیە، بۆیە کاتێك دێینە سەر باس و هەڵوێستی پارتی داد و گەشەپێدان هەست دەکەین هەنگاوی زۆر باشی هەڵگرتووە، من ناڵێم بەتەواوەتی کێشەکەی چارەسەر کردووە، بەڵام هەنگاوی ئەتۆی هەڵگرتووە کە پێشتر هەڵنەگیراوە)).

د.محەمەد نوردەدین لەسەر هەمان پرس و بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەتر بەمجۆرە باسی لە بایەخی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە تورکیای کرد و وتی: (لە ساڵی ٢٠٠٢دا پارتی داد و گەشەپێدان دەنگێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، ئەویش لەسەر ئەساسی ئەوەی حکومەتە عەلمانی و عەسکەریەکانی پێشوو سیاسەتی سڕینەوەی ناسنامەیان لە دژی کوردەکانی تورکیا پیادەدەکرد، بەڵام هەر لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە و تاوەکو ساڵی ٢٠٠٩ کە هەڵبژاردنی شارەوانی ئەنجامدرا، دەرکەوت ڕێژەی پشتیوانیکردنی کوردەکان بەلای کەمەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە بۆ پارتی داد و گەشەپێدان پاشەکشەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی و نوێنەریی حزبە کوردیەکان، وەك حزبی ئاشتی و دیموکراسی ڕێژەیەکی بەرچاویان لەو هەڵبژاردنانە بەدەستهێنا و ئەمەش زەنگی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ پارتی داد و گەشەپێدان. پارتی داد و گەشەپێدان سەرکەوتوو بوو لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووری، لە کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی دەزگای سەربازی وڵاتەکە لەناو دامەزراوە سیاسییەکاندا، واتە لەم لایەنانەوە ئەزموونێکی سەرکەوتووی هەیە و وێنەیەکی سەرکەوتووی هەیە، بەڵام بە تەقدیری من هەموو ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا پارتی داد و گەشەپێدان بەدەستی هێناون لەسەر ئاستی دیموکراسی، چاکسازی




**هاکان تاهماز بۆ گوڵان:**

**لە تابلۆی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانەوە دەردەکەوێت AKP بۆ بەدەست هێنانی ڕێژەیەکی پێویست، وەک هەڵبژاردنی ڕابردوو لەخۆی دڵنیا نییە**

و ئازادیەکان تەنیا دەستپێك و سەرەتا بوونە بۆ ئەزموونە ڕاستەقینەکە کە دەبێت دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ڕووبەڕووی ببێتەوە. ئەویش بریتییە لە بەهێزکردنی دیموکراسی لەڕێی دوو دەروازەی سەرەکیەوە، یەکەمیان چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دووەمیان چارەسەرکردنی کێشەی عەلەویەکان، هەندێ پرس و مەسەلەی دیکەش هەن دەکرێت دواتر باسی بکرێت. بە لێکدانەوەی من هەندێ ئاماژە و ئیشارەتی زۆر سلبی لە پارتی داد و گەشەپێدان بەدی کراوە، بگرە لە شەخسی ئەردۆغان خۆی، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ئیعتیرافی بە بوونی کێشەی کورد لە تورکیا کرد، زۆر کەس بەم لێدوانە گەشبین بوون، بە تایبەتی کە چوارچێوەی زاڵ لە پارتی داد و گەشەپێداندا چوارچێوەی چاکسازییە، بەڵام پێش چەند هەفتەیەك و لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئەردۆغان وتی شتێك نییە بەناوی کێشەی کورد، واتە پاشەکشەی کرد لە لێدوانەکەی پێشوی، بەڵکو وتی کێشەی هاووڵاتیە کوردەکان هەیە لە تورکیا. پارتی داد و گەشەپێدان هەندێ هەنگاو هەڵدەگرێت کە پێیوایە سەردەکێشن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد)).

سەبارەت بە گرنگی ئەم کێشەیەش وەك هەنگاوێك بۆ نزیکبوونەوە لە یەکێتی ئەوروپا د.محەمەد نوردەدین بەمجۆرە ئاماژەی پێکردو وتی: (یەکێتی ئەوروپا چەندین مەرجی هەیە بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندام تێیدا، ٣٤ فەسڵ هەیە کە دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەنقەرە لەبارەیانەوە تەواو بێت، لەوانە کێشە پێوەندیدارەکان بە دیموکراسی و بە ئازادی بیروباوەڕەوە، واتە کێشەی کورد و کێشەی عەلەویەکان. سەرەڕای هەندێ مەسەلەی دیکە کە پەیوەستن بە چاککردنی سیستمەکەوە، کەواتە تۆپەکە لە ساحەی تورکیایە، واتە بە گوێرەی بەرەوپێشچوونی تورکیا لە مەسەلەی کورد و مەسەلەی عەلەویەکان و کێشەی کەمینە غەیرە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە، لەگەڵ هەندێ کێشەی دیکە وەك مەسەلەی قوبرس، واتە تاوەکو بەرەوپێشچوون لەم کێشانەدا بەدی نەیەت، ئەوا سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان کاریگەری نابێت لەسەر هەوڵەکانی تورکیا بە ئاراستەی یەکێتی ئەوروپا، گرنگ نییە ئەم پارتە سەرکەوتوو بێت لە هەڵبژاردنەکاندا، یاخود چ ڕێژەیەك لە دەنگەکان مسۆگەر دەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئیرادەیەکی جددی پێشانبدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، عەلەوی، قوبرسی و ئەرمەنی، هەموو ئەم مەسەلانەی

# زاخۆی دەلال..
# هاووڵاتیان گرفتی
# ئاوی خواردنەوەیان هەیە





حوسێن خالید قایمقامی قەزای زاخۆ بۆ ( گوڵان ):

# سەرۆکی هەرێم بۆ دامەزرانی ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە زاخۆدا ڕێزی لەداواکاری هاووڵاتییان گرت

زاخۆی دەلال؛ شــارێکە لەسەر زێی خابوورەو شانازی بەدەیان کەڵە هونەرمەندی وەك ئەیــازو ئەردەڵانــەوە دەکات، کاتێك لەســاڵی١٩٦٤ زاخۆ بوو بە قــەزا، ئەم بیرۆکەی بوون بــە قەزایە لەدەرئەنجامی گرنگییەتی جوگرافیایی شــوێنەکەیەوە هات کە کەوتۆتە سەرســنووری تورکیاو ســوریا، دەکرێت بەزاخۆی دەلال بووترێت ئــەو پردەیە کــە کوردســتان بەجیهانی پێشکەوتووی ئەورووپاوە دەبەستێتەوە، هەر بۆیە پێویستە شارەکە لەئاست ئەو واقیعەدا ئامادەیی هەبێت..

جێــی دڵخۆشــی ئێمەش بــوو کاتێك بینیمان کاری نۆژەنکردنەوەی پردی دەلال بەڕێوەدەچێــت. لەلایەکی تــرەوە ئەمڕۆ زاخۆییــەکان گلەییان لەحکومەتی هەرێم هەیــە بــەوەی قەزایەکــی وا قەرەباڵغ و گرنگ بۆ خــۆی نەکراوەتە ئیدارەیەکی ســەربەخۆ، داواش دەکەن ئاوڕێك لە زێی خابــوور بدرێتــەوە، تاوەکــو ئاوەکەی لە پیسبوون بپارێزرێت.



**ئەمساڵیش وەك ساڵانی دیکە گرفتی سایلۆمان دەبێت و بەناچاری کاتێك گەنم و جۆ وەردەگرین لەحەوشەی سایلۆکە دایدەنێین**

کاتێك سەردانی زاخۆمان کرد گۆڕانکارییەکی باش لەبــواری بینایەو پاکوخاوێنی شــارەکەمان بەرچــاو کەوت؛ ئەمە واقیعێکــە لەزۆربەی ئەو قەزایانەی ســەردانمان کردووە نەمانبینی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشــدا کاتێــك هاووڵاتیانمان دوواند، باســیان لەلاوازی تۆڕی ئاوی خواردنەوەو کەمی هەلــی کار بۆ گەنجــەکان دەکــرد، بەتایبەت لەقەزایەکدا کە لەڕووی دانیشتووانەوە بەگەورەترین قەزای هەرێمەکە دادەنرێت، ئەمەجگە لەوەی ١٥ هەزار ئاوارە لەناوچە دابڕاوەکان و شاری موسڵەوە هاتوونەتە ناو شارەکەو بارگرانیشی لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لێکەوتۆتەوە، بەمشــێوەیە ژمارەیــەك لەهاووڵاتیانــی قەزاکە گلەیی و ڕەخنەیان لەئاســتی پێشکەشــکردنی خزمەتگوزارییــەکان هەبــوو، حوســێن خالیــد قایمقامــی زاخــۆ پێــی وابوو نزیکــەی ٢٦٠ هەزار کــەس لەقەزاکە نیشــتەجێیە، ناحیەکانی دەرکاری و باتۆفــە و ڕزگاری لەخۆدەگرێــت، بــەڵام بەهــۆی بارودۆخەکەی سەرســنوورەوە ژمارەیەکی کەم لەگونــدەکان ئاوەدانکراونەتەوە. گەرچی سنووری کەوتۆتە ناوچەیەکی سنووری دەوڵەمەندی کشتوکاڵییەوە؛ هاوکات بەگەورەترین دەروازەی ســنووری ناوچەکــە دادەنرێت. بوونی کەموکورتیش بۆ ئەو وێرانی و فەرامۆشکردنەی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دەگەڕێتەوە کــە قەزاکەمانــی کردبووە ســەربازگەیەك و لە خزمەتگوزارییــەکان بێبــەش کرابووین، ئەنفال و تەرحیل و وێرانکردن بەهاوشــێوەی قەزاکانی ترو ناوچەکانی دیکەی کوردستان زاخۆشی گرتبۆوە.

ئێســتاکە زاخۆ قەرەباڵغتریــن قەزایەو تاکو ئێستا نەکراوەتە ئیدارەیەکی سەربەخۆ کە ویستی دانیشــتووانەکەیەتی، قایمقامــی زاخــۆ دەڵێت : دوای ئــەوەی بڕیــاردرا ســۆران و ڕاپەڕین و هەڵەبجە بکرێتە ئیدارەیەکی سەربەخۆ، ڕاستەوخۆ داخوازیمان پێشکەش بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان کــرد، ئەویش بەسوپاســەوە ڕێزی لــەداواکاری دانیشتووانی قەزاکەمان گرتوو هەڵسەنگاندنیشی بۆ داواکارییەکەمان کردوو بڕیاریدا زاخۆش بکرێتە ئیدارەیەکــی ســەربەخۆ، هــۆکاری دواکەوتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکەش بۆ ئەو بارودۆخە دژوارە دەگەڕێتەوە کە سلێمانی

وناوچەکانی ئەو پارێزگایە لەم دواییەدا بەخۆیەوە بینی، گەرچی تا ئێستا نووسراوێکی فەرمی نییە، بەڵام بڕیاری سەرۆکە زاخۆییەکان دڵنیان کە جێبەجێ دەبێت. سەبارەت بەو ڕەخنانەی کە لەلای هەندێك لەهاووڵاتیان هەبوو بەوەی زاخۆ پشتگوێ خراوە، قایمقامی زاخۆ وتی : (هەرسنوورو ناوچەیەك گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، پێم وایە بەپێی توانا بودجەو پارە بۆ هەر شوێنێك تەرخان کراوە، بەڵام کەموکورتیش هەیەو پێویستی بە کاری جددی و پلانی زانستی هەیە، ساڵانەش بەپێی ئەم پلانە بودجە تەرخان دەکرێت و بەشێوەیەکی شەفاف دەخرێتەڕوو. ئێمە لەسنووری قەزاکەمان لەبواری خزمەتگوزارییەوە گرفت و کەموکوڕیمان هەیە بۆ نموونە لەبواری ئاوو ئاوەڕۆو ڕێگاوبان و تەندروستی و . تاد، کێشەو گرفت هەیە، ئەمەش پێوەندی بەباشتربوونی ژیانی هاووڵاتیان و بەرزبوونەوەی ئاستی داخوازی هاووڵاتیانەوە هەیە، ئێستاکە لەبواری کەرتی پەروەردەیی ٨٦ هەزار قوتابیمان هەیە هەربۆیە ٥ قوتابخانەمان هەیە سێ دەوامی تێدایە، جێی دڵخۆشی و ئومێدی ئێمەشە ساڵ لەدوای ساڵ گرفت و کێشەکان کەمتر دەبێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوتابخانە ئێستا لە زاخۆ ٥ قوتابخانە لەلایەن حکومەت و دوو قوتابخانەش لەلایەن خێرخوازێك لەژێر جێبەجێکردنە، بەڵام سەرەڕای ئەم قوتابخانانە ساڵی داهاتوو دووبارە ژمارەی قوتابیان زیاد دەکات و گرفتەکە سەرهەڵدەداتەوە. سەبارەت بەکەرتی تەندروستیش لەسەردەمی کابینەی پێنجەمدا نەخۆشخانەیەکی ٢٠٠ قەرەوێڵەیی بۆ زاخۆ خراوەتە ژێر جێبەجێکردن و لە ٤٠٪ی تەواو بووەو بەهەمانشێوەش بەبڕیاری پارێزگای دهۆك و لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا نەخۆشخانەیەکی لەدایکبوون و منداڵان لە ژێر جێبەجێکردندایەو لە ٦٠٪ی کارەکانی تەواو بووە.

بەتەواوبوونی ئەو دوو پرۆژەیە کەرتی تەندروستی لەقەزاکەماندا هەنگاوێکی باش بەرەو پێشەوە دەنێت، بەڵام گرفتی پسپۆرایەتی و میلاکاتی کارمەندی پزیشکیمان هەر دەمێنێت، ڕاستە دامەزراندن بۆ پزیشك هەیە، بەڵام خواست لەسەر پزیشك زۆر زیاترە لە ژمارەی دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی بەتایبەتی هەندێك پسپۆرایەتی.

## ئەرکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانییە سایلۆیەکی گەورەترمان لە زاخۆ بۆ دروست بکات.

لەوەڵامی پرسیارێکی گۆڤارەکەماندا بەوەی لەکاتی وەرزی دورینەوەی گەنم کێشەی سایلۆ و گرفتی قەرەباڵغی دروست نابێت، قایمقامی زاخۆ ئەمەی بەکێشەیەکی سەرەکی داناو وتی: ئەمساڵیش بەهەمانشێوەی ساڵی ڕابردوو ڕووبەڕووی گرفتی بێ جێگایی لە سایلۆکەمان دەبینەوە کە لە ساڵی ١٩٧٠ دروستکراوەو لەگەڵ پێداویستی و مواسەفاتی ئەمڕۆدا ناگونجێت، بۆیە گەنم و جۆ کە وەردەگرین لە حەوشەی سایلۆکە دایدەنێین، ئەمە ئەرکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانییە تاسایلۆیەکی گەورەترمان لە زاخۆ بۆ دروست بکات.

## پێویستە حکومەت بۆ کێشەی زێدەڕۆیی چارەسەرێك بدۆزێتەوە

سەبارەت بەو بڕیارەی کە لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە درا بەوەی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی بێتە خوارەوە، قایمقامی زاخۆ بەهەمانشێوە گلەیی و گازندەی هەبوو لەمبارەیەوە پێی وابوو دەرچوونی ئەو بڕیارە بۆ باشتربەڕێوەچوونی کارەکان کارێکی باش بوو، بەڵام دەسەڵاتی ئیداری لەڕووی پراکتیکییەوە دانەبەزیوەتە خوارەوە، بۆ نموونە بڕیاری پەرلەمان هەیە کە ئەو زێدەڕۆییانەی تا ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجامدراوە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی لە دوای ٢٠٠٠ەوە دروستکراوە هیچ بڕیارو ڕێگاو دەسەڵاتێك نییە چارەسەری بکات . پێویستە حکومەت بۆ ئەم کێشەیە چارەسەرێك بدۆزێتەوە بڕیار دەربچێت و دەسەڵاتیش بنێرێتە خوارەوە تا بەزووترین کات کار بۆ چارەسەرکردنی بکرێت، لەبەڕێوەچوونی کارەکانماندا زۆر بەرنامەو پلان و پرۆژە هەیە دوادەکەوێت چونکە دەسەڵاتی ئیداری و دارایمان نییە، بۆ نموونە نەبوونی یەکەی ژمێریاری گەورەترین کۆسپە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی قەزاکەمان و لەلای ئێمە هیچ جۆرە بودجەیەکمان لەبەردەستدا نییە، بۆ هەموو کارێکی بچووك و گەورە دەبێت داواکاری و نووسراو بەرزبکەینەوە و ئەمەش کاتی دەوێت تا بودجەی بۆ دادەنرێت و بەدەم داواکارییەکەمانەوە دێن.

تاکو ئەمڕۆ لەسنووری زاخۆ چەندین گوند هەیە ئاوەدان نەکراونەتەوە بەهۆی بارودۆخی سەرسنوورەکان و بوونی مین و ڕاهاتنی خەڵکی لەسەر ژیانی خۆشگوزەرانی شار. بوونی مین کاریگەری لەسەر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان هەبووە. لەلایەکی ترەوە ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە برا مەسیحی و عەرەبەکان کارو ئەرکەکانی قورستر کردووین و پێویستە ئاستی خزمەتگوزارییەکان فراوانتر بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کرێی خانوو لە زاخۆ گران بووە، پێویستە ئەو ڕاستییەش بوترێت ئەو برا مەسیحییانەی هاتوونەتە زاخۆ لەبنەڕەتدا لە ٩٥٪ی خەڵکی زاخۆن و گوندیان هەیەو چوونەتەوە سەر گوندەکانی خۆیان و لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ١٧٠٠ خانوویان بۆ دروست کراوە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەبا و ڕێگاوبانیان بۆ دامەزراوە.

لەکۆتاییدا قایمقامی زاخۆ وتی: گرنگییەکی باش لەبواری وەرزشی لە زاخۆ دراوەو یاریگایەکی مۆدێرن و بەرفراوان دروستکراوە کە لەداهاتوودا لەسەر ڕووبەری ٥٠ دۆنم زەوی دەبێتە کۆمەڵگایەکی وەرزشی بەر فراوان.

## لە ٤٠٪ی شەقام و کۆڵانەکانی زاخۆ قیرتاوو کۆنکرێت نین

دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی بەیەکێك لە پێداویستیە سەرەکیەکانی هاووڵاتیان دادەنرێت؛ ئەو پێداویستیانەی ڕاستەوخۆ پێوەندی بەهاووڵاتیانەوە هەیە، لەم ڕوانگەیەوە وێستگەیەکی سەردانەکەی گوڵان لەزاخۆ بۆ شارەوانییەکان بوو، تێیدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی موحسین تەها سەرۆکی شارەوانی قەزای زاخۆ کرد، لەو چاوپێکەوتنەدا سەرۆکی شارەوانی تەئکیدی لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکان دەکردەوە کە پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر لە ئاستێکی نزمدا بووەو شەقام و کۆڵانەکانی لە ٦٠٪ی قیرتاونەکرابوون و باخچەو جوانکاری شار فەرامۆشکرابوو، بەپێی وتەکانی سەرۆکی شارەوانی زاخۆ لە ڕێگای پلانێکەوە کار بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان و چارەسەری زۆر بوار کراوە لەم ڕووەوە وتی: تەوەری سەرەکی پلانی شارەوانی بریتی بوو لە ( ئەنجامدانی خزمەتگوزاری شەقام و ئاوەڕۆو باخچەکان – خاوێنکردنەوەی شار- ڕێگرتن لە ئەنجامدانی زێدەڕۆیی- چارەسەرکردنی گرفتی خراپی تۆڕەکانی نێوخۆی ئاوی خواردنەوە) کارکردن لەسەر ئەم تەوەرانە لە شارێکدا کە زێدەڕۆیی زۆری هەبێت و توانا دارایی و ئامێرو کرێکارەکانی شارەوانیش لە ئاستێکی وادا نەبوون ڕووبەڕووی ئەو هەموو کێشەو گرفتە ببنەوە کارێکی جدی و دڵسۆزانەی دەوێت. بەتایبەتی پێویستە ئەوە بزانرێت کە ٧ هەزار زێدەڕۆیی لە ناو شاری زاخۆ هەیە.

## لەساڵی ٢٠١٠ بە بەهای ٧٨ ملیار دینار سێ پرۆژەی گەورەو ستراتیژی لەزاخۆ لە بواری جێبەجێکردندایە

لەم ڕوانگەیەوە ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارە خۆی هێنایە پێشەوە کە ئایا وەکو سەرۆکی شارەوانی ڕازین لە کارەکانتان، لە وەڵامدا وتی : ناتوانین بڵێین هەموو کێشەو گرفتەکان ڕووی لە چارەسەرکردن کردووە، تا ئێستا لە ٤٠٪ی شەقام و کۆڵانەکان قیرتاوو کۆنکرێت نین و هاووڵاتیانی بێزار کردووە بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا، ئەم کەموکوڕییە بەتەنیا پێوەندی بە شارەوانییەوە نییە بەڵکو پێوەندی بەحکومەتەوە هەیە کە تاچەند بودجەو پارەی بۆ خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی داناوە، لەگەڵ ئەمەشدا کارمان کردووە لەساڵی ٢٠١٠ بە بەهای ٧٨ ملیار دینار پلانێکی ڕێکوپێك بۆ زاخۆ داڕێژراوە کە سێ پرۆژەی گەورەو ستراتیژی لە خۆ دەگرێت ؛کە دوو پردو ئۆڤەرباسێکە کە پردێك لەژێر جێبەجێکردندایەو ئەوی تر ئیحالەکراوەو لەم هەفتەیەدا دەکەوێتە ژێر جێبەجێکردنەوە، ئۆڤەر باسەکەش لەداهاتوویەکی نزیکدا دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.



**موحسین تەها سەرۆکی شارەوانی زاخۆ بۆ( گوڵان ):**

# بۆ بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان سیستەمێکی روون و پێشکەوتوو لە ئارادا نییە

**کێشەی خراپی**
**تۆڕی نێوخۆی ئاوی خواردنەوە**

گەیاندنی ئاوی خاوێن بۆ ناو ماڵەکان لە ریزبەندی پێشەوەی داواکاری و خواستەکانی هاووڵاتییان دادەنرێت، ئەمەش لەبەر گرنگی ئەو پێداویستیە، کاتێك لە زاخۆ پرۆژەیەکی گەورەی ئاوی خواردنەوە دابمەزرێنرێت، هاووڵاتی مافی خۆیەتی ئەو پرسیارە ئاڕاستەی کاربەدەستان بکات و پێیان بڵێ لەم قۆناغەو لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و بەرزبوونەوەی تواناو خواستەکان ناکرێت یەك دوو شەو ئاوی خواردنەوە نەبێت ! تا ١٥ ساڵی تر لەشاری زاخۆ گرفتی کەمئاوی نامێنێت، ئەمەش دوای ئەوەی پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە بۆ قەزاکە هاتە ئەنجامدان، بەڵام تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی ناو گەڕەك و سەنتەری قەزاکە خراپەو تا ئێستا چاك نەکراوە، کاتی ئەوە هاتووە تۆڕە کۆنەکە چاك بکرێتەوە، چونکە ئێستا ئەو تۆڕە کۆنە توانای بەرگری هێزی پرۆژە تازەکەی نییە هۆکاری ئەمەشە لەچەندین گەڕەك و شوێن بۆری ئاوخواردنەوە تەقیوەو زیانی گەورەی پێگەیشتووە، ئێستاکە فەرمانگەی ئاوی زاخۆ کە یەکەیەکی ئیداری بەرپرسن لە مەسەلەی ئاو سەرقاڵی چاککردنەوەو راکێشانی چەند تۆڕێکی نێوخۆیین بۆ گەڕەك و شوێنە گشتییەکان .

لەلایەکی ترەوە ئێمە تەنیا گرفتی تۆڕی نێوخۆی ئاوخواردنەوەمان نییە، بەڵکو گرفتی خۆ رزگارکردنیشمان لە زبڵ و خاشاك هەیە، کاتی خۆی شێوازی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك باش نەبوو، بەڵام بەهەوڵێکی زۆرو پاڵپشتی پارێزگاری دهۆك و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار توانیمان پاككردنەوەو فڕێدانی زبڵ و خاشاك بدەین بەکۆمپانیایەك کە تاڕادەیەکی باش شارەکەمان خاوێن بووەوەو سیمای جوان و شارستانیەتی پێوەدیارە، گرفتەکە لەوەدایە زۆرجار کەسانێك هاوکاری باشی ڕاگرتنی جوانی و پاکوخاوێنی شارەکە نین، بەشەو یا لە فرسەتێکدا بەگەلابە خۆڵ و زبڵو خاشاك دەڕژێننە ناو ئاوی خابوورەوە، تەنانەت ئەو زێ بچووك و لقانەی کە ٤٣ کیلۆمەتر دەبن و هەندێکجار تەنیا لە زستاندا ئاویان تێدایە ئەم زێیانە زبڵ و خاشاکی تێدا فڕێ دەدرێت، کۆمپانیاکەش بەشێوەیەکی وەرزی لەگەڵ ڕووباری خابوور ئەم زێ و لقە ڕووبارانەش پاك دەکاتەوە. کێشەی سەرەکی زاخۆ لەوەدایە کە ئاوەڕۆی گەڕەك و شارەکە دێتەوە سەر ئاوی خاپوورو پیسی دەکات، لەماستەرپلانی نوێ یەکێك لەو بابەتانەی ئاماژەی پێکراوەو لە پرۆژەدایە چارەسەر بکرێت، ماستەر پلانیش خۆی لەخۆیدا پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی شارەوانی زاخۆیە کە لەلایەن کۆمپانیای فۆیسنگی ئەڵمانی ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایەو لەچەند بەشێك پێك دێت، کە لەناویدا نەخشەی شارستانی شارو نەخشەی ئاووئاوەڕۆو چۆنیەتی پاككردنەوەی شارو دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین و رێکخستنی هاتوچۆ (ترافیك) لەخۆ دەگرێت، ماستەرپلانیش خزمەتێکی گەورەی شارو هاووڵاتیان دەکات و دەبێتە وەرچەرخان و گۆڕانکاریەکی راستەقینە.

لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا کە لەسەرۆکی شارەوانی زاخۆمان کرد سەبارەت بەگرفتی گەندەڵی و چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی رۆتین و کەموکورتی ئیداری لەمبارەیەوە وتی: لەڕێگای یاسایی و دادگاوە رووبەڕووی هەموو دیاردەیەکی گەندەڵی دەبینەوە، بەبەردەوامیش هەوڵی ئەوەمان داوە کێشەی رۆتین نەهێڵین و مامەڵەی هاووڵاتیان بە خێرایی بەڕێوە دەبەین، وابزانم پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ چاکسازی گڕوتین و پاڵپشتییەکی باشمان دەداتێ بۆ پەرەپێدانی سەرجەم بوارەکان. ئێمە زیاتر کێشەی زێدەڕۆیی و کووژانەوەمان هەیە کە لەڕێگای یاساوە سەرقاڵی چارەسەرکردنین.

**دەسەڵاتی ئەنجومەن و سەرۆکی شارەوانی دیاری نەکراوە**

کاتێك باسی کەموکورتی کرا، گۆڤاری گوڵان راستەوخۆ ئەو پرسیارەی ئاڕاستەی ناوبراو کرد کە ئایا لەغیابی سیستەمێکی مۆدێرن و رێکوپێك کە لەگەڵ بارودۆخی واقیعی پێشکەوتنەکان و چاکسازییەکان ناگونجێت، چۆن رووبەڕووی گرفت و کەموکورتی دەبنەوە؟ سەرۆکی شارەوانیش پێی وابوو سیستەمێکی ڕوون و ئاشکرا نییە تاوەکو کاروبارەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخ و شارستانی بچێت بەڕێوە، چونکە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان کۆنەو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت، گەرچی دووجار لەپەرلەمانی کوردستان هەموارکراوە، کەموکورتییەکانی ئەم بوارە زیاتر دەردەکەوێت کاتێك لەیاساکەدا ئەنجومەنی شارەوانی تێدا نییەو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی دیاری نەکراوە، بۆیە پێویستە ئەم یاسایە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بیگونجێنن، پێشنیار دەکەم بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە کۆنفراسێکی فراوان بۆ پسپۆران و شارەزایان سازبکرێت.